# کۆنگرەی پێنجەم

# پەیام و بەڵگەنامە پەسەندکراوەکان

دیسەمبەری ٢٠٢١

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

**کۆنگرەی پێنجەم**
**پەیام و پەسەندکراوەکان / دیسەمبەری ٢٠٢١**
**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

چاپی یەکەم/ فەبریوەری ٢٠٢٢
تیراژ/ ٥٠٠ دانە

**www.hkkurdistan.org**

# ناوەڕۆک:


★ ڕاگەیاندنی کۆتایی هاتنی کۆنگرەی پێنجەمی
حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان...................... ١

★ لەکۆنگەری چوارەمەوە بۆ کۆنگرەی پێنجەم
ڕاپۆرتی سیاسی سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی ................ ٧

★ مانیفێستی حزب بۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێرانە................ ٤٢

★ بڕیارنامە دەربارەی:
دۆخی سیاسی کوردستانو بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری... ٦١

★ کۆنگرەی سەراسەری نوێنەرانی شووراکانی خەڵک،
بەدیلی دەسەڵاتی میلیشیایی ئێستایە........................ ٦٧

★ دەعوانامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان:
دژی دەسەڵاتی ٣٠ ساڵەی بۆرژوا- ناسیونالیستی کورد....... ٧٥

★ بزوتنەوەی کرێکاریی و ئەرکەکانی حزب...................... ٨٣

★ پەیامەکان................................................... ٨٩

# ڕاگەیاندنی کۆتایی کۆنگرەی پێنجەمی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

ڕۆژانی ١٧ و ١٨ی دیسەمبەر حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بە ئامادەبوونی زۆرینەی ڕەها نوێنەرانی کۆنگرە کە لە ڕێکخستنەکانی حزب لە شارەکانی کوردستان و دەرەوەی وڵات و بە بەشداری شاندێکی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و ژمارەیەکی بەرچاو لە هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی کرێکاری و جەماوەری و کەسایەتی سیاسی، کە وەکو میوان ئامادەبوون، کۆنگرەی پێنجەمی خۆی بەست.

سەرەتا کۆنگرە بە سرودی ئەنتەرناسیونال و دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانبەختکردوانی ڕێگای ئازادی و سۆشیالیزم دەستی بەکارەکانی خۆی کرد. پاشان هاوڕێ خەسرەو سایە ڕاپۆرتی لیژنەی سەرپەرشتیاری کۆنگرەی سەبارەت بە چۆنیەتی کاندیدبوون و بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی نوێنەرانی، پێشکەشکرد و دواتریش نوێنەرانی ئامادەبووی کۆنگرە بە تێکڕای دەنگ ئەنجامی ڕاپۆرتەکەیان پەسەند کرد و بەمجۆرەش کۆنگرە شەرعیەتی قانونی وەرگرت.

دوای پەسەندکردنی پەیڕەو و دەستوری باسەکانی کۆنگرە و هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەری کۆنگرە، وتاری کردنەوەی کۆنگرە لەلایەن هاوڕێ عوسمانی حاجی مارفەوە پێشکەش کرا، کە تێیدا بەخێرهاتنی نوێنەران و

وەفدی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و میوانانی کرد و سەرنجی ئامادەبوانی بۆ گرنگی جێگاورێگا و گرنگی کۆنگرەی پێنجەم ڕاکێشا و دواتریش لە وتەکەیدا لەسەر لایەنە سەرەکیەکانی دۆخی سیاسی ئێستای کوردستان و عێراق و ناوچەکە ڕاوەستا.

پاشان هاوڕێ سەمیر عادل سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عێراق پەیامی حزبی پێشکەش کرد و پیرۆزبایی بەستنی کۆنگرەی پێنجەمی لە نوێنەران و سەرجەم ئەندامانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان کرد و لە درێژەی قسەکانیشیدا ئاماژەی بە گرنگی بەستنی کۆنگرەی پێنجەمی لە ئاستی عێراق و کوردستاندا و لەپەیوەند بەو هەلومەرجەوە کرد کە خەباتی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێش پێیدا تێپەڕدەبێت. پاشان کۆنگرە چووە سەر دەستور باسەکانی خۆی کە پێکهاتبوون لە:

١ /ڕاپۆرتی سیاسی سکرتێری کۆمیتە ناوەندی.

٢ /مانیفێستی حزب بۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە.

٣ /بڕیارنامە دەربارەی دۆخی سیاسی کوردستان و بزووتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری.

٤ /بڕیارنامەی بزووتنەوەی کرێکاری و سەرخەتی ئەرکەکانی ئەم دەورەیەی حزب.

٥ /دەعوانامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان دژی دەسەڵاتی ٣٠ ساڵەی بۆرژا- ناسیونالیستی کورد.

٦ /کۆنگرەی سەراسەری نوێنەری شوراکانی خەڵک، بەدیلی دەسەڵاتی میلیشیایی ئێستایە.

٧ /بڕیارەکان....

٨ /هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی...

لەیەکەمین دەستوری باسەکانی کۆنگرەدا هاوڕێ عوسمانی حاجی مارف ڕاپۆرتێکی سیاسی پێشکەشکرد، کە تیایدا بەوردی سەرەکیترین ئەو ڕوداو و ئاڵوگۆڕە سیاسیانەی خستەڕوو کە لەنێوان دوو کۆنگرەدا ڕویانداوە و کاریگەری بەرجەستەیان لەسەر دۆخی سیاسی عیراق و ناوچەکە و کوردستان و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بووە، هاوکات باسی لە ڕوانین و بۆچوونە فەرمیەکانی حزب لە پەیوەند بە هەرکام لەو روداو و مەسەلانەوە، کرد.

لە دەستوری دووەمی کۆنگرەدا بەڵگەنامەی مانیفێستی حزب بۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێرانە خرایە بەر باسەوە. سەرەتا هاوڕێ ڕێبوار ئەحمەد لە ڕاستای ناساندن و خستنە ڕووی ناوەڕۆک و لایەنە سەرەکیەکانی ئەم بەڵگەنامەیەدا، قسەوباسێکی پێشکەش کرد و ئاماژەی بە هەلومەرجی سیاسی کوردستان و ئەو گرفت و کۆسپانەی لەبەردەم چینی کرێکار و بزووتنەوەی نارەزایەتی جەماوەریدایە کرد و پاشان ڕێگاچارە و ئەڵتەرناتیڤی شۆڕشگێرانە و ئەو هەنگاوانەی کە دەبێ لە ڕاستای کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی میلیشیایی بۆرژوازی کوردا بگیرێتەبەر خستەڕوو.

دۆخی سیاسی کوردستان و بزووتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری، دەستورێکی تری کۆنگرە بوو کە لەلایەن هاوڕێ محسین کەریمەوە پیشکەش کرا، کە تیایدا چووە سەر باسی تایبەتمەندییەکانی دۆخی سیاسی ئێستای کوردستان و بزووتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و چۆنیەتی رابەریکردن و ئاسۆدارکردنی ئەم بزووتنەوەیە، بە ئاقاری پێشرەوی و سەرکەوتنیدا.

بزووتنەوەی کرێکاری و سەرخەتی ئەرکەکانی ئەم دەورەیەی حزب، بریارنامەیەک بوو کە لەلایەن هاوڕێ مەهدی رەسوڵەوە ناسێندرا، هاوڕێ مەهدی رەسوڵ لە وتەکەیدا باسی لە رۆڵ و ئەرکی حزب لە بزووتنەوەی کرێکاری و ئەو هەنگاوانە کرد کە حزب لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری ئاوێزان دەکات.

دەعوانامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان دژی دەسەڵاتی ٣٠ ساڵەی بۆرژاو- ناسیونالیستی کورد، دەستورێکی تری باسەکانی کۆنگرەی پێنجەمی حزب بوو، کە لەلایەن هاوڕێ عەبدوڵا مەحمودەوە پێشکەش کرا، هاوڕێ عەبدوڵا مەحمود لە قسەکانیدا باسی لە وێستگە و برِگە سەرەکیەکانی کارنامەی ٣٠ ساڵەی دەسەڵاتی بزووتنەوەی کوردایەتی و ئەو تاوانکاریانە کرد، کە دەرهەق بە خەڵکی کوردستان ئەنجامی داوە و لێرەشەوە پێویستی ڕاماڵینی ئەم دەسەڵاتەی کردە ئەرکێکی دەستبەجێی ئازادیخوازان جەماوەری مەحروم.

کۆنگرەی سەراسەری نوێنەرانی شوراکانی خەڵک، بەدیلی دەسەڵاتی میلیشیایی ئێستایە دەستورێکی تری کۆنگرە بوو کە لەلایەن هاوڕێ عەبدوڵا مەحمودەوە پێشکەش کرا و تیایدا کۆنگرەی سەراسەری شوراکانی وەکو ئەڵتەرناتیڤی دەسەڵاتی میلیشیایی دوای ڕاماڵینی دەسەڵاتی ئێستا و ئەو ئەرکانەی دەکەوێتە ئەستۆی خستەڕوو.

بە دوای ئەو باس و برِیارنامانەدا، کۆنگرە چووە سەر کۆمەڵێک برِیار کە لەلایەن نوێنەران و کادرانی حزبەوە بە ئاراستەی باشکردنی لایەنەکانی کار و هەڵسورانی حزب پێشنیارکرابوو، لە ئەنجامدا کۆنگرە بەشێک لەو برِیارانەی پەسەندکرد و بەهۆی کەمی کاتەوە بەشێکی تری سپارد بە کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوی کۆنگرە، لەنزیکترین کاتدا، برِیاریان لەسەر

## ڕاگەیاندنی کۆتایی هاتنی کۆنگرەی پێنجەم

بدا و بەناوی کۆنگرەوە بڵاویان بکاتەوە. هەروەها لەنێو بڕیارەکاندا کۆنگرە دانی چەند پەیامێکی پەسەندکرد. لەوانە: پەیام بە چینی کرێکار، پەیام بە گیراوەکانی بادینان، پەیام بە خوێندکاران و ..... هتد.

دوا دەستوری کۆبونەوەکانی کۆنگرەی پێنجەم تایبەت بوو بە هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی کە هاوڕێیان (عوسمانی حاجی مارف، دەشتی جەمال، ئالان مارف، خەسرەو سایە، ڕێبوار عارف، نەغەدە عوسمان، ڕێبوار ئەحمەد، محسین کەریم، عەبدوڵا مەحمود، بنار مستەفا، جەمال موحسین، سەوسەن سەلیم، فوئاد سادق، ئازاد مەجید، مەهدی رەسوڵ، کامەران لەتیف، مستەفا باهیر، مەحمود حەلاق و ئەحمەد عەلی) وەک ئەندامانی ئەسڵی کۆمیتە ناوەندی و هەروەها هاوڕێیان "شاباز مەحمود و دانا ڕەفیق"ی وەکو ئەندامانی ئیحتیاتی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژارد.

بەم جۆرە دوای دوو ڕۆژ لە قسەباس و بەشداری نوێنەران و میوانان، کۆنگرە بە وتاری کۆتایی عوسمانی حاجی مارف و بە سرودی ئەنتەرناسیونال کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

دوا بە دوای کۆنگرە، کۆمیتەی ناوەندی پلنیۆمی ٢٤ی بەست و لەبەر ڕۆشنایی پەسەندکردنی ئارایشی تازەی رابەری، هاوڕێ عوسمانی حاجی مارفی وەکو سکرتێری کۆمیتە ناوەندی هەڵبژارد و هەر یەک لە هاوڕێیان " ئالان مارف، ڕێبوار ئەحمەد، دەشتی جەمال، خەسرەو سایە، مەهدی رەسوڵ، فوئاد سادق، جەمال موحسین، عەبدوڵا مەحمود، ئازاد مەجید" وەکو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و هاوڕێ خەسرەو سایەشی بە سەرۆکی مەکتەبی سیاسی هەڵبژارد.

هەروەها لە بڕگەیەکی تری کارەکانی پلنیۆمی ٢٤ی حزبدا، بڕیاری ڕاوێژکارانی کۆمیتەی ناوەندی پەسەندکرد و هەریەک لە هاوڕێیان " جەلال

سەعید، مونیر جەبار، محەمەد عەبدوڵا، شاهۆ علی و ئاراس ڕەشید“ی وەکو ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژارد. پاشان پلنۆمی ٢٤ ی کۆمیتەی ناوەندی بەپێی بڕیارێکی پەسەندکراو کاتی بەستنی پلینیۆمی ئاینده و کۆنگرەی شەشەمی حزبی دیاری کرد.

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**٢٠ دیسەمبەری ٢٠٢١**

# له کۆنگرەی چوارەمی حزبەوە بۆ کۆنگرەی پێنجەم

## ڕاپۆرتێکی سیاسی گشتی بۆ بەردەم کۆنگرەی پێنجەمی حزب

**هاوڕێیان، نوێنەران و ئامادەبووانی کۆنگرە:**

سەرەتا بە پێویستی ئەزانم سەرنجتان بۆ ئەو خاڵە ڕابکێشم کە مەبەستی من لەم ڕاپۆرتە خستنەڕووی وردی لایەنەکانی هەڵسوڕان و ئەو چالاکیانە نییە کە حزب و ئۆرگانەکانی لەنێوان دوو کۆنگرەدا و لە مەیدانە جیاجیاکاندا ئەنجامی داون. هەروەها ئەم ڕاپۆرتە بۆ ئەوە نییە کە حزب لە ڕوانگەی قەوارەی کار و چالاکیەکانەوە هەڵسەنگێنێ و لایەنە باش و خراپەکانی کارمان دیاری بکات، بەڵکو ئەم ڕاپۆرتە زیاتر لێکدانەوەیەکی سیاسی گشتیە لەسەر ڕۆڵێک کە حزب لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا، لەپەیوەند بە کۆمەڵگە و خەباتی چینایەتی و ئەو ڕووداو و گۆڕانکاریانەدا کە تێپەڕمان کردووە، بخەمە ڕوو. بە مەبەستی ئەوەی بزانین ئەم حزبە ئێستا لەکوێدا وەستاوە و دەبێ داهاتوو بەرەو کوێ بچێ و چ مەلزوماتێک لە خۆی و خەباتی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێشدا ئامادە بکات و لە ئامانجەکانی خۆی نزیک ببێتەوە.

هاوڕێیان نوێنەران و ئامادەبوانی کۆنگرە... لە مەودای نێوان ئەم دوو کۆنگرەیەدا، دەیان ڕووداو و ئاڵوگۆڕی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی گەورە بەرەو ڕووبووینەتەوە، کە کاریگەری بەرجەستەی لەسەر کۆمەڵگەی کوردستان و جێگەوڕێگە و ڕۆڵی بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان داناوە. جەنگ و ملهوری سەربازی، جەنگی ڕاستەوخۆ و بەوەکالەت، دەستێوەردانی دەرەکی، گۆڕانی هاوسەنگی هێز و بلۆکبەندیەکان، ئارایشی تازە، تا دەگات بە کۆرۆنا ڤایرۆس کە بەجیا لە قوربانیانی ملیۆنی، ئاڵوگۆڕێکی گەورەی بەسەر کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا هێنا و لێکەوتەکانی بوونە بەڵای تازە بەسەر چینی کرێکار و جەماوەری بێبەشی دنیاوە. گەر ئەمانە لایەنە سەرەکیەکانی ڕوخساری ئەم ماوەیەن، پرسیار ئەوەیە ڕیشەی ئەم ڕوداوانە لە چیدایە؟

ئەزمەی ئابوری سیستمی سەرمایەداری بە تایبەتیش ئەو ئەزمەیەی لە ساڵی ٢٠٠٨ وە یەخەی سیستمی سەرمایەداری گرت و بۆرژوازی لەگەڵ سەختترین دەورانی مێژووی خۆی ڕووبەڕووکردەوە. هەروەها ناکام مانەوەی ئەمریکا لە سەپاندنی دنیای یەک قوتبی کە باڵادەستی خۆی بەسەر دنیادا زامن بکات، دونیای خستە بەرامبەر سەربڵندکردنەوە و پێگرتنی قوتب و بلۆکبەندی ئابوری و سیاسی نوێ لەپێناو دابەشکردنی ناوچەکانی نفوز و بلۆکبەندی ئابوری و سیاسی و سەربازییەکان. سەرەنجام سازدانەوەی دونیا بە ئاراستەی پێگرتنەوەی چەند قوتبی، بووە واقعیەتێک و کۆمەڵگەی بەشەری ڕاکێشایە ناو دەورەیەکی نوێ لە نائەمنی و تراژیدیای ئینسانیەوە. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەپاڵ چارەسەر نەبوونی گرفتە سیاسی و تەقلیدیەکانی، بووە بنکە و مەیدانی جەنگ و وێرانکاری و کارەساتی زنجیرەیی. بەکردەوە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە مەیدان و

## ڕاپۆرتێکی سیاسی گشتی بۆ بەردەم کۆنگرە..

سەنتیزی یەکلاییکردنەوەی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابورییە قوڵتر و سەراسەرییەکان کە سەرجەم بۆرژوازی جیهانی دەرگیری بوو. میلتاریزەکردنی ناوچەکە و جەنگ و داگیرکاری، هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ و پێکدادنی هێزە میلیشیاکان، تا سەرهەڵدانی داعش و دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام...تاد نمونەگەلێکن کە ڕاستەوخۆ بەرهەمی ململانێی نێوان قوتب و بلۆکبەندییە سەراسەری و ناوچەیەکانی بۆرژوازی بوون و کاریگەریی ڕاستەوخۆ و دوور مەودای لەسەر تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەکە و خودی کوردستانیش بەجێهێشت. لەو نێوەدا ناسیونالیزمی کورد بۆ مانەوەی خۆی و درێژەدان بە دەسەڵاتەکەی و بەرگرتن بە داڕوخان و لاوازبوونی پێگە سیاسیەکەی، و لەوەش زیاتر سوود وەرگرتن و بەهرەبەرداری کردن لە سەرهەڵدانی داعش، لە درێژەی پیشەی خۆیاندا، خۆیان لە چوارچێوەی جەنگی دژە تیرۆر و دژە داعشدا، بە هێزەکانی ئەمریکا و کاراکتەرە ناوچەییەکانەوە گرێدا و بوونە هاوکار و کاراکتەری ئەو هەلومەرجە سیاسی و ئاڵۆزکاو و گێژاوەی ناوچەکە دەرگیری بووە.

بەڵام ئەگەر ئەمانە دیمەنی گشتی و ڕوخساری زاڵی دەورەیەکی دیاریکراو بوون، و لە درێژەی جەنگی کەنداو و داگیرکاری ئەمریکا و ململانێی قوتب و بلۆک بەندیەکانی دنیادا، ڕوویاندابێت، ئەوا قڵشتی چینایەتی قوڵ و نابەرابەری ئابوری و هێرش بۆ سەر سفرەی کرێکاران و جەماوەری بێبەش لە دڵی هەمان هەلومەرجدا هاتەکایەوە و سیاسەتی لێگرتنەوەی ئابوری و شکاندنەوەی ئاکامی ئەزمەی ئابوری بەسەر چینی کرێکاردا جەماوەری کرێکار و ئازایخواز دەرژێنە سەر شەقامەکان. لەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەدا، لە جەرگەی جەنگ و شەڕ و کوشتار و ئاوارەیی و

بێئیرادەکردنی ئینسان و ململانێ و بەریەک کەوتنی بلۆک و قوتبە جیهانیەکاندا، دنیا بووە شاهیدی هاتنە مەیدانی برسیەکان و خوازیارانی ئازادی و شکۆی ئینسانی و لە وڵاتانی باکوری ئەفریقادا " بەهاری عەرەبی" چەخماغەیدا، لە ماوەیەکی کەمدا چەندین دەسەڵاتی رەشی تاڵانچی و دیکتاتۆری گوێ لەمست و نۆکەری هەمان ئەمریکا و غەرب، لەلایەن چینی کرێکار و جەماوەری بێبەشەوە لە کورسی هینرانە خوارەوە و رامالڕان بزووتنەوەی کرێکاری و جەماوەری لە ئێران بێ وەستان پێشرەوی دەکات، هێلەک زەردەکان لە فەرەنسا، شکۆ و توانایی چینی کرێکار بۆ وەلەرزەخستنی بۆرژوازی نیشانی دنیا دەدەن لە لوبناندا جەماوەری ناڕازی حکومەت هەڵدەوشێننەوە. لە تونسدا یاساوڕێسا ئینسانی و ئازادیخوازەکان جێگە بە یاسا و بڕیارە ئیسلامیەکان لێژ دەکەن. لە کۆبانی ژنان و پیاوان دەبنە ڕەمزی تێکشکاندنی داعش و شکاندنی تەلیسمی ترسی ئەو ڕەوتە و نیشانی دەدەن وەستانەوە بەڕووی دڕندەترین هێزدا، بە ئیرادەی ڕێکخراو ئیمکانی هەیە... لە عێراقدا خۆپیشاندان و ڕاپەڕین بە گرتنە بەری دەیان نەریتی شۆڕشگێرانە لە پێناو نان و هەلی کار و خزمەتگوازرییەکان و ئازادییەکان و دەستیوەردانی دەرەکیدا پێدەنێتە مەیدانەوە بە دژی دەسەڵاتی بۆرژوازی عێراق و دەستەو تاقمە میلیشیایەکاندا، حکومەت ناچار بە هەڵوەشاندنەوە دەکات، گاڵتەجاڕیی هەڵبژاردن بەشکست دەکێشێت. لە کوردستانیش، ناڕەزایەتیە جەماوەریەکان بۆ نان و موچە و کار و خزمەتگوزاری یەخەی چینی دەسەڵاتداری گرتووە و تا دێت وەک هێزێکی ئاڵوگۆڕبەخشی چینایەتی خۆی دەنوێنێ.

حزبی ئێمە وەک لایەنێکی سەر بە کەمپی چینی کرێکار و زەحمەتکێشان و شۆڕش و جوڵانەوە ڕزگاری بەخشەکەی، سەرەرای هەر کەموکوڕی و

## ڕاپۆرتێکی سیاسی گشتی بۆ بەردەم کۆنگرە..

ناتەواویەک کە بوویەتی، لەو ڕووداو و وەرچەرخانە سیاسی وکۆمەڵایەتیانەدا، بە لێکدانەوە و هەڵویستگرتن و کاردانەوەی ئەرێنی تایبەت بەخۆی لە مەیداندا بووە و لەبەرامبەر ئەم بارودۆخەدا بە ئاسۆی سۆشیالیستیەوە هەڵوێستگری کردووە و پشتیوانی لەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕ و ئازادیخوازانە کردووە.

بێگومان هەموو ئەو ڕووداو و ئاڵوگۆڕە گەورە و بەرجەستانەی لەسەر ئاستی دنیا و ناوچەکە و عێراقدا ڕوویان داوە، کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگەی کوردستان و ڕەوتی خەباتی چینایەتی و کێشمەکێش و بەریەکەوتن و ڕیزبەندیەکانی بزووتنەوەکان و حزبەکان و سیاسەت و نەخشەکانیان و خەڵکی کوردستان هەبووە. دیارە بەهەمان شێوەش لە نێوان کۆنگرەی چوارەم تا پێنجەم، ئەم ئاڵوگۆڕ و ڕوداوانە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر حزب و کار و هەڵسوڕان و نەخشە و هەنگاوەکانی داناوە. لێرەدا بەر لەوەی بچینە سەر ئەو بڕگە و وێستگانەی کە حزب لەگەڵیان بەرەو ڕوو بووە، پێویستە لە ئاستێکی گشتیدا، ئاماژە بەو فاکتۆرە سەرەکیانە بکەین کە بۆرژوازی بەشێوەی گشتی توشی بن بەست و ناکامی و بێ ئاسۆیی کردووە. لەوێشەوە سەرنج بدەینە جێگەورێگەی بۆرژوازی کورد و ئەو ئەزمە و بێئاسۆییەی دەرگیری بووە:

یەکەم: نەبوونی ئەلگۆیەکی جێگەوتو بۆ ڕێکخستنەوەی پەیوەندی کار و سەرمایە، بۆرژوازی جیهانی ڕووبەڕووی ئەزمە و بێ ئاسۆییەکی گەورە کردۆتەوە. ئەگەر پێشتر بۆرژوازی توانیبووی سیستەم و بازاڕی سەرمایە بە فۆرمی سەرمایەداری دەوڵەتی و ئابوری بازاڕی ئازاد بە دەستێوەردانی دەوڵەت لە حەوزەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەرپا بکات و بۆ دەورەیەک بوژانەوە و پەرەدان لە قەڵەمڕەوی ئابوریدا زامن بکات، ئەوا لەدڵی

ئەزمەی جهیانیدا بەپشت بەستن بە نیولیبرالیزم و بەرەڵاکردنی تەواوەتی بازاڕ و شەپۆلی بەتایبەتیکردنی هەمووو کەرتەکانی وابەستە بە کۆمەڵگە، جگە لەهێرشێکی کەموێنە بۆ سەر ئاستی ژیان و گوزەرانی چینی کرێکار و شانخاڵی کردنەوەی حکومەت لەهەر بەرپرسیاریەتیەکی سەرەکی، نەیتوانیووە ئەلگۆ و ئەڵتەرناتیڤێکی جێگیر بۆ نەزمی بازاڕی ئازاد بە دەستێوەردانی دەوڵەت مەیسەر بکات لە جێگای ئەوە هەڵتۆقینی تۆڕی کۆمپانیاکانی سەر بە ئەحزاب و بنەماڵەی دەسەلاتدار و باڵادەستی کەرتی تایبەتی، بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەری بەدوای خۆیدا هێناوە.

دووەم: لکاندنەوەی کوردستان بە دەوڵەتی قەومی و ئیسلامی عێراقەوە، لە چوارچێوەی فیدرالیزمی قەومیدا، کۆمەڵگەی کوردستانی لەناو گێژاوی سیاسی و ناسەقامگیری و بیئاسۆی و چاوەڕوانیدا ڕاگرتووە، لەلایەکی تریشەوە دەستێوەردان و لەشکرکێشی وڵاتانی ناوچەکە بۆتە حاڵەتێکی ئاسایی و بەردەوام.

سێیەم: بێتوانایی بۆرژوازی کورد لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە، نائینسیجامی و قوڵبوونەوەی قەیرانی دەسەلاتی بەدوای خۆیدا هێناوەو ڕیزەکانی چینی دەسەلاتداری بۆرژوازی کوردی شەق کردووە. نەبوونی ئەلگۆیەکی باو و ئاسایی حکومەت و بەکردەوە نەبوونی هیچ حکومەتێک بەپێناسەکانی حکومەتدارییەوە، کە بتوانێت خاوەن پێگەی سەرتاسەری و ڕۆڵی حکومەتداری بگێڕێت، و ڕۆڵی سەنتەری لەسەرخانی سیاسی کۆمەڵگادا هەبێت. ئەو گرفتە بناغەییەیە کە ڕێگە نادات ئارامی ماوەدرێژ لەبەردەم جوڵەی سەرمایە و بازاڕە جیهانیەکەیدا زامن بکات.

چوارەم: لەدڵی ئەم بێئاسۆییە سیاسی و ئابوری و قەیراناویەدا کە بۆرژوازی ڕووبەڕووی بۆتەوە، سەرهەڵدانی ناڕەزایەتی کۆمەڵایەتی و

جەماوەریە. یەکێک لە لایەنە سەرەکیەکانی کێشەی نێوان باڵەکانی بۆرژوازی و ڕەوت و بزووتنەوەکانی ئەم چینە لەسەر ئەوەیە کامیان دەتوانن ئەم نارەزایەتیە کۆمەڵایەتی و جەماوەریە سەرکوت بکەن و پاشەکشەی پێ بکەن یان لە چاوەڕوانیدا ڕایبگرن.. ئەم واقعیەتە بە ئاستێک گەیشتووە کە ڕەنگی لەسەر توانا و ناکارامەیی ئایدۆلۆژیای بۆرژوازی چینی دەسەڵاتدار، لە نمونەکانی نەتەوەچێتی و ئاینی داوەتەوە و لە هەمانکاتدا بەدوای خۆشیدا ئاستێک لە هۆشیاری کۆمەڵایەتی جەماوەری زەحمەتکێشی بەرامبەر بە دەسەڵات و سیستمەکەی بەرجەستەکردۆتەوە تەنانەت دۆخەکە بە ئاستێک گەیشتووە کە ڕەوتی چاکسازی و پرۆژەکەی بۆ تێپەڕکردنی ئەم دەورەیە لە قەیران و بن بەستی چینی بۆرژوازی کورد و دەسەڵاتەکەی لەلایەن خەڵکی نارازیەوە لەژێر پرسیاردایە و ئەو کارامەییەی کە بۆ لەباربردنی خەباتی جەماوەری هەیبوو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەگەڵ بێ متمانەیی بەرەوڕووکردۆتەوە.

دیارە فاکت و مەسەلەی تر هەن، بەڵام لە ڕاونگەی ئێمەوە ئەمانە ڕۆڵی میحوەری دەگێڕن. ئێستاش بەم پێشەکیەوە دەمەوێت ئاماژەیەک بەو ڕووداو و ویستگانە بکەین کە کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر دۆخی سیاسی کوردستان داناوە حزبی ئێمەش لەهەرکام لەو ویستگانەدا ڕۆڵ و کاریگەری خۆی یان هەڵویست و لێکدانەوەی خۆی بۆی هەبووە.

### جەنگی داعش و موسڵ:

سەرهەڵدانی داعش، لەسەر ژینگە و هەلومەرجی داگیرکاری و ملهوڕیی ئەمریکا و غەرب لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە دیاریکراوی لە ناو سوریا و عێراقی سەنتیزی ململانێی بلۆکە جیهانیەکان و ئامادەیی قوتبە ناوچەیەکاندا،

شکڵی گرت. داعش جارێکی تر بواری بە ئەمریکا و غەرب دا لە ژێر ناوی "جەنگ لەدژی تیرۆردا" بۆ قەرەبووی ناکامیەکانی پێشوویان لە عێراق و ناوچەکەدا، لەشکرکێشی و دەستێوەردانی سەربازی بکەن. لەبەرامبەریشدا ئەو بوارەی کردەوە تا ڕوسیا دوای دەورەیەکی ماوە درێژ لە بێدەخاڵەتی ڕاستەوخۆی سەربازیدا جارێکی تر پێبنێتەوە مەیدان و سود لە شەڕی داعش وەربگرێ بۆ ڕاکێشانی هێز و سوپا و بەکارهێنانی هێزی ئاسمانی و بنکەی سەربازی دابمەزرێنێ... هاوکات ئێران لەلایەک و تورکیا لەلایەکی ترەوە لە ڕێگەی گروپ و هێزەکانی دروستکراو و وابەستە بەخۆیان بوونە بەشێک لە یاریچی لە سوریا و ناوچەکەدا، ئەمە وای کرد تەواوی ناوچەکە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بچێتە ناو دەورەیەکی نوێ لە نائارامی و جەنگ و ململانێی تیرۆریستیەوە.
بەدوای کۆتاییهاتنی شەڕی سەرەکی و سەربازی لە دژی داعش لە سوریادا، شەیپوری جەنگ لە دژی داعش و پاککردنەوەی موسڵ لێیان، لەژێر ناوی شەڕ دژی داعشدا، پەردەیەکی تر لە وێرانکاری و کوشتار و گەورەترین تاوانکاری بەدژی خەڵکی موسڵدا بەدوای خۆیدا هێنا، ئامانجی سەرەکیش لەم جەنگە، نەک رزگارکردنی خەڵکی موسڵ لەدەست داعش نەبو، بەڵکو بۆ ئەمریکا لەپێناو راستکردنەوە باری لاری بوو لەبەرامبەر بلۆکە ڕەقیبە جیهانی و ناوچەییەکانیدا، لەپێشیانەوە ڕوسیا و ئێران. کە دواتر لە ئاکامی ئەم شەڕەدا ئەمریکا نەک نەیتوانی هاوسەنگی هێز بە قازانجی خۆی بگۆڕێت، بەڵکو کەوتە بەرامبەر پاشەکشەیەکی سیاسی تر لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا... بەتایبەتی کە ڕوسیا دەورێکی کاریگەری سەربازی زیاتری بینی.
هەڵوێستی حزب و لێکدانەوەکانی لەم شەڕە شتێکی جیاوازتر بوو لەو

بۆچوون وهەڵوێستانەی ئەو کاتانەی دەخرانە ڕوو. ئێمە ڕامانگەیاند کە ئەم شەڕە تیرۆریستیەی لەلایەک لە نێوان تیرۆریزمی دەوڵەتی جەمسەرە ئیمپریالیستیەکان و دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەرپاکرا و لەلایەکی ترەوە بەرەوڕووی تیرۆریزمی ئیسلامی کرایەوە، بە دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی بەناو "ئازادکردنی موسڵ" پێدەنێتە قۆناغێکی مەترسیدارترەوە. مرۆڤایەتی هاوچەرخ و شارستانی قوربانی ئەوەڵ و ئاخری ئەم شەڕە وێرانکاریەیە، مرۆڤایەتی هاوچەرخ دەبێ دەستبەجێ ڕیزێکی جیاواز و سەنگەرێکی سەربەخۆ لە دژی هەموو لایەنەکانی ئەم شەڕە وێرانکەرە لێبدات.. بەپێی ئەم لێکدانەوەیە هەڵویستی جیاوازی حزب بەکورتی بریتی بوو لەوەی کە مادام جوڵانەوەیەکی سەربەخۆی جەماوەری بۆ مقاوەمەت لەبەرامبەر داعشدا نەکەوتەڕێ، هەر هێز و لایەنێک ئەم بەڵایە لە کۆڵ ناوچەکە بکاتەوە، جێگای مەحکوم کردن نییە، هاوکات حزب ڕایگەیاند کە شەڕی ئەمریکا نە لە دژی تیرۆرە و نە بۆ ڕزگاری شاری موسڵە و لێرەشەوە لە دژی بۆردومان و کاولکردن و ئاوارەکردنی خەڵکی ئەم شارە ڕاوەستا و کەوتە دەرخستن و ئیفشاکردنی ئامانجە گڵاوەکانی پشتی ئەم جەنگەی ئەمریکا.

ناسیونالیزمی کورد لە جەنگی دژە داعشدا، ئامادەیی نیشاندا و بووە لایەنێکی جەنگەکە، بەڵام ئامانجی بۆرژوازی کورد لە بەشداری لەم جەنگەدا بۆ لێدان لە داعش و شەڕ لە دژی تیرۆر نەبوو، بەڵکو بۆ پاراستن و بەرگری لەو ناوچانە بوو کە پێشتر بەهۆی هاتنی داعشەوە دەستی بەسەرداگرتبوون، هەروەها بۆ ئەوەبوو کە پارە و ئیمکانات لە ئەمریکا و دەوڵەتانی ڕۆژئاوا وەربگرێ و هێزەکانیان وەک پاڵپشتێک بۆ خۆی بهێڵێتەوە. بەکورتی خۆگرێدانەوەی ئەحزابی دەسەڵاتداری کورد بە جەنگی

دژە تیرۆری ئەمریکا و هاوپەیمانانەوە بۆ پاراستنی ئەو هێز هاوسەنگیەبوو کە بە هاتنی داعش و کەوتنی موسڵ لە بەرامبەر دەوڵەتی مەرکەزیدا بەدەستی هێنابوو تا دواتر بە قازانجی خۆی لە مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان و ڕیفراندۆمدا سودی لێوەربگرێ.
لەلایەکی دیکەوە حزب بە کردەوە هەوڵی دا کە بەرگری جەماوەری دژی داعش پەرە پێ بدات و لەو ئاڕاستەیەدا چەندین هەنگاوی هەڵگرت وەکو کردنەوەی دەورەی تدریب بۆ ژمارەیەک هەڵسوڕاوی ژن و پیاو لە سلێمانی، سەردانی خانەقین و جەلەولا و سەعدیە و کۆبونەوە لەگەڵ ئەو گروپ و دەستە خۆبەخش و جەماوەریانەی پێک هاتبوون.

**ڕیفراندۆم:**

مەسەلەی ڕیفراندۆم، بارودۆخی کۆمەڵگەی کوردستانی بردە ناو کێشمەکێشێکی بەرینی نێوان هێزە سیاسیەکانەوە و هەڵوێستی جیاواز و کاردانەوەی جۆراوجۆری بەدوای خۆیدا هێنا، ستراتیژی پێ لێ ڕاکێشان و گوشارهێنان بۆ دەوڵەتی مەرکەزی و گەرمکردنی بازاڕی نەوت و ناردنەدەرەوەی لەژێر دروشمی ئابوری سەربەخۆدا، هاتەکایەوە. پارتی و ناسیونالیزمی کورد کارتی ڕیفرامدۆمیان بەدەستەوەگرت تا ئیمتیازاتی زیاتر بەسەر حکومەتی عێراقدا داسەپێنن و پێگەی خۆیان لەدوای تەواوبوونی شەڕی داعشدا بەدەستکەوتی زۆرەوە بپارێزن. ڕیفراندۆم لەگەڵ ئەوەدا، فرسەتی دا بە خەڵکی کوردستان مافی خۆی مومارەسە بکات و بۆئەمەش زۆرینەی خەڵکی کوردستان بەشدارییان کرد و دەنگیان بە سەربەخۆیی دا. هاوکات ڕیفراندۆم دەرفەتێکی ڕەخساند بۆ ئەوەی کێشەی کورد، وەکو کێشەیەکی سیاسی گەورە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا،

بەشێوەیەکی سیاسی چارەسەر ببێت، بەڵام ناسیونالیزمی کورد و حزبە ناسیۆنالیستەکان بەهۆی ئەوەوە کە لەبنەڕەتدا بەرژەوەندی خۆیان لە ژێر کاریگەری فشاری دەوڵەتانی زلهێز و دەوڵەتانی ناوچەکەدا دەبینیەوە و ستراتیژی خۆیان بە پشتیوانی ئەم هێزانە داڕشتبوو، هیچ بەرگریەکیان لەبەرامبەر فشارەکانی ئەم دەوڵەتانەدا لەخۆ نیشان نەدا و هەرزوو پاشەکشەیان کرد و بوونە خاڵی لاوازی ئەم پرۆسەیە. کەوتنە سازش و تەنانەت یەکێتی وەکو دەسکەلای جمهوری ئیسلامی بۆ بەشکست کێشانی ریفراندۆم پێشلەشکری بۆ حەشدی شەعبی کرد بۆ سەر خەڵکی کوردستان. سەرئەنجامیش کەوتنە ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتی ناوەندی و شەتەکدانەوەی چارەنوسی کوردستان بە حکومەتی عێراقەوە.
هەروەها ڕوداوەکانی ١٦ ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ نەک هاوکێشەی نێوان هەولێر و بەغدای پێچەوانە کردەوە و کەیسی ڕیفراندۆمی لەسەر ڕەفەیەک دانا، بەڵکو لەهەمان کاتدا ستراتیژی پارتی لە ئابوری سەربەخۆوە گۆڕی بۆ ناچاری ملکەچ بوون بە ستراتیژی گەڕانەوە بۆ بەغدا و تەسلیمبوون بە زۆربەی بڕیارەکانی دەوڵەتی عێراق.
حزبی ئێمە و تەواوی حزب و لایەنەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری پشتیوانی خۆمان لە ڕیفراندۆمەکە وەک پرەنسیپی "گەڕانەوە بۆ ڕای خەڵکی کوردستان تا بڕیار لەسەر چارەنوسی خۆیان بدەن" ڕاگەیاند و حزبمان بەم شێوەیە هەڵویستی خۆی ڕوونکردەوە "کە هەمیشە پێداگری لەسەر ئەوە کردوە ڕێگاچارەی گونجاو و کارساز گەڕانەوەیە بۆ ڕای خەڵکی کوردستان لە ڕیفراندۆمێکی گشتیدا دەربارەی ئەوەی کە دەیانەوێ جیاببنەوە و دەوڵەتێکی سەربەخۆ پێکبهێنن یان دڵخوازانە و دوور لە هەرجۆرە هەڵاواردنێک لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا بمێننەوە.

بەڵام بەدوای دەنگدانی زۆرینەی خەڵکی کوردستان بە جیابونەوەی کوردستان، جەماوەری خەڵک خرانە ژێر باری گوشار و هەڕەشەی برسیکردن و پەلاماری سەربازی! حکومەت و پەرلەمانی ناسیۆنال-فاشیست و تایفەگەری بەغدا، ڕژێمی مەلا چنگ خوێناویەکانی ئێران، دەوڵەتی فاشیستی ئەردۆگان، دەستیان کرد بە جۆرەها مانۆڕی سەربازی و کەڵبەی خوێناوی سوپا و میلیشیاکانیان نیشانی خەڵکی کوردستان دا، بۆئەوەی ناچاریان بکەن لە بڕیاری ریفراندۆم پەشیمان ببنەوە و مل بدەن بەو بڕیارەی کە بەبێ ویست و ئیرادەی خۆیان چارەنوسی کوردستان بە عێراق دەبەستێتەوە.

**هێرش بۆ سەر شاری کەرکوک:**

ئەوەی لە کەرکوک ڕوویدا تاوانکارییەک بوو کە یەکێتی و پارتی پێکەوە و هەرلایەکیان بە ڕۆڵ و شێوازی خۆی ئەنجامیان دا. لایەکیان دەستی لەگەڵ سوپای پاسداران و حەشدی شەعبی تێکەڵکرد و لایەکەی دیکە هەر بەوجۆرەی خەڵکی شەنگالی بۆ داعش بەجێهێشت، ئاواش خەڵکی کەرکوکی پێشکەش بە حەشدی شەعبی کرد، ئەم شەرمەزاریەی هێزەکانی یەکێتی و پارتی و هەڵاتن و جێهێشتنی خەڵک و سەنگەرەکان لەبەردەم هێرشی حەشدی شەعبیدا جگە لەوەی کە بووە هۆی کارەساتێکی دیکە و ئاوارەبوونی جەماوەرێکی بەرین، لە هەمانکاتدا کاریگەریەکی وێرانکەری دانا لەسەر ئەو گیانی بەرەنگاریەی کە لەلایەن خەڵکی کەرکوک و کوردستان خەریک بوو دەگەشایەوە. جارێکی دیکە هێزەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی لەگەڵ ئەوەی لە چەند ساڵی دەسەڵاتی دوو لایەنەی پارتی و یەکێتی کێشمەکێشی نێوانیان لە شاری کەرکوکدا جگە لە دەستبەسەراگرتنی

سەروەت سامان و تالانی و جەردەیی و خولقاندنی بەردەوامی فەزای قین و شەڕی قەومی و کردنی شاری کەرکوک بە وێرانەیەکی گەورە و نەبونی هیچ جۆرە خزمەتگوزاریەک شتێکی تریان نەکرد، بەم هەڵوێستەی دوای ڕیفراندۆم دوبارە خەڵکیان کردەوە بە قوربانی سیاسەتە بەرژەوەندخواز و کۆنەپەرستانەکەیان.
حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لەکاتێکدا پێداگری توندی لەسەر ئاکامی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان کرد و ئامادەیی بۆ بەرەنگاری نیشاندا و ئەمەی بە دەسکەوتێکی گرنگی خەڵکی کوردستان ناساند، بەڵام ئەم ڕووداوە دۆخی کوردستانی بردە هەلومەرجێکی سیاسی دژوارتر و نالەبارترەوە، قورسایی زیاتر لەسەر ژیان و گوزەرانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و تەشەنەی زیاتری هەژاری، هەر لەم واقعیەتە تاڵەوە بەدوای ڕیفراندۆم و شەڕی کەرکوک، حزبمان پرۆژەی سەربەخۆیی کوردستانی مەترح کرد و کارێکی جدی ڕابەری حزب بوو، بەڵام بە دوای ماوەیەک لە گۆڕینی ئەو واقعە بە فەراهەم بوونی ناڕەزایەتیەکی بەرفراوانی جەماوەری بەرامبەر دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی، لەهەمان کاتدا کەمی کەوادری حزبی بەتوانا ئیمکانی بەردەوامی ئەو پرۆژەیە خاوی تێکەوت و نەتوانرا بەردەوامی پێ بدرێت.

**ناڕەزایەتیە جەماوەریەکان:**

بزووتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری لە درێژەی خۆیدا و بە تایبەتیش بەدوای ١٧ شوباتی ساڵی ٢٠١١ دا، بەدواوە، سەرباری خامۆش بوونەوەی ناو بەناوی، بۆتە واقعیەتیکی بەردەوامی کۆمەڵگەی کوردستان. بۆرژوازی کورد بە دەرگیربوونیان لەگەڵ قەیرانی ئابوری و بێ تواناییان لە

بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا بەناوی چاکسازی کەوتنە بەرنامەی داسەپاندنی سیستەمی پاشەکەوتی زۆرەملێ و نەدانی مووچە و لێبڕین و ژیان و دۆخێکی سەختتریان بەسەر ژیانی کرێکاران و زەحمەتکێشاندا، سەپاند. ئەم دۆخە فەرمانبەران و کارمەندان و خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی ناچارکرد لەبەرامبەر بەم هێرشاندا بە شێوازی جۆراجۆر ناڕەزایەتی دەربڕن؛ هەر لە مانگرتن و بایکۆت و خۆپیشاندان و سوتانی بارەگاکان و گرتن و بەستنی شەقامەکانی تا دەگاتە کۆکردنەوەی دەیان هەزار واژۆ و پێشکەشکردنی دەیان یاداشتی ناڕەزایەتی... ئەم بزووتنەوە ناڕەزایەتیە سەرباری ڕێگریەکانی بەردەمی و نەبوونی ئاسۆیەکی شۆڕشگێرانە و ڕابەریەکی سەراسەری، ئاستێکی باڵاتری لە چۆنیەتی ناڕەزایەتیەکان نیشان دا، ئاستی داواکاریەکان چوونە سەرەوە، ناڕەزایەتیەکان فراوانتر بوون، خۆشباوەڕی بە بانگەشەی چاکسازی و بە هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی بۆرژوازی بە ڕادەیەکی زۆر ڕەوینەوە. لەوانەش واوەتر ئەم بزووتنەوە ناڕەزایەتیە لە درێژەی خۆیدا لەپاڵ بەردەوامی بۆ داخوازیەکانیان، خواستی ڕامالینی دەسەڵاتی بەرزکردەوە و ئێستا ئەم خواستە تا دێت فراوانتر و بەرینتر و سەراسەریتر دەبێتەوە.

ئەزمونی سی ساڵی رابردوو لە خەبات و ناڕەزایەتی هەمەجۆرەی خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان ئەو ڕاستیەی سەلماندووە کە ئەم دەسەڵاتە گوێی بیستنی داخوازی و خواستەکانی خەڵکی نییە. بۆیە تەنانەت دەستەبەرکردنی ئاڵوگۆڕ لە ژیان و گوزەرانی مەینەتباری ئێستا و بەدیهاتنی خواستە دەمودەستەکانی خەڵک گرێی خواردووە بە هاتنەمەیدانی جەماوەر و بەڕێخستنی بزووتنەوەیەکی جەماوەری سیاسی بۆ کۆتاییهێنان بەم دەسەڵاتە و هێنانەسەرکاری دەسەڵاتێک کە پشت بە ئیرادەی سیاسی و

ڕاستەوخۆی خەڵک ببەستێت و ژیان و گوزەران و مافەکانی خەڵک دەستەبەر بکات. دەسەڵاتێک کە ئارامی و جێگیری سیاسی و ژیانێکی شایستە و خۆشگوزەران بۆ خەڵکی کوردستان مسۆگەر بکات.

لەو ڕاستایەدا حزبمان بانگەوازی خەڵکی ناڕازی و شۆڕشگێڕی کوردستان کرد کە بەشێوەیەکی سیاسی و جەماوەری درێژە بە خەبات و ناڕەزایەتی خۆیان بدەن و خۆپیشاندان و مانگرتن و ناڕەزایەتیەکان بگوێزنەوە بۆ ناو گەڕەک و خوێندنگا و زانکۆ و نەخۆشخانە و فەرمانگە و دامەزراوە گشتی و تایبەتیەکان و هاوکات لە هەموو ئەو شوێنانە دەستبەرن بۆ کۆبوونەوەی گشتی و بەرپاکردنی شورا و ئەنجومەنە جەماوەری و شۆڕشگێڕیەکانی خۆیان. بەڵام ناڕەزایەتیەکان لەلایەکەوە لە ڕێگای سەرکوت و داپڵۆسین و چەک و لەلایەکی تریشەوە وەڵام نەدانەوە بە خواستەکانیان پاشەکشەی پێکرا. دیارە نائامادەیی ڕێکخراوەیی و زاڵ نەبوونی ئاسۆیەکی ڕۆشن و مەترح نەکردنی بەدیلی دەسەڵات و لاوازی ئامادەیی کرێکاران بە شێوەیەکی سەراسەری و ڕێکخراوەیی لە ئێستادا پاشەکشەی بە خۆپیشاندانەکان کردووە، بەڵام تورەیی و نەفرەتی جەماوەری بە هێزی خۆیەوە باقیە و وەستان و گەڕانەوەی بۆ نییە. جێگای ئاماژەپێدانە هەرچەند هاوڕێیانمان لە دەستەی ناڕەزایەتیەکاندا ڕۆڵی کارایان هەبوو بەڵام حزب لە ئاستی پێویستدا وەکو ڕابەر و ڕێکخەری بزووتنەوەی ناڕەزایەتی بە ڕۆڵی خۆیەوە دەرنەکەوت. هەڵبەتە نەخۆشی کۆرۆناش کاریگەری زۆری هەبوو لە پاشەکشەپێکردن و خامۆش بوونەوەی ناڕەزایەتیەکاندا. ئەوەی حاشاهەڵنەگرە ئەوەیە کە سەرباری پاشەکشەی کاتیی ئەم بزووتنەوە ناڕەزایەتیە، بەڵام هێزی شاراوەی ئەم بزووتنەوەیە، لەسەر بورکانی ڕق و تورەییدا وەستاوە و هەر ئێستاش لە چەندین شار و

شارۆچکەدا، مامۆستایان، کارمەندان، مامۆستایانی وانەبێژ و خوێندکاران وتوێژە بێبەشەکان بۆ داواکارییەکانیان لە کۆبونەوە و نارەزایەتی و خۆپیشاندان کردندا بەردەوامن، کە ئەمەش ناوکۆکەی دووبارە هاتنەوە مەیدانی بزووتنەوەی نارەزایەتیە لە ئاستێکی فراوانتردا. دەبێ ئەوەش بڵێین بزووتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری ئەگەر دەورەکانی پێشوو زۆتر زۆنی سەوزی گرتبووەوە، بەڵام لە دەورەی دواتردا ناوچەی زۆنی زەرد و ناو جەرگەی پارتی کە بادینانە، گرتەوە و تەلیسمی ترس و تۆقاندن شکا و بەوەش بزووتنەوەی نارەزایەتی هەنگاوێکی گەورەی نا بۆپێشەوە. ئەم بزووتنەوە نارەزایەتیە جەماوەریە کە ریشەی لە بێکاری و برسێتی و گرانی و نەبوونی و سەرکوت و پایماڵ کردنی ماف و ئازادییەکان و نادیاری ئایندەی سیاسی کوردستان و شلۆقی قەوارەی هەرێمدایە... و ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازیش بە تەواوەتی ریسوا و کەنار کەوتووە، باشترین زەمینەی بۆ دەخاڵەتگەری بۆ نەخشەی و ئامانجدرانەی چینی کرێکار و کۆمۆنیزم و حزبی ئێمە، رەخساندووە، دەبێ بۆ ئەو نەبەردە ساز و ئامادە بین.

**پشتیوانی لە خۆپیشاندانەکانی جەماوەری نارازی عێراق:**

خۆپیشاندان و راپەرینی خەڵکی عێراق، بەدژی بێکاری و هەژاری و برسێتی و نەبوونی خزمەتگوازریە سەرەتاییەکانی وەکو ئاوی خواردنەوە و کارەبا... تاد. سەرتاسەری شارەکانی عێراقی گرتەوە و بۆ ماوەی چوار مانگ درێژەی کێشا، روخانی دەسەڵات بەرجەستەترین دروشمی جەماوەری خەڵکی نارازی شارەکانی عێراق بوو. جەماوەری نارازی عێراق لەم خۆپیشاندانانەدا رووبەرووی سەرجەم حزب و لایەنە سیاسیە

بۆرژوازییەکانی عێراق، بە تایفی و قەومی بوونەوە، بارەگای زوربەی حزبەکانیان ئاگردا... بە دژی دەستێوردانی ئێران بوون، وە سەرئەنجام ئەم بزووتنەوە ڕەوا و بەهێزە توانی حکومەت هەڵبوەشێنێتەوە و گورزێکی بەرینیش لە سەرجەم هێز و لایەنە بۆژوازییەکان بدات، لەوەش زیاتر ئیرادەی بەهێزی جەماوەری خۆی نمایش کرد.

دیارە ئەم بزووتنەوەیە کاریگەری زۆری لەسەر کۆمەڵگەی کوردستان و بزووتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری هەبوو، خواستی هاوبەشی جەماوەری عێراق و کوردستان، لە خۆپیشاندانەکانی عێراق و کوردستاندا، بە دژی دەسەلات جارێکی تر پێداویستی هاوئاهەنگی و لێکگرێدانی خەباتی جەماوەری و ناڕەزایەتیەکانی کرێکاران و خەڵک مەحرومی عێراق و کوردستانی بەرجەستەکردەوە. ئێمە وەکو حزبی کوردستان، چ وەکو هاوپەیمانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و چ وەکو پێداویستی هاوخەباتی چینایەتی و خاڵە هاوبەشەکانی خۆپیشاندانەکان لە نێوان بەشەکانی عێراق لەگەڵ کوردستاندا، هەوڵماندا ڕۆڵی خۆمان بگێرین. بەچاوی ئوێیدەوە ڕوانیمانە ئەو بزووتنەوە جەماوەریە. ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە بزووتنەوەی کرێکاری و جەماوەری لەسەر ئاستی سەرسەریدا ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر بزووتنەوەی کرێکاری و جەماوەری کوردستان هەیە وە بەپێچەوانەشە بزووتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری کوردستانیش کاریگەری لەسەر ئاستی عێراق دەبێت، بۆیە پێویستە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو واقعیەتە، هەنگاو و نەخشەی هاوئاهەنگکردنی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی عێراق و کوردستان، یەکیک لە کار و ئەولەویەتەکانی داهاتومان بێت.

هاوکات لەگەڵ خرۆشان و هاتنە مەیدانی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی لە عێراق

و کوردستاندا لە لوبنان و لە ئێرانیش شاهیدی بزووتنەوە و نارەزایەتی کرێکاری و جەماوەری بووین لە دژی سەرکوت و هەژاری و بێکاری و دەیان دەرد و موسیبەتی تر کە یەخەگیری چینی کرێکار و جەماوەری بیبەشی ئەو وڵاتانە بۆتەوە.

خەڵکی هەرسێ ووڵات بە دروشم و خواستی هاوشێوەوە لەپێناو ئازادی و یەکسانی دا هاتبوونە مەیدان، خەڵکی ئازادیخوازی ناوچەکە، کرێکاران و چەوساوەکان، پێکەوە ئەوەیان ڕاگەیاندوە کە بۆ عەدالەت، خۆشگوزەرانی و ئازادی و کۆمەڵگەیەکی ئینسانی و ئارام هاتوونەتە مەیدان. ئەوان خوازیاری بڕینی دەستی دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە و جیهان و هەموو تاوانبارە نەتەوەپەرست و مەزهەبی و بۆرژواییەکانن لە چارەنوسی خۆیاندا. ئەم ڕاستیە نەک هەر تەنها دەوڵەتە کۆنەپەرستە دەسەڵاتدارەکانی لەم سێ وڵاتەدا هەراسان کردبوو، بەڵکو سەرجەم کۆنەپەرستی لە ناوچەکە و جیهانیشدا نیگەران و نارەحەت کردبوو. لەو نێوەدا ڕۆڵی بزووتنەوەی کرێکاری و جەماوەری لە ئێراندا جێگایەکی زۆر تایبەتی هەیە. بزووتنەوەیەک کە ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو پێش دەچێت، خاراوتر دەبێت، یەکگرتووتر و ڕێکخراوتر دەچێتە پێشەوە، ، هاوپشتی و هاوکاری بەشەکان بەیەکەوە، لێک گرێ دەدرێت، خواستەکان ڕۆشنترن و نەریتی خەباتکارانەی زاڵ نەریتی چەپ و کۆمۆنیستیە، چینی کرێکار لە ئێران بە کردەوە بۆتە هەڵگری خواستی سەرجەم جەماوەری بێبەشی ئێران و قسەکەری. هاوکات تەلسیمی ترس و تۆقاندن بەرەو کوژانەوە ڕۆشتووە. ئەم بزووتنەوەیە لە ئێران، بزووتنەوەیەکی ئومێدبەخشە بۆ سەرجەم بزووتنەوەی کرێکاری و جەماوەری نەک تەنها لە عێراق و کوردستاندا، بەڵکو لە تەواوی ناوچەکەدا... بۆیە دەبێ پشتوانی لێبکرێت و دەرس لە ئەزموونی

خەباتکارانەیان وەربگیرێت.
سەرکەوتنی نارەزایەتیەکان و خەباتی ئەم قۆناغە لە هەرسێ وڵاتدا بەستراوەتەوە بە دابینبوونی ئاڵا و ئاسۆی ڕۆشنی سیاسی و ڕادیکاڵەوە، بە یەکگرتوویی کرێکاران و توێژە زەحمەتکێشەکانەوە، بە سەربەزکردنەوەی یەکگرتووانەی چینی کرێکارەوە، بە دابینکردنی ڕابەرایەتی بۆ ئەم نارەزایەتیانە لەلایەن کرێکارانی کۆمۆنیست و حزبە کۆمۆنیستەکانی چینی کرێکارەوە.
سێ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان و عێراق و ئێران حیکمەتی-خەتی ڕەسمی، وەکو سێ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لەناوچەکەدا، دەتوانن ببنە ناوکۆکەی پێکهێنانی بلۆکێکی چەپ و کۆمۆنیستی لەناوچەکەدا کە لەو بارەیەوە نەخشە و هەنگاوی بەکردەوە بخەنە دەستورەوە.

**کۆبانی ومقاوەمەت لەدژی داعش:**
لە جەرگەی سەرهەڵدانی داعش و ئەو وەحشیگەریەی کە ئەم ڕەوتەی ئیسلامی سیاسی هێنایەکایەوە، مقاوەمەتی جەسورانەی جەماوەر لە کوبانیدا، چرایەکی ئومێد و تەجروبەیەکی گرانبەهای هێنایەکایەوە، کە دەنگدانەوەیەکی جیهانی هەبوو بەوەی مقاوەمەتی خەڵک دەتوانێ لەبەرامبەر هێزێکی وەک داعشدا بوەستێتەوە و وەڵامێک بوو بۆ بیرکردنەوەی ئەو لایەنانەی کە پێیان وابو تەنها ئەمریکا دەتوانێ داعش لەناوبەرێت، لە هەمان کاتدا بووە جێگای پشتیوانیەکی فراوانی ئازادیخوازان وچەپ و کۆمۆنیستەکان. لەم بارەشەوە حزب پشتیوانی خۆی لەم حەرەکەتە نیشاندا و لە دەرەوە و لەناوخۆی کوردستاندا، ئەوەی توانی لەئەستۆی گرت. ئەزموونی کۆبانی نیشانی دا کە ئیرادە و پشت بەخۆ بەستن، هەنگاوی

یەکلاکەرەوەیە بۆ بەرگری و دەستبردن بۆ نەریتی شۆڕشگێڕانە، بەڕووی هێز و لایەنە داگیرکار و هێزە ڕەشەکاندا.

**ڤایرۆسی کۆرۆنا:**

سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆرۆنا و تەشەنەکردنی خێرای لە ئاستی جیهاندا، بێتوانایی سیستەمی تەندروستی بۆرژوازی بۆ پاراستنی مرۆڤ بەرامبەر لە بەڵا و کارەساتە ژینگەیی و سروشتیەکان بۆ هەمووو لایەک ئاشکرا کرد. قەیرانێکی کوشندە و هەمەلایەنە بە شێوەیەکی توند و ترسناک نیشان داین و هەلومەرجێکی نوێی لە ئاستی دونیادا پێکهێنا.

ئەگەرچی ئەم قەیرانە لە سیستەمی تەندروستیدا خۆی نواند، بەڵام ڕیشە و سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ قەیرانێکی گشتگیری سیستەمی سەرمایەداری جیهانی، چ لە بەڕێوەبردنی نەزمی سیاسی و ئابوریدا و چ لە دابینکردنی سەلامەتی گیانی و تەندروستی ئینسانەکاندا. ڤایرۆسی کۆرۆنا بێ توانایی و بودەڵەیی نیزامی سەرمایەداری نیشانی دنیا دایەوە. هەڵوەشانەوەی پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و بنیاتنانی کۆمەڵگەی سۆشیالستی تاکە ڕیگاچارەیە کە نەک کۆتایی بە هەموو چەوسانەوەیەک دەهێنێت، بەڵکو بە قازانجی بەشەریەت ڕووبەڕووبوونەوە بەرامبەر کارەسات و بەڵاکانی سروشتیش مسۆگەر دەکات.

خەبات لەدژی پەتای کۆرۆنا و ئەو بارودۆخەی کە بەدوای خۆیدا دەیهێنێ، بەشێکی دانەبڕاوە لە خەباتی سەرجەم چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێشی جیهان بۆ پاراستنی سەلامەتیی ژیان و گوزەرانی ئینسان و لە دژی بێدەربەستی بۆرژوازی بەرامبەر بە ژیان و تەندروستی و ئایندەی چینی کرێکار و هێرشەکانی بۆ شکاندنەوەی باری ئەم قەیرانە بەسەر چینی

کرێکار و خەڵکی زەحمەتکێشدا. لەم بارەیەوە حزبمان ئەوەی ڕاگەیاند کە چینی کرێکار و بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی، پێویستە لە دوو ئاستدا ئامادەبێت بۆ وەڵامدانەوە بەو ئاکامە مرۆیی و ئابوری و کۆمەڵایەتیانەی کە ڕووبەڕووی مرۆڤایەتی و چینی کرێکار دەبێتەوە.

یەکەم: ئەولەویەتی ئێستا پاراستنی ژیانی مرۆڤ و رزگاربوونیەتی لەو بەڵایەی کە بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناوە ڕووبەڕووی بوەتەوە. لەم ڕوەوە هەمووو ئەو هەنگاو و ڕێکارە پزیشکی و تەندروستی و کۆمەڵایەتیانەی کە پێویستن بۆ پێشگرتن بە بڵاوبونەوەی ئەم پەتایە و چارەسەرکردنی، پێویستە ئەولەویەتی سیاسی و عەمەلی ئێمە بێت.

دووەم: بۆ چوونە ناو ئەو جەنگەی کە بۆرژوازی بە پاساوی قەیرانی کۆرۆنا لە دژی ژیان و گوزەرانی چینی کرێکار دەستی پێدەکات، پێویستە چینی کرێکار ئامادەییە سیاسی و فکری و ڕێکخراوەییەکانی بەرێتەسەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاکامە ئابوری و بەدوای ئەویشدا کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان کە بۆرژوازی دەیەوێ بیخاتە سەر شانی چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێش و کەمدەرامەت.

لەم بارەیەوە هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی ئەو پەتایە و ئاستدەنگەیکانی لەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵک، هاوڕێیانی حزبمان بە هاوکاری چالاکوانانی تر تۆڕی هاوکاری کۆمەڵاتەتیان پێکهێنا و لەو بارەیەوە توانییان تا ئاستێک لەکارکردنیان پێداویستیەکان بۆ سەدان خێزان بەدەست بهێنن، لە هەمان کاتدا چاوەڕوان دەکرێت ئەو تۆڕە لە فراوان بونەوەی کارەکانیدا لیژنەی بەڕێوەبەری گەڕەک دروست بکەن و نمونەی شێوازێک لە هێنانە مەیدان و دەوری خەڵک لە بەڕێوەبردنی گەڕەکەکان پێک بهێنن.

**ئەفغانستان و ئەمریکا:**

هاوکاتی دەرد و بەڵاکانی کۆرۆنا، پرۆژەی مامەڵە و ساتوسەودای ئەمریکا لەلایەک و ناکامیەک کە ئەمریکا لەگەڵی بەرەو ڕووبۆوە، ئەمریکای ناچار بە پاشەکشەکرد و دەسەڵاتی ئەفغانستان ڕادەستی تاڵیبان کرایەوە. گەڕانەوەی هێزەکانی تاڵیبان بۆ ناو شارەکانی ئەفغانستان و دوبارە وەرگرتنەوەی دەسەڵاتی سیاسی و دامەزراندنی ئیمارەتی ئیسلامی، بەجیا لەوەی ڕێڕەوی ڕووداوەکان بەگشتی دەورانێکی تر لە چۆنیەتی ململانێی نێوان قوتبە ئیمپریالیەکان نیشان ئەدات. لە هەمان کاتدا ئەوەی بۆ خەڵکی جیهان ڕۆشنکردەوە کە ئامانجی جەنگی ئەمریکا و داگیرکاری ئەفغانستان پێش بیست ساڵ لەمەوبەر نە دژی تیرۆر بوو نە بۆ ڕزگاری خەڵکی ئەفغانستان بووە لە ژێردەستەیی کۆنەپەرسترین هێزی میلیشا و دڕندەیەکی وەک تاڵیباندا، بەڵکو خەڵکی کرانە گەورەترین قوربانی نەخشە و سیاسەتی ئیمپریالیستانەی ئەمریکا بەسەر جیهاندا. ئەفغانستان هەمان هەڵبژاردەی ئەمریکا بوو لە نمونەی عێراق تا بیکاتە مەیدانی ئەو جەنگەی سەودا و مامەڵەی سیاسەتەکانی بۆ باڵادەستی بەسەر جیهانی سەرمایەداریدا پێوە بکات.

دەسەڵاتی تاڵیبان و ئیمارەتە ئیسلامیەکەی کە جێگای نەفرەت و توڕەیی تەواوی خەڵکی ئازادیخواز و ئینساندۆستی جیهانە. بەجیا لەوەی دەوری بەرەنگاری ئازادیخوازان لە ئەفغانستاندا بەرامبەر دەسەڵاتی تاڵیبان لە چ ئاستێکدا دەبێت، بەڵام پێویستی بە پشتیوانیە، بۆیە دەبێت فشارێکی بەرفراون و هەمەلایەنە لە تەواوی جیهاندا بەڕێ بخرێت و ڕێگا نەدرێ دان بەو حکومەتەی تاڵیباندا بنرێ کە دەیەوێ پێکی بهێنێت، لەلایەن تەواوی دەوڵەتان و ڕێکخراوە جیهانیەکانەوە هەروەها نابێ هیچ جۆرە پەیوەندی و

ڕێکەوتنێکی لەگەڵدا ببەسرێت و بزووتنەوەیەکی جەماوەری جیهانی وەها بەر فراوان بەڕێ بخرێت کە شکست بە حکومەت و ئیماراتی ئیسلامی تاڵیبان بهێنرێت. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان ڕایگەیاند کە لەڕیزی پێشەوەی ئەو نارەزایەتیانەدا ڕادەوەستێت کە لەهەر شوێنێکی دنیادا لەبەرامبەر تاڵیباندا پێدەنێتە مەیدانەوە، هاوکاتیش ئەو ڕێکخراو و لایەنانەی پشتیوانی لە دەور و پێگەی تاڵیبان دەکەن، بەتایبەتیش ئەو هێزە ئیسلامیانەی کەلە کوردستاندا پەیامی ئومێد بەخش بە گەڕانەوەی تاڵیبان بڵاودەکەنەوە، سەرکۆنە و ڕیسوا دەکات و دەیانخاتە ڕیزی ئەو شانە نوستوانە کە هاوکاری داعش دەکەن و ڕووبەڕووی نەفرەت و نارەزایەتی هەرئێستای جەماوەری کوردستانیان دەکاتەوە.

**هەڵبژاردنەکانی عێراق ١٠/١٠/ ٢٠٢١ :**

ئەم هەڵبژاردنە لە بنەڕەتەوە هەوڵێک بوو بۆ دەربازکردنی چینی دەسەڵاتدار و حکومەتە فاشیلەکەیان لەو قەیرانە سیاسی و ئابوریە قوڵەی کە یەخەگیری بۆرژوازی بوو. وە هەوڵێک بوو بۆ پاشەکشەپێکردن بە بزووتنەوەی نارەزایەتی فراوانی جەماوەری ساڵی ٢٠١٩ کە حکومەتی عادل عەبدولمەهدی ناچار بە هەڵوەشانەوە کرد. بۆیە وەڵامی ئێمە بە سیناریۆی هەڵبژاردنی دەسەڵاتداران، توندکردنەوەی خەبات و نارەزایەتیەکانمانە لەپێناو ڕوخانی دەسەڵات و هەڵگەڕانەوەی ئەم سیستەمە گەندەڵ و چەوسێنەرەیە کە ژیانی زۆرینەی کۆمەڵگای هاڕیوە.. دەبێ لە درێژەی ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەردا بە جوڵانەوەی نارەزایەتیەکانمان بۆ نان و کار و ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی پەرەپێبدەین و لەم ڕێگایەوە سیناریۆی هەڵبژاردنەکەیان بە شکست بکێشین، بەشداری نەکردنی خەڵکی کرێکار و

زەحمەتکێش بەشێوەیەکی یەکجار فراوان، هەوڵەکانی بۆرژوازی بۆ پاشەکشەپێکردن بە بزووتنەوەی نارەزایەتی بە شکست کێشا و خەڵک چ لەسەر ئاستی عێراق و چ لەسەر ئاستی کوردستان بە نەچوون بۆ دەنگدان دوپاتی "نا" بۆ دەسەڵاتی تالانچی و مافیایی و میلیشیاییان کردەوە.

بەشکستکیشانی هەڵبژاردن و ئالوگۆرێک کە لە ئاکامی ئەو هەڵبژاردنە شکستخواردووەدا بەدیهات، هاوسەنگی نێوان هێزەکانی گۆری و گورزێکی گەورەی وەشاندە سەرجەم لایەنە بۆرژوازییەکانی عێراق، بەتایبەتیش هێز و لایەنەکانی سەر بە ئێرانی توشی پاشەکشەکرد و هاوکاتیش درزی خستە ناو خانەوادەی ئیسلامی سیاسی شیعەکانەوە. ئێستا سەرجەم حزب و باڵەکانی بۆرژوازی عێراق لەگەڵ ئەوەدا سەرقاڵی خۆ دەربازکردنن لە ئاکامی ئەم هەڵبژاردنە و ئەزمەی پێکهێنانی حکومەتدا، هاوکات لەگەڵ ئەگەری پاشەکشەی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا بەرەو ڕوون، کە لێکەوتەکانی دەتوانێت و دەشێت ئاڵوگۆڕی گەورە لە هاوسەنگی هێزەکان و هێزە دەرگیرەکانی ناوچەکە و دەخالەتیان لە عێراقدا پێکبهێنێت و عێراق دەخاتە ناو دەورەیەکی نوێی ململانێی ناوخۆیی و ناوچەییەوە. دیارە لەو نێوەدا ناسیونالیزمی کورد بەجیا لە ئەزمە قوڵ و چارهەڵنەگرەکانی ڕووبەڕووی ئەزمەیەکی تر و بێ ئاسۆییەکی گەورە دەبێت و لە ئاستی عێراق و ناوچەکەشدا پێگەی ڕوو لە داکشان دەکات.

### پەیوەندیمان لەگەڵ حزبی حیکمەتیست-خەتی رەسمی:

کاتێک ناکۆکیەکانی ناوخۆی حزبی حیکمەتی سەریهەڵدا، بەدەر لەوەی کە ئێمە وەکو حزبی هاوپەیمانی ئەو حزبە لە ئاست جیاوازیە سیاسیەکاندا ڕای خۆمان دەردەبری و هەوڵمان دا کە جیابونەوە ڕونەدا، بەڵام لە ئیختلافە

جەناحبەندیەکاندا بە توندی لایەنگری یەکپارچەیی حزب بووین. دواتر بەداخەوە بەدەر لە ئیرادەی ئێمە ئەو حزبە دوو کەرت بوو. بەم بۆنەیەوە ئێمە پەیوەندی خۆمان لەگەل هەردوولادا هەڵپەسارد. وە لە ئیختلافە تەشکیلاتیەکاندا ئێمە لایەنگری هیچ جەناحێکمان نەکرد و تەنها لایەنگری ئیتحادی حزب بووین. پێکهێنانی پەیوەندی و نزیکایەتی و هاوپەیمانی لەگەڵ هەرلایەکیمان سپارد بەوەی لە مەیدانی واقعی سیاسی و پراتیکی و ڕوانگەمان بۆ حیکمەتیزم چەندە لەگەڵ یەک دوور یان نزیکین.

مەسەلەیەک کە گرفت بوو لەسازدانەوەی پەیوەندیەکانمان، کارکردنی هەردوو جەناح بوو لەژێر یەک ناودا. ئێمە ئەمەمان بە مانعێکی جدی دەزانی کە چۆن پەیوەندی لەگەڵ دوو حزب ببەستین کە لە ژێر یەک ناودا کار دەکەن. سەرئەنجام لەم بارەیەوە جەناحی خەتی رەسمی دەستپێشەخەرییان کرد و ئەو کێشەیەیان چارەسەر کرد و ناوی خۆیان جیاکردەوە.

مەسەلەیەکی تر هەڵسەنگاندنی دوری و نزیکیمان بوو لەگەڵ هەر لایەکیان لە مەیدانی سیاسی و پراتیکی و ڕوانگەمان بۆ حیکمەتیزم و ڕووداوەکانی ناوخۆی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری. لەم بارەیەشەوە لە هەمووو ڕووداو و ئاڵوگۆڕە گەورە و بچوکە ناوچەیی و جیهانیەکان و تەنانەت ڕوداوەکانی ناوخۆی کوردستانی عێراقیش، لەگەل خەتی رەسمی نزیکی و هاوفکریمان هەبوو.

خالێکی تر شێوەی مامەڵە بوو لەگەڵ ناکۆکیەکانی ناوخۆی حزبەکانی عێراق و کوردستان بە تایبەت دوای ئەوەی کە دووجار هاوڕێیانێک لە حزبی عێراق جیابونەوە. جەناحی خەتی رەسمی مسئولانە دەخاڵەتیان کرد و تا ئاخرین بوار هەوڵیاندا بەربگرن بەو جیابونەوانە. کاتێکیش بەدەر لە

ویستی ئەوان ڕووداوەکان ڕوویاندا، ئەوان بە مەحکەمی لە پشتی دوو حزبی ئێمە ڕاوەستان.
جگە لەوانە خەتی ڕەسمی هەمیشە بەیان و نوسراوە و چالاکیەکانی دوو حزبی عێراق و کوردستانیان لە بڵاوکراوەکانی خۆیاندا بڵاو کردۆتەوە و پشتیوانییان لە چالاکی و هەڵسورانەکانی حزب کردووە. ئەمانە و زۆر فاکتۆری دیکە پەیوەندیەکانی ئێمەی لەگەڵ خەتی ڕەسمی گەیاندە ئاستی پەیوەندیەکی نزیکتر.

**حزب و بزووتنەوەی کرێکاری:**

لەهەمووو کۆنگرەکانی حزبدا پێداگری لەسەر پێکهێنانی حزبێکی سیاسی دەخاڵەتگەر و کۆمەڵایەتی کراوە. بنەمای هەموو ئەم مەسەلانەش لە پەیوەند بەچینی کرێکار و بزووتنەوەی کرێکاریەوە، سەرنجمان بۆ داوە. ئەگەر لەساڵانێکی پێشووتردا حزب کەمتر کاری لەسەر بزووتنەوەی کرێکاری کردبێت، بەڵام لەم یەک دوو ساڵەی دواییدا، بەهۆی ئەوەوە کە دەورەیەکی تازە لە ناڕەزایەتی کرێکاری لەکەنار ناڕەزایەتیە جەماوەریەکانی چین و توێژەکانی تردا بەڕێکەوتووە، حزبیش سەرنجی چۆتە سەر ئەم لایەنەی کار و سەرەتایەکی دەستپێکردووە. ناڕەزایەتیەکانی ئەم دەورەیەی کرێکاران ئەگەرچی هێشتا مەیلی کۆمۆنیستی تێدا زەعیفە و ئاستی ڕێکخراوبوون لاوازە و لە حاڵەتێکی دیفاعیدایە و زۆرتر خەسڵەتی ڕاوەستانەوەی هەیە بەرامبەر بە دۆخی سەختی کار و ژیانی کرێکاران و ئەو هێرشانەی کە چینی دەسەڵاتدار بۆ سەر ئاستی ژیان و گوزەرانی کرێکاران بەڕێیخستەوە، بەڵام بەکردەوە سیمای قۆناغێک لە بزووتنەوەی کرێکاری لە کوردوستان نیشان دەدات. بەتایبەتی مانگرتنە کرێکاریەکان،

دەست لەکارکێشانەوە و تا داخستنی دەرگای کارگە و بەستنی چوار ڕێگا، کە بە گشتی بۆ خواستی دامەزراندن و سەرفکردنی دەرماڵەی ساڵانە و لەدژی لەسەر کاردەرکردن و..کۆمەڵە خواستێکی تر، شێوە و ڕوخساری ئەم دەورەیەی بزووتنەوەی کرێکاری بەرجەستەدەکاتەوە. حزبی ئێمە لەپەیوەند بەم دەورەیەی بزووتنەوەی کرێکاریەوە ئەزمونێکی تازەی لەخۆی نیشانداوە کە ئەویش لە دەوری بڵاوکراوەی دەنگی کرێکار و ئەو کارانەی کە کۆمسیۆنی کرێکاری پێی هەڵساوە، بەدەستهاتووە. گوزارشتکردن لە دۆخی کار و ژیانی کرێکاران و بردنەسەرەوەی ئاستی تەبلیغاتی حزب لەسەر مەسەلە کرێکاریەکان و ئەو ڕاپۆرتانەی کە هەواڵ و کێشەکانی کرێکارانی لەخۆ گرتووە، تا بارزکردنی هەڵسوڕاوانێکی کرێکاری، هاوکات دامەزراندنی پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کرێکاران و لێک نزیکردنەوەیان لەیەکتر، تا هوشیارکردنەوە و هەوڵدان بۆ ئاشناکردنی کرێکاران بە یاساکانی کار و شێوازەکانی خۆڕێکخراوکردن و کۆمەڵە بابەتێکی تر.. بەگشتی ئەم کارانە سەرەتا و هەنگاوێکی باشی بە ئاڕاستەی دەخاڵەتکردن و تێکەڵ بوون لەخەباتی ڕۆژانەی کرێکاران و ئەم دەورەیەی بزووتنەوەی کرێکاریدا فەراهەم کردووە.

ئەم هەوڵ و تیکۆشانەنی هاوڕێیانی حزب ئەگەرچی گرنگ و بەنرخن بەڵام وەک وتم هێشتا سەرەتایە و دەبێ لەسەر بنەمای ئەم دەستکەوتانە حزب لەگەڵ بزووتنەوەی ڕۆژانە و ئابوری چینی کرێکاردا ئاویزان بێت، دەبێ بەپێی نەخشەیەک و لەجەرگەی ناڕەزایەتیەکانی ئێستای کرێکاراندا، ببێتە فاکتۆری هوشیارکردنەوە و یەکگرتووکردنی کرێکاران و بەهێزکردنی مەیلی کۆمۆنیستی ناو کرێکاران و لێرەشەوە ببێتە ناوکۆکەی شکڵگرنی کۆمیتەی کۆمۆنیستی و ڕێکخراوە جەماوەریەکانی کرێکاران. لەیەک وتەدا

دەبێ دەورەی داهاتوو هەمووو هەوڵ و تەقەلایەکی حزب ڕووەو ئامادەکردنی چینی کرێکار وەک هێزی سەرەکی بۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێرانە، تەوەرە ببەستێت و لە جەرگەی ئەم خەباتەدا ڕیزێکی بەهێز لە ڕابەران و هەڵسوڕاوانی کرێکاری بەرەولای خۆی رابکێشێ و گیانی حزبیەتی کۆمۆنستییان لەنێودا بەهێز بکات و کۆتایی بەو دوریەی نێوان چینی کرێکارو کۆمۆنیزم لەکوردستان بهێنێت.

**ناکۆکیە ناوخۆیەکان:**

مەسەلەیەکی گرنگ کە پێویستە ئاماژەی پێ بدەین دۆخی کۆمۆنیزمی کرێکاریە. ژمارەیەک لە هاوڕێیان لە ژێر ناوی پێداچوونەوە بە باسەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری و مەنسور حیکمەت، لەلایەکەوە دەستیان برد بۆ پرانسیب شکێنی لەئاستی رابەریدا و پاشانیش دەستبەرداری حزب بوون بەهەمان پاساوی بۆچوونی جیاواز و پێداچوونەوە بە باسەکانی کۆمۆنیزمی کرێکارییدا.

لەنێو ئەو دۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتی و چینایەتیەی کە حزب لە ماوەی دوو کۆنگرەدا تێپەڕێ کردووە، دیاردەی دابڕان و جیابوونەوە بەناوی جیاوازی فکری و سیاسی سەری هەڵدا، کەسانێک لە حزب جیابوونەوە و بەناوی گروپی ترەوە ڕاگەیاندنیان بڵاوکردۆتەوە. جیاوازی بۆچوون لەسەر هەندێک مەسەئلی تاکتیکی جێگەی قسەوباس بوون، لەوانە هەڵوێست لەسەر شەڕی موسڵ، ڕیفراندۆم، سەربەخۆیی کوردستان.. بەڵام ئەم جیاوازیانە نەبوونە مایەی دابران لە حزب و لەسەر ئەو بنەمایەش جیابوونەوە و دەستبەرداربوون لە حزب ڕووی نەداوە. هیچ کەس و دەستەیەکیش لە پەیوەند بە ئیختلافێکی سیاسی دیاریکراوەوە خۆی ڕانەگەیاندووە، بەڵکو

زیاتر بەناوی سەرنجدانەوە و چاوخشاندنەوە بە تیۆر و باسەکانی مەنسورحیکمەتدا سەری هەڵداوە. هەڵبەتە دووبارە سەرنجدان و پێداچونەوە کارێکی هەڵە نییە گەر لە ڕەوتی تەکامول پێدان و پێشڕەوی جوڵانەوەکەدا بێت و بەشیک بێت لە پراکتیکی کۆمۆنیستی، ئەوە کارێکی دروست و سود بەخشە لەڕاستای بردنە پێشەوەی وەزیفەکانی شۆڕشی سۆشیالیستیدا. بەڵام تەواوی ئەو کەس و دەستانەی لە حزب جیا بوونەتەوە، تا ئێستا لەو بارەیەوە هیچ دەورێکی پێشڕەوانە و باسێکی تازەیان بۆ پێداچونەوە و ڕەخنەکانیان نیشان نەداوە، هاوکات لەباری سیاسیشەوە نەک هیچ هەنگاوێکی دروست و پێشڕەوانەیان نەناوە، بەڵکو دەوری زۆر نەرێنیان دیوە لە پەرشوبڵاوکردنی ڕیزەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنستیدا. لەلایەکی ترەوە نمونەی نوێنەرایەتی سونەتگەلێکی دواکەوتوانە و ناحزبی و حزب شکاندنیان بەرهەم هێنا، لەوانە باس نەکردن و جەدەل نەکردن لەناوخۆی حزبدا، پیادەنەکردنی ڕێگای دروست بۆ ساغکردنەوەی ڕاستی جیاوازیەکان، یان ڕۆشنکردنەوە و یەکلایی کردنەوەی بۆچوونە جیاوازەکان، کە تائێستاش نەک نەیانتوانی و نەیانویست ئەو کارە بکەن، بەڵکو ئەوانەی ڕۆیشتن بەکارەکەیان کۆمۆنیزمیان بچوکتر نیشاندا و خۆشیان هەنگاوێک نەچونە پێشەوە، بگرە زەربەیان لە کۆمۆنیزم و لە حزب و تەحزبی کۆمۆنستی دا و گەڕانەوە بۆ مەحفەلیزم و کاری گروپ و دەستەی بچوک. دەستیان گیرکردەوە لە مەحفەلیزمێک کە بیست ساڵ زیاترە کۆمۆنیزمی کرێکاری ڕەخنەی لێگرتووە، کەوتنەوە ناو فەزا و دۆخێکەوە لە بێ ئاسۆیی و ناڕۆشنی و ناکۆکیەک لە نێوان کاری گروپی و چۆنیەتی عەمەلی کردنەوەی پێکهێنانی حزبێکی کۆمۆنیستی، تا خۆیان لە بەرامبەر حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریدا نیشان بدەن، بەڵام نە توانیویانە ئەو

کارە ئەنجام بدەن، نە ئاسۆیەکی ڕۆشنیان لەبەردەمدایە بۆ ئەو جۆرە حزبەی تەنها لە زهنی خۆیاندا جێگەی هەیە.

**کوردستان و جیهەت گیریەک بۆ کاری داهاتومان:**

ئەوزاعی کوردستان ڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەریەکانی دۆخی جیهانی و ناوچەکەدایە، بەتایبەتی دۆخی عێراق. بۆرژوازی کورد و دەسەڵاتەکەی بەتوندی لەژێر کاریگەری ئەو فاکتۆرانەدایە کە لەسەرەتای ئەم ڕاپۆرتەدا ئاماژەی پێکراوە.. واتە بنبەست و نەبونی بەدیلی ئابوری لەو قەیرانە ئابوریەدا کە سەرمایەداری جیهانی دەرگیریەتی، قەیرانی حکومەتی و قڵشت لەڕیزەکانی چینی دەسەڵاتداردا و لەمەیداندا بوونی ناڕەزایەتی بەرفراوانی کۆمەڵایەتی و خواستی ڕوخانی دەسەڵات.

ناجێگیری سیاسی و سەرگەردانی هەلومەرجی سیاسی کوردستان بەدوای جەنگی کەنداوەوە لە ساڵی ١٩٩١وە تائێستا واقعیەتێکی بێکۆتایی کوردستان و عێراقە، جا بە هەر جۆر و شێوازێک ئاڵوگۆڕێکی سیاسی لە عێراق و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕوی دابێت، ئەو گێژاو و ناجێگیریە سیاسیە زیاتر خۆی نیشانداوین و قەیران بەدوای قەیران بەشێکی سەرەکی ژیانی دانیشتوانی ناوچەکە بووە.

٣٠ ساڵە بارودۆخی کوردستان لەلایەک کەوتۆتە ناو چوارچێوەی نەخشە و سیاسەت و بەرژەوەندیەکانی دەوڵەتی ئەمریکاوە، لەلایەکی ترەوە کێشمەکێشی وڵاتانی زلهێزی دنیا و هەروەها دەخاڵەتی وڵاتانی ناوچەکە وەک ئێران و تورکیا. لە ناو ئەم واقعیەتەدا هێزەکانی دەسەڵاتدار لە کوردستاندا کە پارتی و یەکێتی و بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانین، کوردستانیان بە زۆنی زەرد و سەوز دابەشکردووە و بوونەتە پاشکۆی

## ڕاپۆرتێکی سیاسی گشتی بۆ بەردەم کۆنگرە..

ئەو هەلومەرجە و پاشکۆی بەرژەوەندی سیاسەتەکەنی وڵاتانی زلهێزی دنیا و وڵاتانی ناوچەکە، لەژێر سێبەری هەلومەرجی ئەو گێژاو و ناجێگیری سیاسیەدا دەسەڵاتی سیاسی بەرێوە دەبەن.
ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێ بدەین کوردستان و عێراق و ناوچەکە لەبەرامبەر ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵوگۆڕێکی تازەن لە کێشمەکێشی وڵاتانی زلهێزی دنیا و ناوچەکە و پاشەکشەی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکادا، لە هەمان کاتدا ئاڵوگۆڕ لە مەوقعیەت و هاوسەنگی ئەو هێزە ناسیۆنالیست و دینی و تائفیانەی لە کوردستان و عێراقدا قۆرخی دەسەڵاتیان کردووە. لەم بارەیەوە پێویستە حزب ئامادە بێت بۆ ناسینەوەی ئەو پێشهات و ئاڵوگۆڕانەی چاوەڕوان دەکرێت، تا بتوانێ وەک هێزێک لە شانۆی سیاسی و ئاڵوگۆڕەکاندا ڕۆڵی خۆی بگێرێت و نەخشە و سیاسەتەکانی عەمەلی بکاتەوە و ئامادەیی و دەوری حزبی کۆمۆنیستی چینی کرێکار بەرجەستە بکاتەوە.
ئەوەی لەم نێوەدا شایانی باسە لە چوارچێوەی ئەم هەلومەرجە و بێدەربەستی و نابەرپرسیاریەتی تەواوی حزبەکانی دەسەڵاتدار و هاوبەشانیان لە دەسەڵاتدا دۆخێکی پر تورەیی و بێزاری و نارەزایەتی وەهای پێکهێناوە، کە بەرزبوونەوەی ئاستی خواست و نارەزایەتیەکانی خەڵکە لەبەرامبەر ئەم دەسەڵاتەدا، بە جیا لە بەرزکردنەوەی هەر خواستێکی وەک موچەو خزمەتگوزاری و پێداویستیەکاندا، نەفرەت لە دەسەڵات و خواستی ڕوخانی ئەم دەسەڵاتە بەرچاوترین دروشمی نارەزایەتیەکان و تورەیی دانیشتوانی کوردستانە، نارەزایەتی لەبەرامبەر هەڵبژاردنەکانی عێراقدا، خۆپیشاندانی دەیان هەزاری کەسی خوێندکاران بەم دواییە، ئەو واقعیەتەی نیشانداین، واتە گەر دەورانێک حزبمان لە چوارچێوەی خەباتی

سیاسیدا بۆ شۆڕشی کرێکاری ڕوخانی ئەم دەسەڵاتەی وەک بەربەستێک بە پێویستی دەزانی، ئێستا خواستی ڕوخانی دەسەڵات، کە وەک بەڵا و کابوسێکە بەسەر خەڵکەوە، پێداویستی و خواستێکی جەماوەریە. بۆیە دەبێت حزبمان ببێتە ڕابەری ئەو نارەزایەتیە و خاوەنی ئەم خواستە و، پەیداکردنی ڕێگاکانی کۆتاییهێنان بەم دەسەڵاتە و تەرحکردنی ئەڵتەرناتیڤی دەسەڵاتی جەماوەری گونجاو لە دابینکردنی دەخاڵەتی ڕاستەوخۆی خەڵک لە دەسەڵاتی سیاسی و دیاریکردنی چارەنوسی خۆیدا.

بارودۆخی قەیرانگرتووی ئێستا و مایە پووچبوونی حکومەت، مەسەلەی وەلانانی دەسەڵاتی ئێستا و کۆتاییهێنان بە سیستەمێکی حوکمڕانی کە بۆرژوازی کورد بۆ چەندین دەیەیە دایسەپاندووە بەسەر کۆمەڵگای کوردستاندا، بۆتە ئەرکێکی خێرای سەرشانی چینی کرێکار و بێبەشانی کۆمەڵگا. توڕەیی و نارەزایەتی ئێستای خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش، لەگەڵ ئەوەدا کە لەدژی بێکاری و هەژاری و نەبوونی خزمەتگوزاری و نەدانی مووچە و تاڵانوبڕۆی ئەحزابی دەسەڵاتداردا خۆی دەنوێنێ، بەڵام لە ناوەرۆکدا بزووتنەوەیەکی حەشاردراوە کە لەدژی سەرتاپای ئەو سیستەمە حوکمڕانیە و ئەو دۆخە ئابوریەیە کە سێ دەیەیە ژیانی ئەوانی لە نایەکسانی و ستەم و دەیان دەرد و مەینەتیدا ڕاگرتووە، بزووتنەوەیەک کە وەلانانی ئەم حکومەت و دەسەڵاتەی کردۆتە خواست و داوای جەماوەرێکی بەرفراوان. بێگومان جوڵانەوەیەکی ئاوا ئەو تواناو قابیلیەتەی هەیە کە بەشێوازێکی شۆڕشگێرانە نەک هەر کۆتایی بە دەسەڵاتداریتی ئێستای حزبە بۆرژوا ناسیونالیستەکان بێهنێ، بەڵکو کۆمەڵگای کوردستان بەرەو ئاڵوگۆڕێکی ڕیشەیی بەرێت. هاوکات خوپیشاندان و نارەزایەتیە جەماوەریەکان لە شارەکانی عێراق و ئێران کە ڕاستەوخۆ یەخەی بە

دەسەڵاتداران لەم دوو وڵاتەدا گرتووە، فاکتۆرێکی کاریگەرە بە قازانجی یەکلاکردنەوەی خێرا و شۆڕشگێرانەی دەسەڵات لەکوردستاندا.
حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، لەگەڵ ئەوەدا کە دامەزراندنی سۆشیالیزم و حکومەتی کرێکاری، لەڕێگای بەرپاکردنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکارەوە وەک تەنها ئەلتەرناتیڤێک بەرامبەر بە سەرمایەداری و قەیرانەکەی دەزانێ، هاوکات پێیوایە کە گەیشتن بەم شۆڕشە و بەم ئەڵتەرناتیڤە لە دڵی هەلومەرجی ئێستا و بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی جەماوەریەوە دەگیرسێ کە لەیەکەمین هەنگاوەکانیدا، بۆ خواستی وەلانانی ئەم دەسەڵاتە پێدەنێتە مەیدانەوە.
پێویستە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ببێتە نوێنەری خواستی سەرەکی ئێستای جەماوەری کوردستان کە ریشەی لەم گرفتانەدایە:
١" /نان" نان بە مانای گرانی و هەژاری و بێکاری و برسێتی، بێ موچەیی و کەمی موچە، نەبوونی پێداویستی و خزمەتگوزاریەکان... یەکێک لە هۆکارە سەرەکیەکانی ناڕەزایەتی جەماوەرییە.
٢ " /ئازادی" بە مانای ئازادی سیاسی و ئازادی دەربڕین و بەیان و بیروباوەڕ و چاپەمەنی، ئازادی کۆبونەوە، مانگرتن و خۆپیشاندان، ئازادی ڕێکخراوبوونە، بە مانایەک پێشێلکردنی ئازادی و بێ ئیرادەکەردنی خەڵک بۆ دەورو دەخالەتی لە دەسەڵاتی سیاسیدا... یەکێکی ترە لە هۆکارە سەرەکیەکانی ناڕەزایەتی جەماوەری
٣" /نادیاری ئایندەی سیاسی کوردستان " بەمانای مانەوەی کوردستان لە ناو گێژاو و ناسەقامگیری سیاسی و سەرگەردانی ئایندەی سیاسیدا لەدڵی ئاڵوگۆڕو پێشهاتەکانی عێراق و ناوچەکەدا، هۆکارێکی تری ناڕەزایەتی جەماوەرییە.

دیارە بەجیا لەو سێ گرفتە، کە گرفتی سەرەکی بەشی هەرەزۆری کۆمەڵگە و سەرچاوەی شکڵگرتنی ناڕەزایەتی جەماوەرییە، تا رادەی خواستی راماڵین و کۆتاییهێنان بەو دەسەڵاتە، هاوکات پرسی جێگرتنەوەی ئەو دەسەڵاتە، واتە بەدیلی دەسەڵاتی میلیشیایی و حزبی و بنەماڵەیی کە لەسەر بناغەی سەلبی رۆڵی جەماوەر و تاکەکانی دامەزراوە، مەسەلەیەکی تری بناغەییە. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، بۆ ئەوەی ببێتە هێزی سەرەکی راماڵینی ئەو دەسەڵاتە پێویستە ببێتە نوێنەری ئەو ویست و خواستە سەرەکیانەی ئێستای کۆمەڵگەی کوردستان.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لەئێستادا کە کۆمەڵگا لەگەڵ فەشەل و بێتوانایی حکومەت بەرەوڕووە ئەم خاڵانەی خوارەوە وەک سەرخەتی نەخشەڕێگای دەربازکردنی کۆمەڵگای کوردستان و تێپەڕکردنی ئەم دۆخەی ئێستا دەخاتە ڕوو:

یەکەم: وەلانان و کۆتاییهێنان بە حکومەتی ئێستا بە ڕێگایەکی شۆڕشگێڕانە، لەڕێگای هەستان و ڕاپەڕینێکی جەماوەریەوە دەبێت کە لە جەرگەی هاتنەمەیدانی فراوانی خەڵکی ناڕازیەوە بۆ خواستی وەلانانی دەسەڵات پێیناوەتە مەیدانەوە تا ئاستی بەرینکردنەوە و بەرزکردنەوەی بزووتنەوەیەکی سەرنگونی بۆ راماڵینی دەسەڵات، واتای کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی ئێستا لەڕێگای راپەڕینێکی جەماوەری شۆڕشگێرانە و سەرکەوتووانەوە لەوەدایە کە هەمووو دامودەزگاکانی سیستەمی حکومڕانی ئێستا، لەوانە حکومەت و پەرلەمان، سەرۆکایەتی هەرێم و هێزی چەکداری حزبەکان و هەر ئۆرگانێکی دیکە هەڵوەشێتەوە و ڕێگابکرێتەوە بۆ دەخاڵەتی جەماوەری لە بەڕێوەبردنی وڵات و بڕیاردانی ئازادانە لەسەر سیستەمی حوکمڕانی داهاتوو.

دووەم: دامەزراندنی حکومەتێکی کاتیی شۆڕشگێڕ لە نوێنەرانی جەماوەری ڕاپەڕیو، لە ڕێکخراوە و ئۆرگان و شورا و ئەنجومەنەکان و ئەو حزبانەی کە پشتیوانی ڕاپەرینن پێکدێ و وەک بەرئەنجامێک لە هاتنەمەیدان و ڕاپەڕینی جەماوەری فراوانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی ئازادیخواز، دەبێتە بەدیل و شوێنگرەوەی حکومەتی ئێستا.

سوپاس ودانەواندنی سەری ڕێز بۆ ئەو هاوڕیانەی کەئێستا لەناوماندا نین و گیانیان بەخت کرد لەپیناو ئامانجەکانی حزبدا..

**عوسمانی حاجی مارف**

**ناوەڕاستی دیسەمبەری ٢٠٢١**

# مانیفێستی حزب بۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانه

**ئامانجی حزب:**

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان وەکو حزبی چینی کرێکار، خەبات دەکات بۆ ڕێکخستن و ڕابەریکردنی شۆڕشی سۆشیالیستی لەپێناو هەڵپێچانی سیستەمی سەرمایەداری و کاری بەکرێ و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی کۆمۆنیستی خاڵی لە ستەم و چەوسانەوە و نایەکسانی.

شۆڕشی سۆشیالیستی تەنها لەڕێگای هاتنەمەیدانی چینی کرێکار و جەماوەری ستەمکێش، لە ڕیزێکی ڕێکخراو لە دەوری ئاسۆی سۆشیالیستی و بە ڕابەریی حزبی کۆمۆنیستی چینی کرێکاردا مەیسەردەبێت؛ بەم پێیەش پێشڕەوی و سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە لەهەر هانگاوێکدا ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە پەرەسەندنی بزوتنەوەی سۆشیالیستی و تەحەزوبی کۆمۆنیستی ئەم چینەوە. مەرجێکی سەرەکی پێشڕەوی و سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە لە کوردستاندا، دابڕان و سنوربەندی چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێشە لە ئاسۆ و ئامانج و سیاسەتی بزوتنەوە و ئەحزابی بورژوازی. بەتایبەتیش، بەهێزبونی کۆمۆنیزم لە بەرامبەر ناسیۆنالیزمی کورد لە ئاستێکی کۆمەڵایەتی بەرفراواندا، مەرجێکی سەرەکی

پێشڕەوی و سەرکەوتنی ئەم شۆڕشەیە لە کوردستاندا. هەروەها شۆڕشی کرێکاری لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، بەپێی بارودۆخ و گرفتەکانی ئەو کۆمەڵگەیە، لە پرۆسێسێکی جیاواز و لە هەناوی وەڵامدانەوە بەو گیروگرفتانەدا دەڕواتە پێشەوە.

**دوو گرفتی ئێستای کوردستان:**

دۆخی ئێستا و ئەو گێژاوە سیاسیەی کوردستانی تیا ڕاگیراوە، گەلێک کۆسپ و ڕێگری گەورەی لە بەردەم شۆڕشی سۆشیالیستی و تەنانەت پێکهێنانی هەر ئاڵوگۆڕ و باشبونێکی بەرچاو لە ژیانی مادی و مەعنەوی خەڵکدا پێکهێناوە و بووەتە مایەی نەهامەتی و مەینەتباری سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی بۆ زۆربەی زۆری دانیشتوان. ئەم بارودۆخە لە لایەکەوە ئاکامی دەسەڵاتی داسەپاوی میلیشیایی حزبە ناسیۆنالیستە کوردەکان و دابڕدابڕکردنی ئەم کۆمەڵگەیە بۆ ناوچەی دەسەڵاتی خۆیان و بەبارمتەگرتنی ژیان و گوزەرانی خەڵکەکەی، لە لایەکی ترەوە بەرئەنجامی لکاندنی کوردستانە بە دەوڵەتی قەومی ئیسلامی ئێستای عێراقەوە لە چوارچێوەی فیدرالێزمی قەومیدا.

-دەسەڵاتی میلیشیایی حزبە ناسیۆنالیستە کوردەکان، وەکو هۆکاری بێدەرەتانی هەمەلایەنە بۆ جەماوەری فراوانی خەڵک، کەوتووەتە بەرامبەر بزووتنەوەیەکی نارەزایەتی فراوان و کۆتاییهێنان بەم دەسەڵاتە بووەتە خواستێکی بەرینی جەماوەری. لە بارودۆخی ئێستادا، دەرگا کرانەوە بەڕووی هەر ئاڵوگۆڕ و باشبونێکی بەرچاو لە ژیانی خەڵک و هەموارکردنی ڕەوتی بەرەوپێشچوونی شۆڕشی سۆشیالیستی، لە هەنگاوی یەکەمدا بەندە بە دەرهێنانی ئەم کۆمەڵگەیە لەژێر ڕکێفی دەسەڵاتی میلیشیایی حزبە

ناسیۆنالیستەکان. ئەمە ئەرکی دەمودەستی شۆڕشی کرێکاریە. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری خەبات دەکات بۆ وەلانانی دەسەلآتی میلیشیایی بۆرژوا-ناسیونالیستی کورد و دامەزراندنی دەسەلآتداریتی شورایی.

-فیدراڵیزمی قەومی کە ڕێکەوتنی سیاسی نێوان بۆرژوازی کورد و عەرەبە لەسەر دابەشکردنی دەسەلآت، هۆکاری ڕاستەوخۆی گرفتاربونی کوردستانە بەجۆرەها کێشە و گرفت، ڕەچەتەیەکە بۆ هەتاهەتاییکردنی ناکۆکی قەومی و دروستکردنی لەمپەری گەورە لەبەردەم ڕەوتی بەرەوپێشچونی کۆمەڵگە. ئەم فیدراڵیزمە، لە هەمانکاتدا، کۆڵەکەیەکی راگرتن و بەردەوامیدانە بە شێوازی دەسەلآتی میلیشایی ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد. بەلآم ناسیۆنالیزم فیدراڵیزمی قەومی و کێشەی کوردی لێکهەڵپێکاوە، بۆیە دەرهێنانی کۆمەڵگە لە گێژاوی فیدراڵیزم پەیوەستە بە یەکلاکردنەوەی کێشەی کوردەوە. تا کاتێک کە دەوڵەتێکی کۆنەپەرستی قەومی و دینی لە عێراقدا لەسەرکاربێت، تەنها ڕێگاچارەی ئەم کێشەیە جیابوونەوەی کوردستان و بەرپاکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆیە. بەلآم لە ئەگەری پەرەگرتنی بزووتنەوەی کرێکاری و شۆڕشگێڕانە لە ئاستی عێراقدا و پەیدابوونی دەرفەت بۆ هاتنەسەرکاری دەولەتێکی غەیرە قەومی و سیکۆلار، کە هەموو دانیشتوان بەبێ لەبەرچاوگرتنی ناسنامەی قەومی و دینی بە یەک چاو تەماشا بکات، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری تێدەکۆشیت بۆ سەرخستنی ئەو دەرفەتە. ئەمە ڕێگا دەکاتەوە بۆ ئەوەی کێشەی کورد و گێژاوی ئێستا لە چوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتودا چارەسەر بکرێت. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لەگەڵ ئەوەی هەمیشە پێداگری لەسەر مەبدەئی گەڕانەوە بۆ ڕای خەڵکی کوردستان دەکات بۆ بڕیاردان لەسەر مانەوە لە چوارچێوەی عێراق (بە مافی هاولآتی

یەکسانەوە) یان جیابونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ، لە هەلومەرجێکی وادا پشتیوانی لە مانەوە لەگەڵ عێراق دەکات.

**بنەماکانی پێویستیی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە:**

- کۆمەڵگەی مۆدێرنی کوردستان، وەکو کۆمەڵگەیەکی سەرمایەداری، تیایدا جیاوازی چینایەتی نێوان چینی سەرمایەدار و چینی کرێکار و جەماوەری ستەمدیدە، بەوپەڕی خۆی گەیشتوە. ناکۆکی نێوان ئەم دوو چینە، ناکۆکی سەرەکی کۆمەڵگەیە و سەرجەم کێشە و ناکۆکیەکانی تر لە دەوری ئەمە تەوەرەیان بەستوە. لەماوەی ٣٠ ساڵی رابردودا دەسەڵاتی حزبە بۆرژوا-ناسیونالیستەکان، وەکو نوێنەر و دەسەڵاتی چینی بۆرژوازی کورد ڕۆڵی خۆی گێراوە و لەسایەیدا کەمایەتیەکی کەم لەسەر حسابی چەوساندنەوەی چینی کرێکار و سەپاندنی هەژاری و نەداری و کوێرەوەری بەسەر زۆربەی هەرە زۆری دانیشتواندا، بوون بە ملیاردێر و لەناو سەروەت و ساماندا نوقم بون. لەلایەکی ترەوە کۆمەڵگەی کوردستانی ئەمڕۆ لەڕووی پەرەسەندنی ئابوری و پیشەسازی و بەهرەمەندبونی لە سەروەت و سامانێکی زۆرەوە، زەمینە بابەتیەکانی بەرپاکردنی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی تیادا فەراهەم بووە کە لە سایەیدا هەموان خۆشگوزەران بژین. ئەمانە چینی کرێکار و بزوتنەوەکەیانی کردوەتە هێزی بنەڕەتی بۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێرانە و شۆڕشی کۆمەڵایەتی ئەم چینەیان کردوەتە کارێکی پێویست و دەستبەجێ و لە ڕووی بابەتیشەوە مومیکن.

- لە کوردستان، وەکو مەڵبەندێکی کاری هەرزان، پڕۆسەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی لە بارودۆخێکی ئیمپریالیستانەی (مۆنۆپۆڵی) پەیوەندی نێوان کار و سەرمایەدا بەڕێوەدەچێت. لەم چوارچێوەیەشدا کوردستان مەیدانێکە

بۆ ڕوتێکردنی کۆمپانیا و سەرمایەی دەرەکی و بەرهەمهێنانی زێدە قازانج لەسەر بناغەی چەوسانەوەی لەڕادەبەدەری چینی کرێکار و بێبەشکردنیان لە خۆشگوزەرانی و خزمەتگوزاری و بیمە کۆمەڵایەتیەکان و ئازادی سیاسی و مافە سەرەتاییەکان. سەرخانی سیاسی ئەم بارودۆخە بە ناچاری سەرکوت و ملهوڕیی سیاسیە، بە مەبەستی خامۆشکردنی چینی کرێکار و ڕاگرتنی نرخی هێزی کار لە هەرزانترین ئاستدا. بێگومان دۆخێکی ئاواش قازانجی هەموو بەشەکانی بۆرژوازی لەخۆیدا هەڵدەپێکێ و ڕەوتی ریفۆرمخوازی و سیستەمی دیموکراتی بۆرژوازی لە کوردستاندا دەکاتە یۆتۆپیا. بۆیە بەدیهێنانی ئازادی و ئاڵوگۆری بنەڕەتی لە ژیانی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دەخاتە گرەوی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەوە.

- کارنامەی ۳۰ساڵی دەسەڵاتی حزبە ناسیونالیستەکان، بە جەماوەری زەحمەتکێش و ئازادیخوازی نیشانداوە کە ئەو دەسەڵاتەی ئەم حزبانە بەناوی دەسەڵاتی خەڵک و سەرچاوەگرتوو لە ئیرادەی ئەوانەوە پڕوپاگەندەی بۆ دەکەن، نەک هەر دەسەڵاتی خەڵک نییە، بەڵکو لەسەر بناغەی پیشێلکردنی ئیرادە و مافەکانی ئەوان دامەزراوە. ئەم کارنامە ۳۰ ساڵیە شتیک نییە جگە لە بردنی کۆمەڵگە بۆ ناو شەڕ و کوشتاری کۆنەپەرستانەی ناوخۆیان لەسەر دەسەڵات، بوونیان بەپاشکۆی زلهێزە جیهانیەکان و دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە و ڕاپێچکردنی کوردستان بۆ ناو سیناریۆ تەڵخەکان، گەندەڵی و تاڵان و بڕۆیی بێسنوری داهاتی کۆمەڵگە، سەرکوتی ئازادی و نارەزایەتیە جەماوەریەکان و نەیارانی سیاسی دەسەڵات، تیرۆر و ڕەشەکوژی بەربڵاوی ژنان و ... تاد. ئەمانە بوونە زەمینە و بنەماکانی پەرەگرتنی ئەو بزوتنەوەی نارەزایەتیە جەماوەریە کە لە ۱۷ی شوبات و خرۆشانە جەماوەریەکانی دیکەدا بە

دروشمی "بروخێ" و بەدەنگی بەرز "نا" وتن بەم دەسەڵاتە پێی ناوەتە مەیدانەوە. هەرچەندە بەردەوام ئەم بزوتنەوەیە سەرکوت کراوە، بەڵام خواست و ئامانجەکانی بەهێزی خۆیەوە ماوەتەوە و بەردەوامیش بەرەو قوڵبونەوە و ڕادیکاڵبونەوەی زیاتر ڕۆیشتوە و پێویستیی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەی ئەم هەلومەرجەی نەک هەر بۆ چینی کرێکار، بەڵکو بۆ هەموو جەماوەری ستەمدیدە بەرجەستە کردوە.

- دەسەڵاتی میلیشیایی ئێستا کە گرفتاری بنبەستێکی سیاسی و ئابوریە، لە جەرگەی قوڵبونەوەی قەیرانی ئابوری و لێکترازانی ڕیزەکانی چینی دەسەڵاتداردا، توانای وەڵامدانەوە و چارەسەری کێشەکانی پەیوەست بە ژیانی خەڵکی نییە، ئەمەش وەکو فاکتەرێک جەخت لەسەر پێویستیی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێرانە دەکاتەوە.

- ئەزمونی چەندین ساڵی رابردوش بە کردەوە ئەو ڕاستیەی سەلماندوە کە ئەم دۆخە دژوارە و ئەم دەسەڵاتە گەندەڵ و ستەمکارە چاکسازی و پینەوپەڕۆ هەڵناگریت. لە چەند ساڵی رابردودا چەندین لایەنی بورژوا-ناسیۆنالیست و ئیسلامی نارازی بە دروشمی چاکسازیەوە، هاتنەمەیدان. بۆ دەورانێک خۆیان سواری شەپۆلی نارەزایەتی جەماوەر کرد. برەویان بەو خۆشباوەریە دا کە گوایە دەکرێت لە ڕێگای سندوقەکانی گاڵتەجاری بەناو هەڵبژاردن و خەباتی پەرلەمانی و گۆڕینی دەموچاوەکانەوە، ئەم دەسەڵاتە چاکسازی بکرێت و دۆخی مەینەتباری ئێستا چارەسەر بکرێت. بەڵام ڕەوتی بابەتیی ڕوداوەکان نیشانیدا کە بانگەشەی چاکسازی تەنها پرۆژەیەکە بۆ درێژەپێدانی دۆخی ئێستا و داشکاندنی ئامانجەکانی جەماوەری نارازی و کردنی بەدەستمایەی سەودا بۆ شەریکبونەوە لە دەسەڵات.

* * *

لەسەر بناغەی ئەو فاکتۆرانەی سەرەوە، دەرهێنانی کۆمەڵگەی کوردستان لە گێژاوی ئێستا و گێڕانەوەی ئیرادە بۆ جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و دەستەبەرکردنی ئامانجەکانی بزوتنەوەی جەماوەری، تەنها لە ڕێگای ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەوە مەیسەر دەبێت. ئاڵوگۆڕێک کە لە پرۆسەی شۆڕشی بەردەوامدا کۆمەڵگە بەرەو سۆشیالیزم ئاڕاستە دەکات.

**کۆڵەکە و هۆکارەکانی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە:**

- لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا، شۆڕشی کرێکاری تاکە وەڵامی شۆڕشگێڕانەیە بۆ سەرجەم کێشەکان و کۆتاییهێنان بە نایەکسانی و ستەم و چەسانەوە. لەمڕۆی کوردستاندا، چینی کرێکار وەکو هێزی ئەسڵی ئەم شۆڕشە گەشە و پەرەسەندنێکی گەورەی بەخۆوە بینیوە؛ هەم لەڕووی زیادبونی ژمارەی ئەو بەشە لە دانیشتوان کە ناچارن هێزی کاریان بفرۆشن بۆ ئەوەی ژیانی خۆیان و خێزانەکانیان دابین بکەن؛ هەم لەڕووی چاوکرانەوە و درککردن بە بەرژەوەندی چینایەتی جیاواز و سەربەخۆیان؛ هەم لەڕووی ئاشنابوون بە زانست و تەکنەلۆژیا و چوونەسەری ئاستی هوشیاری سیاسی و ڕێکخراوبون و شێوەکانی خەباتەوە. ئەمە هێزی لەبن نەهاتوی شۆڕشی کرێکاریە، کە ئەو شۆڕشە دەکاتە کارێکی کردەنی. بەڵام سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە لە گرەوی ئەوەدایە کە ئەم چینە لە ڕیزی سەربەخۆی خۆیدا، هەم لە حزبی کۆمۆنیستی و هەم لە شورا و سەندیکا و یەکێتیە کرێکاریەکاندا ڕێکخراو و یەکگرتوو بێت، چ بۆ بەرگری لە ژیان و گوزەران و داخوازیە ڕۆژانەکانی و چ بۆ بەدەستەوە گرتنی ئاسۆ و سیاسەتی سۆشیالیستی و گێڕانی ڕۆڵی پێشەنگی گشت جەماوەری

ستەمکێش لە ئالوگۆڕی شۆڕشگێڕانەدا.

– ئامرازێکی سەرەکی شۆڕشی کرێکاری بیناکردنی حزبێکی سیاسی کۆمۆنیستی کرێکاریی کۆمەڵایەتی بەهێز و ڕیشەدارە، حزبێک کە سەرجەم ئۆرگانە ڕابەریەکانی لە ئاستی سەراسەری و محەلیدا، ڕاستەوخۆ بەشێک بن لە ڕابەریی بزوتنەوەی کرێکاری، حزبێک کە بەشی پێشڕەوی چینی کرێکاری لەخۆیدا سازدابێت و بە کردەوە ئامرازی نارەزایەتی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار بێت دژی نیزامی سەرمایەداری، حزبێک کە ڕابەرایەتیەکی سیاسیی کۆمۆنیست بۆ کۆمەڵگە مسۆگەر بکات، بە بەدیل و ڕێگاچارەی خۆیەوە لە سەنتەری کێشمەکێشی سیاسی لەسەر چارەنوسی کۆمەڵگە ڕاوەستێ، ئامراز و هۆکارێک بێت بۆ ڕێکخستنی چینی کرێکار، بەدیلی سۆشیالیستی بکاتە خاوەن سەنگێکی بەهێز لە ناو چینی کرێکار و بزوتنەوە شۆڕشگێڕانەکاندا.

- بەردەوامبونی بارودۆخی ئێستا ئاکامی دەسەڵاتی ناسیۆنالیزم و باڵادەستیی نەریتی ناسیۆنالیستییە لە کۆمەڵگەدا. ناسیونالیزم لە کوردستاندا تەنها ڕۆڵی ئایدۆلۆژیایەکی گشتی بۆرژوایی ناگێڕێ، بەڵکو ڕاستەوخۆ ئایدۆلۆژیای دەسەڵاتە. بۆیە پێشڕەویی هەر بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە لەم کۆمەڵگەیەدا ڕاستەوخۆ بەندە بە لاوازکردنی نفوزی فکری و سیاسی ناسیۆنالیزم، وەکو کۆڵەکەیەکی سەرەکی هەلومەرجی ئێستا و دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، وە وەلانانی نەریتەکانیەوە. هەروەها بەندە بە دابڕانی جەماوەری کرێکار و خەڵکی ئازادیخواز لە ئاسۆ و ئامانج و سیاسەتی بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی و حزبەکانی و بەهێزبونی کۆمۆنیزم لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا. بۆیە پەرەدان بە هوشیاری و باوەڕ و نەریتی کۆمۆنیستی و ڕووبەڕووبوونەوەی ناسیۆنالیزم لە هەموو مەیدانێکی فکری و سیاسی و

کۆمەڵایەتیدا، مەرجی جیاکردنەوەی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و ئازادیخوازە لە ئاسۆ و نەریت و بەدیلە بۆرژوازیەکان.

**بزوتنەوەی جەماوەری و پێگەی کۆمۆنیزم لە کوردستان:**

- بزوتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری، کە بە خواستی کۆتایهێنان بە دەسەڵاتی میلیشیایی حزبە ناسیۆنالیستەکانەوە هاتوەتە مەیدان، تا دێت فراوانتر و ڕادیکاڵتر دەبێتەوە، تا ئەو ڕادەیەی کە خەریکە لایەنە بورژوازیە بەناو ریفۆرمخوازەکان تێدەپەڕێنێ. بەڵام سەرباری تورەیی و ناڕەزایەتی توندی جەماوەری لە دژی دەسەڵاتی ئەم حزبانە، هێشتا ئەم بزوتنەوەیە نارێکخراو و بێبەبەشە لە ئاسۆ و رابەرییەکی رادیکاڵ و شۆڕشگێڕ. ئاسۆ و نەرێت و خورافاتی ناسیۆنالیستی و نەتەوە پەرستی و ئیسلامی بە گشتی، سەنگ و قورسایی زۆری لەسەر ئەم بزوتنەوەیە و کۆمەڵگەی کوردستان هەیە و یەکێکە لە کۆسپە هەرە گەورەکانی بەردەم خەباتی چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێش.

- لەگەڵ ئەوەی چینی کرێکاری کوردستان گەشە و پەرەسەندنێکی چەندایەتی و چۆنایەتی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە و جیاوازی و ناکۆکی چینایەتی لە کۆمەڵگەدا تاهاتوە قوڵتر بۆتەوە، بەڵام هێشتا چینی کرێکار و بزوتنەوەکەی لاواز و نارێکخراو و پەرتەوازەیە؛ لە ڕێگەی سەپاندنی تەزکیەی حزبیەوە، مافی کارکردنی بەشێکی زۆر لە کرێکاران بەبارمتەگیراوە و کراون بە پاشکۆی حزبە دەسەڵاتدارەکان؛ گرێبەستی کاتی کراوە بە شێوەی باوی کارکردن، ئەمەش وەکو کۆتیکی ئەسارەت لە دەست و قاچی چینی کرێکار ئاڵاوە؛ هەلومەرجی کار سەخت و نالەبارە و چینی کرێکار لە سەرەتاییترین مافە ئابوری و سیاسیەکانی بێبەریە؛

جێگاورێگای ڕەوتی سۆشیالیستی لەناو چینی کرێکار و بزوتنەوەکەیدا لاوازە.

- لە کوردستاندا، کۆمۆنیزم خاوەن مێژوو و پێشینەیەکی خەباتکارانە و حزب و بەرنامەیەکی کۆمۆنیستی و ڕەخنەیەکی جیاوازە لە سەرمایەداری و ناسیۆنالیزم. سەربارى خاڵە لاوازەکانی: وەکو دەرنەکەوتنی بە وێنەی بەدیل و یاریکەرێکی سەرەکیی مەیدانی سیاسی کە نەتوانرێت ڕۆڵ و سەنگی فەرامۆش بکرێت؛ لاوازیی ڕیشەی لە ناو چینی کرێکار و کۆمەڵگەدا؛ دەرنەکەوتنی وەکو رابەر و رێکخەری بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری، بەڵام دەرفەتی ئەوەی لەبەردەمدایە کە کەموکوڕی و خاڵە لاوازەکانی تێپەڕێنێ و وەکو حزبێکی سیاسی بەهێز و ڕابەر و ڕێکخەری ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە رۆڵ بگێڕێت.

- حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری خەبات دەکات بۆ وەلانانی دەسەڵاتی میلیشیایی حزبە ناسیۆنالیستەکان و بەرپاکردنی دەسەڵاتی شوراکانی خەڵک، وەکو دەسەڵاتێکی شۆڕشگێڕانەی پشتبەستوو بە ئیرادەی ڕاستەوخۆی جەماوەر، کە دەستبەجێ خواستەکانی جەماوەر و بەرنامەی شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکار جێبەجی دەکات. لە ڕوانگەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریەوە وەلانانی دەسەڵاتی ئێستا لە ڕێگای هەستانێکی جەماوەریەوە، تەنها بە دەستکۆتاکردنی حزبە دەسەڵاتدارەکان بەرتەسک نابێتەوە، بەڵکو دەبێ حکومەت و پەرلەمان و هێزی میلیشا و دادگا و پەیوەندییە دیبلۆماسیە نهێنی و ئاشکراکان، واتە هەموو ئەو سەرخانە سیاسیەی کە سیستەمی دەسەڵاتداریتی ئیستای پێکهێناوە، هەڵوەشێتەوە و دەسەڵاتداریتی جەماوەری شوێنی بگرێتەوە.

- حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە هەموو دەرفەتێکی شۆڕشگێڕانە و

سیناریۆ جیاوازەکان کەڵک وەردەگرێت بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی و پیادەکردنی بەرنامەی شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکار. بەڵام گونجاوترین وعەمەلیترین سیناریۆ بۆ جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژە و سەرخستنی، تێکەڵاوێکە لە شێوە جیاجیاکانی خەباتی ئابوری و سیاسی و...... جەماوەریی بەهێز و پەرەسەندوی ئەوتۆ کە هەم بتوانێ دەسەڵاتی ئێستا بخاتەژێر گوشارێکی توند و بەردەوامەوە، هەم بزوتنەوەی جەماوەریی ئێستا بەرەو هەستانێکی جەماوەری بەهێز و شۆڕشگێڕانە ئاڕاستە بکات. هەستانێکی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری کە چینی کرێکار بڕبڕە پشت و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ڕابەر و ڕێکخەر و سۆشیالیزم ئاسۆکەی بێت.

* * *

لەم ڕێگایەدا تەنها خەباتێکی هەمەلایەنە و نەخشەدار دەتوانێ هەم سەرکەوتن و هەم پاراستنی سەرکەوتن مسۆگەر بکات. بۆیە لێکهەڵپێکانی گشت سیاسەت و تاکتیکەکانی حزب، هەروەها شێوە جیاوازەکانی خەباتی نهێنی و خەباتی ئاشکرا و قانونیی کارساز بۆ هەلومەرجە جیاوازەکان، لە ڕەوت و پرۆسەیەکی بە بەرنامەدا، مەرجی سەرخستنی ئەم ستراتیژە و ڕێکخستنی خەباتێکی نەخشەمەند و هاوئاهەنگە کە تواناى بەرەوپێشچونی بەردەوام و سەرکەوتنی هەبێت.

هەروەها سەرکەوتنی ئەم خەباتە لەگرەوی ئەوەدایە کە هەلومەرج و قۆناغ و هێزهاوسەنگیە جیاوازەکان بناسرێنەوە و پلان و تاکتیکی گونجاو و کارسازیان بۆ دابڕێژرێت. لە ئاستێکی گشتیدا، قۆناغی ئێستا تا قۆناغی هەستانی جەماوەری و قۆناغی دەستبردن بۆ پەلاماری کۆتایی، قۆناغە جیاجیاکانی ڕەوتی چونەپێش و سەرکەوتنی ئەم ستراتیژە

پێکدەهێنن .**قۆناغی ئێستا**، واتە ئەو قۆناغەی کە هێشتا حزب و کۆمۆنیزم و ئاسۆی سۆشیالیستی خاوەن سەنگێکی سیاسی بەهێزنین لە کۆمەڵگەدا و بزوتنەوەی کرێکاری و جەماوەری هێشتا بەرتەسک و ناڕێکخراو و خاوەن ئاسۆیەکی شۆڕشگێڕانە و سەرتاسەری نییە. وە **قۆناغی هەستانی جەماوەری** ئەو دەورانەیە کە کۆمەڵگە کەوتۆتە سەر شاڕێی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێرانە، واتە دەورانێک کە حزب وەکو بەدیلێکی سیاسی و ڕێکخەر و ڕابەری بزوتنەوەی ناڕەزایەتی کرێکاری و جەماوەری و خاوەن پێگەیەکی کۆمەلایەتی بەهێز لە مەیدان ڕاوەستاوە و بزوتنەوە و ئەحزاب و دەسەڵاتی بورژوازی کەوتوونەتە ژێر گوشارێکی توندەوە. هەروەها **قۆناغی دەستبردن بۆ پەلاماری کۆتایی** و جێگیرکردنی دەسەڵاتداریتی جەماوەریی. واتە دەروانێک کە بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کرێکاری و جەماوەری بە ڕابەری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری و ئاسۆی سۆشیالیستیەوە توانای ئەوەی بەدەستهێناوە کە کۆتایی بە دەسەڵاتی ئێستا بهێنێ و حکومەتی شوراکان دابمەزرێنێ.

**هەلومەرجی سیاسی ئێستای کوردستان:**

- هەلومەرجی سیاسی ئێستای کوردستان لە بنەڕەتدا ڕەنگدانەوەی دۆخی سیاسی جیهان و ناوچەکەیە. ناکامی و شکستی سیاسەتەکانی ئەمریکا لە عێراق، ئەفغانستان، سوریا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، تادەگات بە بەدەسەڵات گەیشتنەوەی تالیبان، پاشەکشەیەکی ئاشکرای بە ڕۆلی ئەمریکا کردووە. گرتنەبەری ڕێگای پاشەکشێی هیزە سەربازی و مەیدانیەکانی و ڕۆڵ پەیداکردنی دیبلۆماسیەت لە نێوان هێزە جیهانی و محەلیەکان، لەلایەک و، ڕۆڵ پەیداکردنی زیاتری روسیە و چین لە ئاستی دنیا و ڕۆژهەڵاتی

ناوەڕاستدا، لەلایەکی ترەوە، بارودۆخێکی تازەی هێناوەتە ئاراوە.
- ئەمریکا دەیەوێ ئەم پاشەکشەیە بە شێوازی دیکە و لە جێگەی دیکە قەرەبوو بکاتەوە. جەمسەرە جیهانی و هێزە ناوچەییەکانی تریش بۆ پتەوکردنی پێگەی خۆیان، بە گەرمی لە هەوڵی قۆزتنەوەی ئەو دەرفەتەدان کە بە پاشەکشەی ئەمریکا لە ناوچەکەدا بۆیان هاتوەتەکایەوە.
- ئەم دۆخە جیهانییە عێراق و کوردستانی خستۆتە بەردەم ڕەوتێکی ڕوو لە ئاڵوگۆڕەوە. سیناریۆی دەوڵەتی بەشبەشێنەی قەومی و تایفی بە کردەوە ناکامی و شکستی خۆی سەلماندووە. جەماوەری خەڵکی عێراق دەمێکە لە دژی ئەم پرۆسەی دەوڵەتسازیە قەومی و دینیە کۆنەپەرستانەیە وەستاونەتەوە، بەڵام ئێستا تەنانەت لایەنەکانی بەشدار لە دەسەڵاتیش چیتر ئومیدیان بەم پرۆسە سیاسیە نەماوە و ئەوانەی هێز لە خۆیان ڕادەبینن چاوی تەماحیان بڕیوەتە بەشی زیاتر و تەنانەت یەکجێکردنەوەی دەسەڵات لە دەستی خۆیاندا.
- لەم پرۆسەیەدا، ناکامی ئەمریکا و پاشەکشەی هێزە سەربازییەکانی بواری زیاتر بە ڕۆڵی هێزە محەلی و ناوچەییەکان دەدات. لەم دۆخەدا کەشێکی سیاسی کراوەتر و هەلومەرجێکی لەبارتر بۆ خەباتی چینایەتی دێتەکایەوە. بورژوازی و دەوڵەتانی ناوچەکە دەکەونە بەردەم فشاری چینی کرێکار و جەماوەری بەشمەینەت بۆ نیشاندانی بەرپرسیارێتی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی.
- لە جەرگەی ئەم هەلومەرجە تازەیەدا، کە بورژوازی جیهانی و ناخۆیی لەگەڵ قەیران و ناکۆکی قوڵ بەرەوڕووە سەبارەت بە سازدانەوەی دەوڵەت لە ناوچەکە و بە دیاریکراوی لە عێراق.. هەوڵدەدەن دەوڵەتی شکستخواردوی بەشبەشێنە بە دەوڵەتێکی دیکەی کۆنەپەرست بگۆڕن بە

جۆرێک کە جڵەوی دەخاڵەت و هاتنەمەیدنی خەڵک بگرێت. قەیرانی حکومەتی و ناکۆکی هێزە بورژوازیەکانی سەر مەیدانی سیاسی عێراق، ناکۆکی ناو ڕیزەکانی بورژوای کورد و حزبەکانیشی بەرینتر کردوەتەوە. یەکێک لە دەرئەنجامەکانی ئەم هەلومەرجە کرانەوەی دەرفەتە بۆ هەموو بزوتنەوە و هێزەکان تا مۆری خۆیان بدەن لە ڕەوتی ڕوداوەکان. ئەم دەرفەتە بۆ بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و کرێکاریش کراوەیە.

- فاکتەرێکی دیکەی هەلومەرجی ئێستا، خرۆشان و هاتنەمەیدانی چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێشە لە ناوچەکە. بە تایبەت لە عێراق و ئێران و لوبنان. بە تایبەتی بزووتنەوەی ڕوخاندنی جمهوری ئیسلامی تەوژمێکی تازەی گرتۆتە خۆی. چینی کرێکار لەم بزوتنەوەیەدا ڕۆڵێکی گرنگی پەیدا کردووە. جمهوری ئیسلامی کەوتووەتە بەردەم هەڕەشەی ڕووخانی شۆڕشگێڕانەوە. ڕوخانی ئەم ڕژێمەش گورزێکی کوشندە دەبێت لە هەموو ئیسلامی سیاسی و حاکمیەتی بورژوازی لە ناوچەکەدا، هەروەها کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبیت لەسەر دۆخی عێراق و کوردستان و باڵاکردنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە.

- ناسیۆنالیزمی کورد و حزبەکانی لە هەناوی ئاڵوگۆڕەکانی دەیەی کۆتایی سەدەی ڕابرووددا چارەنووسی خۆیان شەتەک دا بە سیاسەتەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانییەوە، بەوجۆرەش توانیان بەدەسەڵات بگەن و لەسەر کورسی دەسەڵات بمێننەوە. بەڵام کۆتایی هاتنی شەڕی داعش و ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر دوچاری ناکامی و تەریک کەوتنەوە و گێژاوی گەورەی کردن و ناکۆکیەکانی ناوخۆی بورژوازی کوردی قوڵکردەوە، بەجۆرێک کە تا ئێستاش نەیانتوانیوە شانی خۆیان لەژێر ئاکام و کاریگەریەکانی ئەو ڕوداوانە دەرکێشن. ئەوانە لەگەڵ گێژاوی فیدراڵیزم و

فشارە بەردەوامەکانی بەغدا و سەرئەنجامیش ناکامی و کشانەوەی ئەمریکا لە عێراق و ناوچەکە و دەستپێکردنی ئەم ڕەوەندە تازەیە، دەسەڵاتی بورژوازی کورد و ئەزمونەکەیانی لەگەڵ دەورەیەکی نوێ لە بێئاسۆیی و سەرگەردانی و ناکۆکی ناخۆ بەرەوڕوو کردووە و دەورانی زێڕینیان رووی لە لێژی کردووە. ئەم ڕەوتە کوردستانی خستوەتە بەردەم دەورەیەکی ناجێگیر و سیناریۆگەلی جیاوازەوە، تا ڕادەیەک کە قەوارەی هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتی حزبە ناسیۆنالیستەکان لە بەردەم ئەگەری جۆراوجۆردا قەراری گرتوە.

**سەرخەتی سیاسەت و ئەرکەکانی حزب لەم قۆناغەدا؛**

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم هەلومەرجە سیاسیە و دۆخی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و سەنگ و مەوقعیەتی ئێستای حزب و کۆمۆنیزم، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئەم سەرخەتە گشتیانە دەکاتە بنەمای بەرنامەکار و ئەرکەکانی ئەم قۆناغە:

- دەرکەوتنی حزب وەکو حزبێکی سیاسی خاوەن ڕۆڵێکی لە فەرامۆش نەهاتوو، ئۆپۆزیسیۆنی سەرەکی دەسەڵاتی میلیشیایی ئەحزابی ناسیۆنالیست. دابینکردنی ڕابەریەکی کۆمۆنیستی بۆ بزوتنەوەی نارەزایەتی کرێکاری و جەماوەری و لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا قەراردانیان بەرامبەر بە ڕابەرانی ناسیۆنالیست. بوونی حزب بە حزبی ڕێکخەری نارەزایەتی کرێکاری و جەماوەری. بەرجەستە بوونی وەکو حزبی بەدیل و ڕابەر و ڕێکخەر و سەرنگونیخواز. لێکهەڵپێکانی خەباتی ئاشکرا و قانونی لەگەڵ خەباتی نهێنی بەپێی بەرنامەیەکی ڕۆشن بەجۆرێک کە بەردەوامی کار و هەڵسوڕانی حزب لە هەموو هەلومەرجە جیاوازەکان لەبەرچاو بگرێت.

- پەرەپێدان و مونسەجیم کردن و بەتواناکردنی مەیلی کۆمۆنیستی لەناو بزوتنەوەی کرێکاری و شکڵدان بەشێوە جۆراوجۆرەکانی ڕێکخراوبون و تەحەزوبی کۆمۆنیستی ئەم مەیلە. کردنی حزب بە حزبی کرێکارانی کۆمۆنیست و پێشڕەو و ڕابەرانی بەکردەوەی بزوتنەوەی کرێکاری، ڕێکخستن و یەکگرتوکردنی خەباتی ئابوری چینی کرێکار لە دەوری پلاتفۆرمێکی سەراسەی، وەکو مەیدانێکی گرنگی خەباتی چینایەتی. بەرجەستەکردنی پێویستی شۆڕشی کرێکاری وەکو تەنها ڕێگای کۆتایهینان بە کۆیلایەتی بەکرێ و ستەمی سەرمایە و سەرجەم نەهامەتیەکانی دنیای ئێستا. بەهێزکردنی پایەی کۆمۆنیزم و نەرێتی سۆشیالیستی لەناو چینی کرێکاردا. هێنانەمەیدانی چینی کرێکار لە ڕیزێکی ڕێکخراو و سەربەخۆ لە مەیدانە جیاجیاکانی خەباتدا.

- پەرەپێدان و ڕێکخراوکردن و سەرتاسەری کردنەوەی ناڕەزایەتیە جەماوەریەکانی ئێستا لە بوارە جیاجیاکانی خەباتی ئابوری و سیاسیدا، توندکردنەوەی گوشاری هەمەلایەنە لەسەر حزبە دەسەڵاتدارەکان و پاشەکشە پێکردنیان و سەپاندنی خواست و داواکاریەکانی جەماوەر بەسەر دەسەڵاتدا، بەهێزکردنی پێگەی ئاسۆی شۆڕشگێڕانە و سۆشیالیستی و هەمەگیر کردنی مەیل و خواستی کۆتایهینان بە دەسەڵاتی میلیشیایی ئیستای کوردستان، دەستەبەرکردنی سیاسەت و تاکتیکی گونجاو و ڕادیکاڵ و کارساز، دەرکێشانی لەژێر قورسایی نەرێت و ئاسۆی ناسیۆنالیستی و ئیسلامیەکان.

– رەخنەگرتن و پەردەهەڵماڵین لەسەر سیاسەت و کارکرد و نەرێت و بیروباوەڕی ناسیۆنالیستی و نەتەوەپەرستی و ئیسلامی. لێدان لە نفوزی سیاسی و کۆمەڵایەتی حزبەکانی ئەم بزوتنەوانە و بەهێزکردنی ئاسۆ و

نەریتی سۆشیالیستی و ئەنتەرناسیۆنالیستی و مۆدێرن و شۆڕشگێڕانە لە بەرامبەریاندا. پەردەهەڵماڵین لەسەر ناوەڕۆک و ئاکامە کارەساتبارەکانی سیاسەتی ناسیۆنالیستی و فیدراڵیزمی قەومی و ڕۆڵی لە خولقاندنی گێژاوی ئێستا و بەردەوامیدان بە دەسەڵاتی میلیشیایی، بەرجەستەکردنی بەدیلی حزب لەبەرامبەریدا. پەردەهەڵماڵین لەسەر لایەن و پڕۆژەکانی بەناو ڕیفۆرمخوازی ناسیۆنالستی و ئیسلامی وەکو پڕۆژەگەلی کۆنەپەرستانە بۆ لەباربردنی مەیل و ڕەوتی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە و دەستەمۆکردنی بزوتنەوەی نارەزایەتی بۆ دەسەڵاتی میلیشیایی، لەپێناو گەیشتن بەئامانجە بورژوازی و کۆنەپەرستانەکانی خۆیان.

- وەساتنەوە دژی هەڕەشە و ملهوڕی حکومەتی بەغدا و میلیشیا ئیسلامیەکانی عێراق بەرامبەر خەڵکی کوردستان و بە بارمتەگرتنی ژیان و گوزەرانی خەڵک لە میانەی کێشمەکێش لەگەڵ حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان. بە تایبەتی لە ئەگەری سەقامگیربونی دەوڵەتێکی کۆنەپەرست لە عێراق کە بیەوێ بە ملهوڕی و زەخت و زۆری سیاسی و ئابوری و عەسکەری، یان بە بەندوبەست لەگەڵ حزبە بورژوازیە کوردەکان لەسەر و ئیرادەی خەڵکەوە کوردستان و دانیشتوانەکەی، راپێچی ژێرباری سیاسەتەکانی خۆی بکات.

- وەستانەوە دژی سیاسەت و دەخاڵەتی جەمسەرە بورژوازیە جیهانیەکان و دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە، بە تایبەتی جمهوری ئسلامی و دەوڵەتی تورکیا. پەردەهەڵماڵین لەسەر ئاکامە کارەساتبارەکانی دەخاڵەتە سیاسی و سەربازیەکانی ئەو میحوەرانە و کێشمەکێشی کۆنەپەرستانەیان. وەستانەوە دژی دەورگێڕانی ناسیۆنالیزمی کورد و حزب و دەسەڵاتەکەی وەکو دەسکەلای دەوڵەت و میحوەرە ناوچەیی و جیهانییەکان بۆ

بردنەپێشی سیاسەت و پلانەکانیان.

- قورسایی و باڵادەستی یاسا و نەریتە دواکەوتووە ئیسلامی و ناسیۆنالیستیەکان بەسەر کۆمەڵگەدا، هاندەرێکی بەهێزی ژنان ولاوان و خەڵکی پێشکەوتنخوازە بۆ ئەوەی ببنە هاوپەیمان لەگەڵ چینی کرێکار و بزوتنەوە یەکسانیخواز و پێشڕەوانەکەیدا. ڕۆڵی لە پێشینەی کۆمۆنیزمیش لە بزوتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری و ڕابەریکردنی بزوتنەوەی ژناندا، پاڵنەرێکە بۆ هەڵخڕانی ئەم بەشانە لە دەوری ئاسۆی کۆمۆنیستی. حزب تێدەکۆشێت خەبات و ناڕەزایەتی ئەو بەشانە لە دەوری سیاسەتێکی کۆمۆنیستی ڕێکخراو و ڕابەری بکات و وەکو فاکتەرێکی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە لە مەیدان و لە هاوشانی چینی کرێکار ڕایانگرێت. بە تایبەتی فۆکوس لەسەرمەسەلەی ژنان، پەرەپێدان و ئاسۆدارکردن و ڕێکخراوکردنی بزوتنەوەی ژنان لە دژی ستەم و هەلاواردن و کوشتاریناموسپەرستانە و ئامادەکردنی هەڵسوڕاوانی کۆمۆنیستی ئەم بزوتنەوەیە بۆ بەدەستەوە گرتنی ڕابەرایەتیەکەی، بەگژاچونەوەی یاسا و نەریتە ئیسلامی و ناسیۆنالیستیە پیاوسالارەکان و گوشارданانی توند لەسەر دەسەلات، بۆ ملدان بە داخوازیەکانی بزوتنەوەی ژنان و لەکارخستنی نەریتە پیاوسالاریەکان.

- بەرگری شێلگیرانە لە ئازادی سیاسی بێقەیدوبەند، وەستانەوە دژی پلان و هێرشەکانی دەسەلات بۆ سەر ئازادی سیاسی.

– بەهێزکردنی گیانی هاوخەباتی و هاوپشتی چینی کرێکاری کوردستان لەگەڵ چینی کرێکار لە عێراق و بزوتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری لە هەردوو مەیدانەکەدا. برەودان بەم خەباتە لە پێناو هەڵپێچانی هێز و دەسەلات و هێزە قەومی و دینییەکان و بەڕێخستنی پرۆسەیەکی ئاڵوگۆڕی

شۆڕشگێڕانە لە عێراق. پەرەدان بە گیانی هاوخەباتی و پشتیوانی لەگەڵ چینی کرێکار و بزوتنەوە جەماوەری و شۆڕشگیرانەکانی ناوچەکە.

- دەرەوەی ووڵات بۆ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لەبنەڕەتدا مەیدانێکی خەباتە بۆ بردنەپێشی ڕەوتی شۆڕشی کرێکاری لە کوردستان، هاوکات مەیدانێکە بۆ پتەوکردنی هاوخەباتی ئەنتەرناسیۆنالیستی چینی کرێکار و بەهێزکردن و پەرەپێدانی مارکسیزم و کۆمۆنیزم. بەرنامەکاری حزب لە دەرەوەی وڵات و بەدیاریکراوی هەڵسوڕانی ڕێکخراوی دەرەوە، فۆکوس دەکات لەسەر بەدەستهێنانی پشتیوانی بۆ بزوتنەوەی کرێکاری و جەماوەری و بەرگری لە ئازادی، توندکردنەوەی گوشار لەسەر دەسەڵات، بەهێزکردنی هاوپشتی لەگەڵ بزوتنەوەی کرێکاری و سۆشیالیستی و ئازادیخوازانەکانی جیهان.

- پەرەدان بە مارکسیزم و برەودان بە هەژمونی کۆمۆنیزمی کرێکاری و بەهێزکردن و مونسەجیم کردنی ئەم بزووتنەوەیە و هاوخەباتی حزبەکانی. پتەوکردنی پەیوەندی و هاوخەباتی لەگەل ئەحزاب و ڕێکخراو و بزوتنەوە کۆمۆنیستی و کرێکاری و سۆشیالیستەکانی جیهان.

* * *

ئەرکی رابەری حزبە لەسەر بناغەی بنەما سەرەکیەکانی ئەم ستراتیژە، هەستێت بە داڕشتنی ئەرکە دەم و دەستەکانی ئێستا، هەروەها ئەرکەکانی حزب لە برگەکانی دیکەی ئەم ستراتیژەدا، پێ بەپێی چونەپێش و تێپەڕاندنی ئەم برگەیە و پێکهاتنی ئاڵوگۆڕ لە هاوسەنگی هێزدا.

**کۆنگرەی پێنجەمی**

**حزبی کۆمۆنستی کرێکاریی کوردستان**

**ناوەڕاستی دیسەمبەری ٢٠٢١**

# بڕیارنامە دەربارەی:
# دۆخی سیاسی کوردستان و بزوتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری

- لەژێر کاریگەری هەلومەرجی جیهان و ناوچەکەدا، کوردستان لەبەردەم دەورەیەک لە ئاڵوگۆڕی تازەدا قەراری گرتوە. کشانەوەی ئەمریکا لە ناوچەکە و شکستی سیاسەتەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەسەڵاتی سی ساڵەی حزبە بۆرژوا ناسیۆنالیستە کوردەکانی دووچاری دەورەیەکی تازە لە بنبەست و بێئاسۆیی کردوە. ئەوەی لە ماوەی سی ساڵی ڕابردودا ناویان نابوو پشتیوانی ئەمریکا لە "کورد"، تەنها بەکارهێنانی ئەم حزبانە و دەسەڵاتەکەیان بوو لەلایەن ئەمریکاوە وەکو کارتی گوشار بۆ بردنەپێشی سیاسەتەکانی خۆی. ئەم حزبانە لە ڕێگای خۆگرێدانەوە بە سیاسەتەکانی ئەمریکاوە بە دەسەڵات گەیشتن و لە دەسەڵاتدا مانەوە، ئێستاش بە ناکامی و پاشەکشەی ئەمریکا، هەم دوچاری بێ ئاسۆیین و هەم دەکەونە بەر گوشاری هەمەلایەنەی دەسەڵاتی بەغدا و دەوڵەتانی ناوچەکە.

- بەدەر لەم ئاڵوگۆڕە تازانە، ئەم دەسەڵاتە گەندەڵ و چەوسێنەرە کە بە زەبری هێزی میلیشیایی داسەپێنراوە و بەسیناریۆی هەڵبژاردن ڕوپۆش کراوە، دوچاری قەیرانێکی هەمەلایەنەیە. بێتوانایی خۆی لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە نیشانداوە. نەک تەنیا وەڵامی بۆ هیچ یەک لە کێشەکانی ئێستای ئەم کۆمەڵگەیە نییە، بەڵکو خۆی هۆکار و سەرچاوەی جۆرەها گرفت و کێشەیە. بێکاری و گرانی، نەبوونی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان، تاڵانکردنی مووچە و هاوکات سەرکوتی ئازادییە سیاسیەکان، لە سایەی ئەم دەسەڵاتەدا جەماوەری فراوانی خەڵکی لە ناو بێدەرەتانیدا نوقم بووە. دەسەڵات لەجیاتی وەڵامدانەوە بە خواست و دابینکردنی ماف و خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان، لەلایەکەوە بە ناوی فرۆشتن بە کەرتی تایبەت، کەرتە خزمەتگوزارییەکان هەڕاج دەکات و دەیدات بە کۆمپانیا و بەرپرسانی خۆیان و هێندەی تر قورسایی ژیان و گوزەران دەخاتە سەر شانی چینی کرێکار و جەماوەری خەڵک، لەلایەکی تریشەوە بە سەپاندنی باج و سەرانەی هەمەجۆر چەوسانەوەی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێش چەند بەرابەر دەکاتەوە.

- ئەم دەسەڵاتە کە لە بنەڕەتەوە لەسەر بناغەی ستەمکاری و تاڵانگەری و داتەکاندنی گیرفانی چینی کرێکار و جەماوەری فراوانی خەڵک و کەڵەکەی سەرمایە و قەڵای سەروەت بۆ چینی بۆرژوازی دامەزراوە، هیچ چاکسازییەک هەڵناگرێت. ستەمگەری و چەوساندنەوەی بێسنور خەسڵەتی ئەم دەسەڵاتەیە. بەڵام جگە لەم ڕاستیەش ئەزمونی چەندین ساڵی ڕابردو چەندینجار بە کردەوە ئەم ڕاستیەی سەلماندوە. ئەو هێزانەی بە بانگەشەی چاکسازیەوە هاتنە مەیدان و توانییان بۆدەورەیەک خۆشباوەری لەناو خەڵکدا دروست بکەن، لەم ڕێگایەوە خۆیان سواری شەپۆلی ناڕەزایەتی

خەڵک کرد تا سوچێکی دەسەڵاتیان پێ ببرێت. لەئاکامدا زەبرێکیان لە بزوتنەوەی نارەزایەتی و لە خەبات و قوربانییەکانی خەڵکی نارازی دا و کردیان بە دەستمایەی سات و سەودا و شەریکبوونەوە لە دەسەڵات.

- هێشتا بەشێک لە بۆرژوازی نارازی لە هەوڵی ئەوەدایە کە ئاسۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری بە ئاڵوگۆری روکەش و گۆرینی دەموچاوەکان لەگەڵ هێشتنەوەی پایەکانی سیستەمی ئێستا تەنگ بکاتەوە. لە کاتێکدا بەدیهاتنی خواست و ئامانجەکانی چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێش و مامۆستا و فەرمانبەر و لاوان و ژنان لە هەنگاوی یەکەمدا لە گرەوی کۆتایهێنان و راماڵینی گشت دەسەڵات و سەرتاپای ئەو سیستەمە بۆرژوازیەدایە کە ئێستا ئەم کۆمەڵگەیەی نوقمی نەهامەتی کردوە.

- بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری کە خاوەن ئەزمونێکی چەندین ساڵە و خاراوە، ئیتر باڵە نارازییەکانی بۆرژوازی بەئاسانی ناتوانن یاری پێ بکەن و بەرەوهەڵدێری بەرن. ئەزمونی ١٧ی شوبات و خرۆشانە جەماوەرییەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی، پشتی ئەم بزوتنەوەیەی بەهێز و مەحکەم کردوە. ئێستا بزوتنەوەیەکی جەماوەری تارادەیەک سەراسەری و رادیکاڵ بە خواستی کۆتایهێنان بەم دەسەڵاتەوە پێی لە مەیدان چەقاندووە. سەرباری سەرکوتگەری و پیلانگێری دەسەڵات، ئەم بزوتنەوەیە و نەفرەت و نارەزایەتی جەماوەری تا دێت پەرە دەگرێت و قوڵتر دەبێتەوەو بە ئاراستەیەکدا دەرواتە پێش، کە لە سایەی ئاسۆ و رابەرایەتی و بەدیلێکی شۆرشگێرانەدا، دەتوانێ هەوێنی ئاڵوگۆری بنەرەتی و کۆتایهێنان بێت بەم دەسەڵاتە.

- لەدوای رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٧ەوە، هەلومەرجی سیاسی و ئابوری و رەوشی یاسایی کوردستان، راستەوخۆ و جارێکی

دیکە گرێی خواردەوە بە هەلومەرجی سیاسی و ئابوری عێراقەوە. بەم پێیەش هەم هەلومەرجی سیاسی عێراق و هەم بزوتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری لە عێراق، وەکو فاکتەرێکی گرنگی دۆخی ئێستا، کاریگەریی هەیە لەسەر دۆخی کوردستان. ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەری شارەکانی عێراق، تەواوی هاوکێشەی سیاسی و پێگەی هێزە سیاسیەکان و هاوسەنگی نێوانیانی گۆڕی. ڕێکەوتننامەکانی پێشوی نێوانیانی هەڵوەشانەوە. هەموو ئەمانەش کاریگەری داناوە لەسەر بارودۆخی سیاسی کوردستان بەگشتی و پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی بەغدا بەتایبەتی. ئەم بزوتنەوەیە و ئاکامەکانی کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر بزوتنەوەی جەماوەری دژی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد.

کۆنگرەی پێنجەمی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بە لەبەرچاوگرتنی ئەم هەلومەرجە سیاسییە و بەمەبەستی کۆمەککردن بە سەرکەوتنی بزوتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری کوردستان دژ بە دەسەڵاتی میلیشایی بۆرژوازی کورد، پێداگری لەسەر ئەنجامدانی ئەم ئەرکانە دەکات؛

١/ هەوڵدان بۆ دابینکردنی ڕابەری و هەژمونی ئاسۆیەکی سیاسی شۆڕشگێڕانە و سۆشیالیستی بۆ بزوتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری لە پێناو کۆتایهێنان بە دەسەڵاتی میلیشیایی و دامەزراندنی دەسەڵاتێکی پشت بەستو بە ئیرادەی ڕاسەوخۆی خەڵک.

٢/ سەرکەوتنی هەر ناڕەزایەتییەکی دیاریکراو لە دەوری داخوازی کاتی و دیاریکراو و سەپاندنی بەسەر دەسەڵاتدا، هەنگاوێکی گرنگە لە ڕێڕەوی پەرەسەندن و پێشڕەوی گشت بزوتنەوەکە لە پێناو ئامانجی کۆتایی. بەم پێیەش دەستەبەرکردنی تاکتیک و دروشم و شێوازی کارساز بۆ سەرخستنی هەر ناڕەزایەتییەکی دیاریکراو، بەپێی هاوسەنگی هێزو

دوورگرتنی لەو شێوازانەی دەستی سەرکوت ئاوەڵا دەکات، مەرجێکی گرنگی پەرەگرتن و بەرەوپێشەوەچوونی بزوتنەوەکەیە.

٣/ پەردەهەڵماڵین لەسەر پلان و بەرنامەی ئەو هێزە بۆرژوازییە نارازیانەی کە دەیانەوێ بە پڕوپاگەندەی چاکسازی و ئاسۆی تەنگی ئاڵوگۆڕی ڕوکەش ئەم بزوتنەوەی بەرەو هەڵدێر بەرن.

٤/ دامەزراندن و شکڵدان بە شێوە جۆراوجۆرەکانی ڕێکخراوەیی کرێکاران و بێکاران و فەرمانبەران و مامۆستایان و لاوان و ژنان و...، لە بابەتی کۆبونەوەی گشتی و شوراو یەکێتی و نەقابەکان....هتد. بەرێخستنی بزوتنەوەی کاری ڕاستەوخۆی جەماوەری بۆ دەرهێنانی بەڕێوەبردنی کاروبار و ژیانی ڕۆژانەی خەڵک لە دەست حزبە دەسەلاتدارەکان .

٥/ برەودان و بەهێزکردنی هاوپشتی نێوان بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری لە کوردستان و عێراق.

٦/ وەستانەوە بەرامبەر زەخت و زۆری سیاسی و ئابوری و سەربازی حکومەتی مەرکەزی دژی خەڵکی کوردستان و بە بارمتەگرتنی نان و گوزەرانی خەڵک، بە بیانوی پابەند نەبوونی حکومەتی هەرێم بە ڕێککەوتنەکانیان. نابێ بە هیچ پاساوێک قوتی خەڵک تێکەڵ بە کێشە و ناکۆکی نێوان هەردوو حکومەت بکریت.

٧/ دەرکەوتنی حزب وەکو ئۆپۆزیسیۆنی سەرەکی و شۆڕشگێڕ و خوازیاری گۆڕینی دەسەلات و ڕابەر و ڕێکخەری بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری.

٨/ بەرینکردنەوەی نفوزی کۆمەلایەتی حزب و دامەزراندنی ڕێکخراوە و کۆمیتە کۆمۆنیستیەکانی حزب لە شار و ناوەندەکاندا. گۆڕینی حزب بە حزبێکی جەماوەری خاوەن ڕێکخراوی پتەوی کۆمۆنیستی بەتایبەت لەناو

کرێکاران و ژنان و لاواندا.

**کۆنگرەی پێنجەمی**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

**ناوەڕاستی دیسەمبەری ٢٠٢١**

# کۆنگرەی سەراسەری نوێنەری شوراکانی خەڵک، بەدیلی دەسەڵاتی میلیشیایی ئیستایە !

- دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد کە لە دەسەڵاتی ناسیۆنالستی میلیشیایی یەکێتی و پارتی و هاوبەشە ئیسلامی و ناسیۆنالیستەکانی تریاندا بەرجەستە بووە، دوچاری بنبەست و قەیرانیکی هەمەلایەنەیە. ئەم دەسەڵاتە کە تا سەرمۆخ کۆنەپەرست و ستەمکار و بێدەربەستە بەرانبەر ژیان و گوزەران و ماف و ئازادییەکانی جەماوەری ملیۆنی خەڵکی کوردستان، نەک هەر وەڵامی بۆ کێشە و گرفتە کەڵەکە بووەکانی ئێستا نییە، بەڵکو خۆی بارێکی قورسە بەسەر کۆمەڵگەوە و هۆکاری جۆرەها دەرد و مەینەتە بۆ جەماوەری خەڵک.

- دوای سی ساڵ دەسەڵاتداریێتی بورژوازی کورد، خەڵکی ئەم کۆمەڵگایە بە نرخێکی گران و لە ئاستێکی فراواندا خۆیان لەژێر گوشاری پڕوپاگەندە

و بەڵێنە فریوكارانەكانی ئەم دەسەڵاتە دەرهێناوە. پێ بەپێی ڕەوینەوەی خۆشباوەڕی بەم دەسەڵاتە، بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری لەدژی ستەمكاری و بێدەربەستی دەسەڵات، دەستی بە بزوتن و نەشونما كردوە. ئەمڕۆ نەفرەت و تورەیی جەماوەری كرێكار و فەرمانبەر و مامۆستا و بێكار و لاو و ژن لەم دەسەڵاتە بەوپەڕی خۆی گەیشتوە. بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری بزوتنەوەیەكی فراوان و بەهێز و تا ڕادەیەك سەراسەرییە و جەماوەری ناڕازی لە ئاستێكی فراواندا بەو ئەنجامە گەیشتون كە گۆڕانكاری و دەستەبەر بوونی ماف و داخوازییەكانیان، بەندە بە كۆتایهێنان بەم دەسەڵاتەوە.

–بەو پێیەی كە دەسەڵاتی ئێستا، دەسەڵاتی ئەحزابی میلیشیاییە و دامەزراوە حكومییەكان كارتۆنی و ڕواڵەتین، كۆتاییهێنانی بەندە بە ڕامالّینی دەسەڵاتی میلیشیایی حزبی لە هەریەك لە زۆنەكاندا. بەڵام مەرج نییە ئەم ڕامالّینە بەیەك تەكان و لەیەك كات و لە ئاستی سەراسەریدا، بە ئەنجام بگات. بەڵكو بەپێی هێز و هاوسەنگی ڕەنگە سەرەتا لە زۆن و یان تەنانەت لە شار و ناوچەو شارۆچكەیەكدا ڕووبدات. لە هەر ناوچەیەكدا كە ئەم دەسەڵاتە ڕادەماڵدرێت، پێویستە یەكسەر ئۆرگانەكانی دەسەڵاتی جەماوەری لە جێگایان دامەزرێ و توانایی بەرگری لە خۆكردنیان هەبێت. لە پرۆسەی ڕامالّینی دەسەڵاتدا، و لە ڕێڕەوی پاككردنەوەی هەر شوێن و جێگایەكدا، هێز و هاوسەنگی ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت و تەنانەت دەشێت دەسەڵاتی دوو لایەنە ببێتە ئەمری واقع لە ناوچەیەكدا، یان بەشێكی بەدەست دەسەڵاتی ئێستا و بەشێكی تری بەدەست جەماوەری ڕاپەریوەوە بێت. تا لە پرۆسەیەكدا ڕامالّین و پاككردنەوەی دەسەڵات بەدوا ئاكامی خۆی بگات.

–ڕەوتە بۆرژوازییە ناڕازی و ئۆپۆزیسیۆنەكان لە هەوڵی ئەوەدان

خواستی جەماوەر بۆ ئاڵوگۆڕ، لە ناو ئاسۆی تەنگی ئاڵوگۆڕێکی ڕواڵەتیدا قەتیس بکەن. بۆ ئەم چەواشەکارییە بانگەوازی خەڵک دەکەن کە ڕوو بکەنە سندوقەکانی هەڵبژاردن. بەڵام خەڵکی کوردستان لەگەڵ ئەم ڕێگایە ئەزمونیان هەیە. ئەو ئەزمونە نیشانیداوە کە نەسەرخستنی هیچ حزبێک بۆسەر کورسی پەرلەمان و دەسەلات و نە گۆڕینی دەموچاوەکانیش هیچ لە ڕەوشی ژیان و بێدەرەتانی خەڵک ناگۆڕێت، ئەمە ڕێگایەک نییە بۆ دەستەبەرکردنی ئامانج و داخوازییەکانی جەماوەری خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش. ئەم کۆمەڵگەیە پێویستی بە ئاڵوگۆڕێکی شۆڕشگێڕانەیە کە دەسەڵاتی میلیشیایی ئێستا لە ڕیشەوە هەڵپێچێ و سیستەمێکی دیکەی دەسەڵاتدارێتی پشت بەستو بە ئیرادەی ڕاستەوخۆی خەڵک لە جێگای دامەزرێنێ. بزوتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری، ئەگەر لەدەوری ئاسۆیەکی ڕون بۆ هەڵپێچانی ئەم دەسەڵاتە و بەرپاکردنی بەدیلێکی شۆڕشگێرانە تەوەرە ببەستێ، هەوێنی ئەم ئاڵوگۆڕە شۆڕشگێڕانەیەیە.

—بزوتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری بەدوای ١٧ شوباتەوە تا دەگاتە بەئێستا، بەجیا لەخواستە سنفی و کاتی و ڕۆژانەیەکانی، خواستە سەرەکی و سەراسەری و بناغەیەکانی خۆی "نان، ئازادی، خزمەتگوزاری"، خستوتە ڕوو. زامنی وەدیهێنانی ئەو خواستە سەرەکی و سەراسەری و بناغەیانەی جەماوەری کوردستان، لە گرەوی دامەزراندنی دەسەڵاتی شۆڕشگێرانەی پشتبەستو بە ئیرادەی ڕاستەوخۆی جەماوەری خەڵک دایە. ئەو دەسەڵاتە شۆڕشگێرانەیە " کۆنگرەی سەراسەری نوێنەری شورا و ڕێکخراوە جەماوەریەکانە". شورا چ بە مانای کاری جەماوەری وچ بەمانای هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی نوێنەران، کارسازترین شێوەی ڕێکخراوبوونە چ بۆ ڕێکخستن و ڕابەریکردنی ئەمڕۆی بزوتنەوەی جەماوەری لەپێناو

سەپاندنی خواستەکانی جەماوەر و چ بۆ دەسەڵاتداریتی و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە پاش کۆتایهاتنی دەسەڵاتی ستەمکاری ئێستا.

- کۆمەڵگەی کوردستان هەم ئەزمونی بزوتنەوەی شورایی کاتی ڕاپەرینی ١٩٩١ی هەیە و هەم ئەزمونی ڕێکخراوە جەماوەرییە سەربەخۆکانی کرێکاران و بێکاران و کارمەندان و ژنان و مامۆستایان و لاوانی هەیە، کە دەورێکی گەورەیان گێڕا لە ڕێکخستن و ڕابەریکردنی خەباتی جەماوەری. ئێستا کاتی ئەوەیە جارێکی تر ئەو ڕێکخراوانە دامەزرێنەوە هەم بۆ ڕابەری بزوتنەوەی جەماوەری ئێستاو هەم بۆ ئامادەکاری بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لە سبەینێی سەرکەوتنی ئەم بزوتنەوەیەدا.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لەپێناو سەرخستنی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری ئێستای کوردستان و بەدیهێنانی ئازادی و خۆشگوزەرانی و ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی، خەبات دەکات بۆ کۆتایهێنان بە دەسەڵاتی ئێستا و دامەزراندنی حکومەتی "کۆنگرەی سەراسەری نوێنەری شوراکانی خەڵک."

کۆنگرەی سەراسەری نوێنەری شوراکانی خەڵک" لە هەلومەرجی لاوازبوونی دەسەڵاتی ئێستا، یان کەنار خستن و ڕاماڵینیدا، ڕاستەخۆ وەکو بەدیلی دەسەڵات خۆی ڕادەگەیەنێت و بە نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان، بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە بەدەستەوە دەگرێت و دەستبەجێ وەکو حکومەتی یاسایی بە مەبەستی وەڵامدانەوە بە خواست و ئامانجەکانی خەڵکی ڕاپەڕیو، ئەم هەنگاوانەی خوارەوە هەڵدەگرێت:

١/ ڕاگەیاندنی خۆی وەکو دەسەڵات و بەوێنەی حکومەتی فەرمی و یاسایی لە کوردستان تا بەرپاکردن و ڕاگەیاندنی فەرمی و ئاشکرای " کۆنگرەی دامەزرێنەری حکومەتی ئایندە".

٢/ ڕاگەیاندنی دەسەڵاتی کاتی "کۆنگرەی سەراسەری شوراکان" کوردستان، بە ناوەندە دەوڵەتی و نێودەوڵەتییەکانی جیهان. ڕاگەیاندنی ئاشتی لەگەڵ هەموو وڵاتانی دراوسی و دەوڵەتان و خەڵکی جیهان.
٣/ دابینکردنی توانای بەرگری لە خۆکردنی شوراکانی خەڵک لەبەرامبەر پیلانی کۆنەپەرستان و پاشماوەکانی دەسەڵاتی ڕوخاو و هەموو کۆنەپەرستانی دژی خەڵک.
٤/ ڕاگەیاندنی ئازادی بێقەیدو بەندی سیاسی، ئازادیی بیروباوەر، ڕادەربڕین، چاپەمەنی، مانگرتن و خۆپیشاندان، کۆبونەوەو ڕێکخراوبوون، پێکهێنانی ڕێکخراو و ئەحزابی سیاسی بەبێ هیچ قەیدو بەندێک. ئازادی هەڵسوڕانی حزب و هێزە سیاسییەکان بەدەر لەوەی چ بۆچون و بیروباوەڕێکیان هەیە، لە ناو شوراکانی خەڵک، بۆ خستنەڕووی بەرنامەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری خۆیان لە پێناو ڕاکێشانی ڕای خەڵک و شوراکان بۆ بەرنامەکانیان.
٥/ کۆمەک بە پێکهاتنی دەستبەجێی شوراکانی جێگای کار و ژیانی خەڵک لە سەراسەری وڵات لە ماوەی لانی زۆر شەش مانگدا.
٦/ هەڵوەشاندنەوەی هەموو دامودەزگا بیروکراسی و گەندەڵەکانی ئێستا، حکومەت و پەرلەمان، سەرۆکایەتی هەرێم و .. هەروەها هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم هێزە چەکدارە میلیشیاییە حزبیەکان. هەموو کەرەسە و دارایی و مومتەلەکاتی ئەم دەزگاو میلیشیایانە لەلایەن نوێنەرانی جەماوەرەوە تەرخان دەکرێن بۆ چەکدارکردنی گشتی جەماوەری ڕێکخراو لە شورا و ڕێکخراوە جەماوەریەکانی خۆیاندا. هەروەها بانگەوازی هێزە چەکدارەکانی ئێستا (پێشمەرگە و پۆلیس و ...) دەکرێن کە ئازادانە بە هاوچارەنوسەکانی خۆیان و هێزی چەکداری شوراکانەوە پەیوەست بن بۆ پاراستی ئازادی و

ئاسایشی کۆمەڵگە.

٧/ گرتنەبەری هەنگاوی بەپەلەو کارساز بۆ گێڕانەوەی هەموو ئەو موڵک و سامانەی کە لەم چەند ساڵەدا لەلایەن ئەحزاب و سەران و دەست و پێوەندەکانیانەوە بەتاڵان براوە. ئەوانە لەگەڵ داهاتی نەوت و داهاتەکانی دیکە، تەرخان دەکرێن بۆ باشکردنی ژیان و گوزەران و خزمەتگوزارییە گشتییەکان لەژێر چاودێری شوراکاندا.

٨/ دەستبەجێ لەو داهاتانە هەموو کرێ و مووچە نەدراوەکانی سەرجەم کرێکاران و کارمەندان و پێشمەرگە و پۆلیس و مامۆستا و خانەنشین و کەم ئەندامان و بیمەکانی تر.. بەسەریەکەوە دابین و دابەش دەکرێن. هەروەها سەرجەم کرێ و موچەکان بەپێی ئاستی گرانی زیاد دەکرێن.

٩/ خۆڕاییکردنی خزمەتگوزاریەکانی وەک ئاو و کارەبا و خوێندن و تەندروستی.

١٠/ دابینکردنی هەلی کار یان بیمەی بێکاری تەسەل بۆ هەموو بێکارانی ئامادە بەکار.

١١/ هەموو بانکەکان لە یەک بانکی گشتی ژێردەسەڵاتی حکومەتی کاتیدا یەکدەخرێن و داهاتی نەوت و سەرجەم داهاتەکان، هەروەها خەرج و بودجەبەندی وڵات بەشێوەیەکی شەفاف دەخرێتە بەرچاوی جەماوەر و لەژێر کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی نوێنەرانی خەڵکدا دەبێت.

١٢/ هەڵوەشاندنەوەی ئەو پەیماننامەو گرێبەستە ئابوری و سیاسیانەی کە حکومەتی هەرێم لەگەڵ دەوڵەت و کۆمپانیاکاندا بەستویانە و دژ بە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستانن.

١٣/ لێپرسینەوە و دادگاییکردنی تەواوی ئەو بەرپرسانەی بەشدارن لە تاڵانی و تاوانی کوشتن و فڕاندن و تیرۆر و هاوکاریکردنی تیرۆرستاندا.

١٤/ دین لە دەوڵەت و پەروەدە و فێرکردن جیادەکرێتەوە، هەڵوەشانەوەی هەموو ئەو یاساو ڕێسایانەی کە سەرچاوەی دینییان هەیە یان هۆکاری جیاکارین. هەرکەس ئازادە هەر دینێکی هەبێت یان هیچ دینێکی نەبێت.
١٥/ یەکسانی هەمەلایەنەی ژن و پیاو لە هەموو مافێکدا وە هەڵوەشانەوەی هەموو ئەو یاساو ڕێسایانەی کە ناکۆک بێت لەگەڵ ئەمەدا.
١٦/ مافی هاولاتی بونی یەکسان بۆ هەموو دانیشتوانی کوردستان بەدەر لە زمان و ڕەگەز و دین و ئەتنیک.
١٧/ هەڵوەشاندنەوەی سزای لە سێدارەدان و سزای زیندانی هەتاهەتایی...
١٨/ گرتنەبەری هەنگاوی بە پەلە و پێویست بۆ دابینکردن و ڕێکخستنی گوزەرانێکی گونجاو بۆ ئاوارەکان.
١٩/ حکومەتی کۆنگرەی سەراسەری شوراکانی خەڵک لەبارەی پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان بە دەوڵەتی عێراقەوە، پرسی جیابوونەوە و سەربەخۆیی کوردستان یان مانەوە لەگەڵ عێراق، بەشێوەیەکی سیاسی و گونجاو لە ڕێگای گەڕانەوە بۆ ڕای خەڵکی کوردستان یەکلادەکاتەوە.
٢٠/ بەرپاکردنی فەرمی و ئاشکرای یەکەمین "کۆنگرەی دامەزرێنەری حکومەتی داهاتوو" لە ڕێگای بەشداری نوێنەری هەڵبژێردراوی شوراکان لەسەرانسەری وڵاتدا بۆ داڕشتنی دەستور و بەرپاکردنی دامەزراوەکانی دەسەڵاتی خەڵکی لە ماوەی شەش مانگ بۆ ساڵیک دوای بە دەسەلات گەیشتنی "کۆنگرەی نوێنەری شوراکانی خەڵک".

* * *

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بانگەوازی هەموو جەماوەری ناڕازی و ئازادیخواز دەکات کە لەپێناو ئەم ئامانجانە و بەرپاکردنی دەسەڵاتێکی ڕاستەوخۆی جەماوەری و شۆڕشگێرانە، لە پشتی ئەم ئەلتەرناتیڤە

ڕابوەستن و بۆ بەرپاکردنی شوراکان دەست بەکاربن. هەروەها بانگەوازی هەموو هەڵسوڕاوانی کرێکاری و کۆمۆنیست و ئازادیخواز دەکات بۆ نواندنی ڕۆڵی دەستپێشخەری و پێشڕەوانە لەم ڕێگایەدا.
هاوکات حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە پێویستە هەموو حزبە سیاسییەکان پابەندی خواست و ئیرادەی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری کرێکار و ئازادیخوازی بەمەیدان هاتوو بن و خۆیان نەخەنە بەرانبەر ئەم ئیرادەیەوە. ئەمە تەنها ڕێگای دەرهێنانی کۆمەڵگەیە لە قەیران و بنبەستی ئێستا و دوور ڕاگرتنیەتی لە توندوتیژی و پێکدادانی خوێناوی. سیستەمی شورایی لەگەڵ ئەوەی تەنها شێوازی دەسەڵاتداریێتی ڕاستەوخۆی جەماوەرە، لە هەمانکاتدا باڵاترین جۆری دیموکراسی و ئازادی سیاسی مسۆگەر دەکات. هەموو حزبە سیاسییەکان دەرفەتی ئەوەیان هەیە بەڕێزگرتن لە ئیرادەی شۆڕشگێڕانەی جەماوەر و بەشدارییەکی سیاسی لەم پرۆسە دیمکراتیک و ئازادانەیەدا ڕۆڵی خۆیان بگێڕن و پێگەی خۆیان بەدەست بهێنن.

**کۆنگرەی پێنجەمی**
**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**ناوەڕاستی دیسەمبەری ٢٠٢١**

دەعوانامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان:

# دژی دەسەڵاتی ٣٠ ساڵەی بۆرژوا-ناسیونالیستی کورد!

- ٣٠ ساڵ لەمەوبەر بزوتنەوەی کوردایەتی و حزبەکانی، بە خۆگرێدانەوە لەگەڵ سیاسەتی جەنگخوزانەی ئەمریکا، بە دەسەڵات گەیشتن. جەنگی خوێناوی ١٩٩١ی کەنداو هەلومەرجێکی تازەی خوڵقاند و دەرفەتی بۆ ڕاماڵینی دام و دەزگاکانی ڕژێمی بەعس فەراهەم کرد. ڕاپەڕینی ئازار لەو چوارچێوەیەدا سەریهەڵدا و لەژێر هەژمونی ئاسۆی ناسیۆنالیستی شەتەکدراو لەگەڵ سیاسەتی ئەمریکا بەرێوەچو.
- دوای ئەوەی ئەمریکا بە ئامانجی خۆی گەیشت، دەستی بۆ سوپای بەعس شل کرد تا تۆڵەی ڕاپەرین لە خەلکی کوردستان بکاتەوە. حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیش هیچ بەرگریەکیان نەکردو لە پیش خەڵکەوە بە چەکەکانیانەوە ڕایان کرد. بەم جۆرە ئەو برگەیە بە کارەساتی ئاوارەیی و مەرگەساتی ملیۆنی تەواوبوو.
- ئاوارەیی ملیۆنی و دیمەنە هەژێنەرەکانی، دنیای شارستانی جوڵاند و لە

ژێر کاریگەری رای گشتی جیهاندا، ئەنجومەی ئاسایش بە بریاریک ناوچەی ئارامی سەروی هێڵی ٣٦ی دروست کرد. ئەم بریارە پرسی سیاسی و مێژووی خەڵکی کوردستانی هێنایەخوارەوە بۆ پرسی ئاوارە کوردەکان و چارەنوسی کوردستانی هەلواسی. حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی پێشوازیان لەم بڕیارە کرد و وەکو دەستکەوتێکی گرنگ و مێژووی لەقەڵەمیاندا. هاوکاتیش بۆ شەریکبوونەوەیان لە دەسەڵات کەوتنە گفتوگۆو سازان لەگەڵ رژێمی بەعسدا...

- بەم جۆرە کوردستان بە کردەوە نە بەشیک بوو لە عێراق و نە وڵاتێکی سەربەخۆش بوو. لە کۆمەڵگەیەکی مەدەنی نۆراڵەوە گۆڕا بۆ ئۆردوگایەکی ئاوارەیی کە خەڵکەکەی بۆ پێداویستیەکانی ژیانی رۆژانە، چاویان بڕیە کۆمەکی یوئین و رێکخراوە خێرخوازەکان، یەکێتی و پارتیش کران بە پاسەوانی ئەم ئۆردوگایە. لەوکاتەوە ئیتر سەرگەردانی سیاسی لەگەڵ کێشەی کورد، بوونە دوانە گرفتی سەرەکی کۆمەڵگەی کوردستان.

- ساڵی ١٩٩٢دا ناسیۆنالیزمی کورد خۆشباوەر بە پشتیوانی ئەمریکا و غەرب دەستیان برد بۆ هەڵبژاردن و پیکهێنانی حکومەت و پەرلەمان. بەڵام ئەم حکومەت و پەرلەمانە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دانی پێدانەنرا و دوچاری بنبەست بوو. بەم بۆنەیەوە ململانێی یەکیتی و پارتی لەسەر دەسەڵات سەریهەڵدا. لە یادی دووساڵەی هەڵبژاردنەکەیاندا شەڕی خوێناوی ناوخۆیان دەستی پیکرد. ئەم شەرە لەدوا پلەی خوێناوی خۆیدا یەکیتی خستە باوشی ئیران و پارتیشی خستە باوشی تورکیاوە. سەرئەنجام لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦دا پارتی بە پشتیوانی بەعس هەولێری گرتەوەوە و هاوسەنگی هیزی بە قازانجی خۆی گۆری. لەم جەنگەدا بەهەزاران کەس بوونە قوربانی. دوای ٧ ساڵ ئەو شەرە نگریسە کۆتایی هات و هەردوو

حزب بە رێکەوتنی ستراتیژی لەسەر دزینی سامان و داهاتی کوردستان و ئاودیوکردنی سامانی گشتی و دابەشکردنی لەنیوان خۆیاندا پێکهاتن، کە تا ئێستا درێژەی هەیە.

– جەنگی دووەمی ئەمریکا دژی عیراق لە ٢٠٠٣ کە بوە هۆی روخانی رژێمی بەعس، هەلومەرجێکی تازی هێنایە ئاراوە. حزب و تاقمە قەومی و ئیسلامیەکانی بەدەسەلات گەیاند و عێراقی کردە مەیدانی جەنگی تایفی و برەودان بە ناکۆکی قەومی و دینی و دەستێوردانی وڵاتانی ناوچەکە. هاوکات بە سەپاندنی فیدرالیزمی قەومی لە دەستوردا، بە فەرمی زەمینە بۆ توندکردنەوەی کێبەرکێی قەومی و درێژەپیدانی سازبو. فیدرالیزم وەکو پرۆژەیەک بۆ شەریکبونەوەی ناسیونالیزمی کورد لە دەسەلات مەسەلەی کوردی بەرەو ئاڵۆزی زیاتر برد.

– پاش کۆتایهاتنی جەنگ لەسەر دەستی ئەمریکا مەجلسی حوکم دامەزرا، وەکو حکومەتی کاتی و داریژەری دەستوری تازەی عیراق. لەو برگەیەدا حزبە بورژوازیە کوردەکان، تەنها بە نرخی ئەوەی سوچێکی دەسەڵات بە خۆیان ببریت و فیدرالیزمیان لە دەستوردا بۆ جیگیر بکرێت و چەند پۆست و لە١٧% بودجەیان پیببرێت، بونە هاوپەیمانی کۆنەپەرستانەترین باندە قەومی و ئیسلامیەکانی عیراق و پشتیوانیان لە دەستورێک کرد کە بوە یەکیک لە هۆکارەکانی ئەو سیناریۆ رەشەی نزیکەی بیست سال بالی بەسەر عیراقدا کێشا.

– تا ساڵی ٢٠٠٣ بورژوازی کورد وەکو ئۆپۆزیسیۆنی رژێم خۆی نیشان دەدا، بەڵام بەروخانی رژێمی بەعس ئیتر بۆرژوای کورد و حزبەکانی بوونە خاوەنی دەسەڵات و خۆیان لە جێگای رژێمی پیشوو رووبەرووی خەڵکی کوردستان و داخوازییەکان بوونەوە. ئەوپاساوەی کە پیشتر بۆ قەبڵاندنی

دەسەڵاتی نگریس و تالانگەرانەی خۆیان، خەڵکی کوردستانیان بە مەترسی گەرانەوەی بەعس دەتۆقاند و هۆکاری نەبوونی و گرانی و بیکاری و بێدەرەتانیان بۆ بەعس دەگێرایەوە. بەروخاندنی رژیمی بەعس ئەم چەک و پاساوە لەدەستیان دەرهات. لەوکاتەوە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری رووی لە پەرەسەندن کرد، شارەکان بوونە مەیدانی خۆپیشاندان و نارەزایەتی جەماوەری دژی ئەم دەسەڵاتە گەندەڵ و ستەمکارە.

- بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری لە درێژەی خۆیدا لە ١٧ شوباتی ٢٠١١دا، بەئیلهام وەرگرتن لە شۆرشەکانی" بەهاری عەرەبی" و لە پێناو نان و ئازادی و گیرانەوەی بەهای ئینسانیدا، دەسەڵاتی ئەم حزبانەی هێنایە لەرزە. ئەم هاتنەمەیدانە بوو بە خاڵی وەرچەرخانێکی گرنگ لە مێژووی ئەم کۆمەڵگەیەدا. دوای 20 ساڵ لەپێشێلکردنی ئیرادەی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش، بەکردەوە بزووتنەوەیەکی شۆرشگێرانە بۆ هەڵگێرانەوەی ئەم هەلومەرجە کارەساتبارە دەستی پێکرد.

- ساڵی ٢٠١٤ کە داعش سەری هەڵدا، بورژوازی کورد خۆشحاڵی خۆی لە هاتنی داعش دەربڕی و وتیان" فرسەتە". لەکاتیکدا داعش بە رەفتارە ئیسلامیەکانی، قەتڵ و عامی خەڵکیان دەکرد و دەستیان لەهیچ تاوانکارییەک نەدەپاراست، حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی سەرمەستی گرتنی چەند شوێن و ناوچەیەک بوون کە لەلایەن سوپای عیراقەوە چۆڵکرابوون. بەم جۆرە پیشوازیان لە هیرشی داعش کرد بۆ سەر شار و ناوچەکانی بندەستی حکومەتی بەغدا. کاتێکیش داعش هیرشی کردە سەر شەنگال و دەوروبەری، هیزەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی بەتایبەتی پارتی کە دەسەڵاتداری ناوچەکە بوو، بێ ئەوەی یەک فیشەک بۆ بەرگری بتەقێنن هەڵهاتن و خەڵکی شەنگالیان بەدەستی بەستراو رادەستی داعش کرد.

بەمەش تراژیدیەکی گەورەیان بەسەر خەڵکی شەنگال و دەوربەریدا هێنا.
- دوای تێکشکانی سەربازی داعش، دەسەڵاتی بۆرژوازی عیراقی بۆ گێرانەوەی هاوسەنگی هیزی لەدەستچووی سەردەمی شەری داعش و ئەو جێگایانەی لەدەستیان دابوو، بەپاساوی ریفراندۆم و بەهاوکاری باڵێکی یەکێتی، لە ١٦ ئۆکتۆبەردا هیرشیان کردە سەر کەرکوک و ناوچە کوردنشینە کێشەلەسەرەکان. هیزە چەکدارەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی بێ هیچ بەرگرییەک، هەروەکو شەنگال خۆیان بەدەستەوەدا و جاریکی تر ئاوارەیی و بێدەرەتانیەکی گەورەیان بەسەر خەڵکی ئەو ناوچانەدا هینا..
- بورژوازی کورد بە دریژایی ٣٠ ساڵی رابردووی دەسەلاتی، لە هیچ یەک لەو برگەو ویستگە سیاسی و ئاڵوگۆرە گەورانەدا، بۆیەک جاریش نوێنەرایەتی هیچ ویست و بەرژەوەندیەکی خەڵکی کوردستانی نەکرد، هەمیشە بازرگانیان بە پرسی کوردەوە کردوە، بوونەتە مایەی نەهامەتی و بێدەرەتانی بۆ خەڵک.
- لەم ٣٠ ساڵەدا ژیان و گوزەرانی چینی کرێکار و جەماوەری بیبەش تا ئەوپەری خراپی رۆشت، بێکاری کۆمەڵگای داگرت، موچەیان تاڵان کرد و دایانشکان بۆ چارەکە موچە، هەژاری کەمەرشکێنیان بەسەر خەڵکدا سەپاند، خزمەتگوازرییە پێویست و سەرەتاییەکانیان سپارد بە بازاری بێرەحمی سەرمایە، لە ریگای سەپاندنی تەزکیەی حزبیەوە مافی کاکردن بە بارمتە گیرا و کریکاران کرانە پاشکۆی حزبە دەسەڵاتدارەکان. چینی بۆرژوازیش لەسەر حیسابی هەژاری و بێدەرەتانی و بیبەشکردنی خەڵک لە سەرەتاییترین ماف و خزمەتگوازرییەکان، هەروەها لە ڕێگای دزی و تالانیەکی ئاشکرای" نایاسایی و بەیاسایی کراو" بوەتە خاوەن سامانێکی بێ هەژمار...

- مافە فەردی و مەدەنیەکان و ئازادیە سیاسییەکان، کەوتنە بەردەم هەرەشە و پەلاماری سەرکوت. تەنانەت دەیان کەس بەهۆی کەڵک وەرگرتن لە سۆشیال میدیا و نووسینی بابەتی رەخنە ئامیز رەوانەی زیندانەکان کران. زیندانیی سیاسی و پاکانە پرکردنەوە و تیرۆری نەیارانی دەسەلات و رۆژنامەنوسان پەرەی سەند، بەری رۆژنامەو کاری رۆژنامەگەری گیرا.

- لەیەکەم رۆژی هاتنەسەرکاری ئەم حزبانەوە لێشاوی کوشتاری ناموسپەرستانەی ژنانیان بەرێخست. هەزاران ژن بە پێی یاساکانی ئەحوال شەخسی و سزاکانی بەعس تیرۆر کران، یاسا کۆنەپەرستە دژە ژنەکان لە پەرلەماندا دەمەزەرد کرانەوە. لە ماوەی ٣٠ سالی ئەم دەسەڵاتەدا چەند بەرابەری قوربانیان کیمیابارانی هەلەبجە ژنان کوشتار یان ناچار بە خۆکوژی کراون. تەنانەت ئەم نەریتە چەپەلەیان گەیاندە ناو رەوەندی کوردی لە دەرەوەی وڵات و لە جەرگەی ئەوروپادا لێشاوێک لە ژنان بە بەهانەی پیسی ناموسپەرستی لەسەر دەستی نەریتی کوردایەتی خەلتانی خوێن کران.

- مندالان بێ ناز فریدرانە سەر شەقام و مەیدانی کارەوە، یان کرانە خۆراکی خورافات و داب ونەریتی دینی. ئارەزوەکانی لاوان لە ناو داب ونەریتی دواکەوتوانەو هەژاری و نەداری کەمەرشکیندا ووردبوون و بۆ رزگاربوون لەم مەینەتانەو وێل بوون بەدوای ژیانێکی باشتردا، رێگای جیهێشتنی کوردستانیان گرتە بەر.

- ٣٠ سالی رابردوو لە هەمان کاتدا دەورانی لە محەکدانی دەسەلاتی بورژوا-ناسیونالیستی کورد بوو. بە کردەوە نیشانیاندا دەسەلاتی ئەوان دەسەلاتی خەلک نییە و بواریک بە دەورو دەخالەتی خەلک نادات، هیچ ریگاچارەیەکی کارسازیان بۆ هیچ یەک لە کیشەکانی کۆمەلگە نییە،

هەلبژاردن روپۆشیکە بۆ دەسەلاتی داسەپاویان، یاسا ناویکە بۆ ئەو قەیدوبەندانەی کە بۆ غەیری خۆیان دایدەنین. هەمان یاساکانی پیشووی رژیمی بەعسیان پەسەندکردەوە.

* * *

٣٠ سالی رابردوی دەسەلاتی بورژوازی کورد بە کردەوە ئەو راستیەی سەلماند کە کۆمەلگای کوردستان یان دەبێ ئەم بزوتنەوەیە و حزبەکانی تیپەڕێنێ یان دەبی هەمیشە چاوەروانی نەهامەتی و کارەسات و بێدەرەتانی بێت. ئەمە دروسترین ئەنجامیگیریە لە ٣٠ سالی رابردو. ئیستاش لە هەناوی هەلومەرج و ئالوگۆرە جیهانی و ناوچەیەکاندا، ئەم دەسەلات و حزبانە لەگەل دەورەیەکی تر لە ئاسۆتەنگی بەرەوروون و دەیانەوێ کۆمەلگا راپێچی داهاتویەکی تەلخ بکەن. بۆیە داهاتویەکی درەخشان و دەستەبەرکردنی ماف و خۆشگوزەرانی و ئاسایش و ئارامی، بەر لە هەموشت بەندە بە کۆتایهینانی ئەم دەسەلاتە ستەمکارە و بەرپاکردنی دەسەلاتیکی شۆڕشگیرانەی پشتبەستوو بە ئیرادەی راستەوخۆی خەلک.

ئەو بزوتنەوە نارەزایەتیە جەماوەریەی کە چەندین سالە بە خواستی کۆتایهینان بە دەسەلاتی گەندەل و ستەمکاری ئیستاوە، پێی ناوەتە مەیدانەوە و رۆژ لە دوای رۆژ پەرە دەگرێ و نەشونما دەکات، ئەم کارەی مەیسەر کردوە. ئەم بزوتنەوەیە بۆ ئەوەی بە ئامانجەکانی بگات پێویستی بەوەیە لە دەوری ئاسۆ و بەدیل و رابەریەکی شۆڕشگیرانە بەرەو سەرکەوتن ئاراستە بگرێت. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لەو پێناوەدا عەزمی جەزم کردوە. بەلام ئەم خەباتە تەنها بە بەشداری و ریزبەستنی جەماوەری کریکاران و ئازادیخوازان و ژنان و لاوان لە دەوری ئەم بەدیلە لە پرۆسەی خەباتێکی سیاسی و کۆمەلایەتیدا دەتوانی بە سەرکەوتن بگات.

دەعوانامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان..

کۆنگرەی پێنجەمی حزب بە ئیرادەیەکی بەهێزەوە پێداگری لەسەر بە ئەنجام گەیاندنی ئەم رەوەندە دەکات و بانگەوازی جەماوەری تینوی ئازادی و خۆشگوزەرانی دەکات بۆ کۆبونەوە لە دەوری ئەم ئاسۆیە.

**کۆنگرەی پێنجەمی**

**حزبی کۆمۆنستی کرێکاری کوردستان**

**ناوەڕاستی دیسەمبەری ٢٠٢١**

# بڕیارنامە دەربارەی:
# بزوتنەوەی کرێکاری و سەرخەتی ئەرکەکانی ئەم دەورەیەی حزب

**بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە:**

- بزوتنەوەی کرێکاری لەئێستادا لە سەنگەری بەرگری ولاوازدایە بەرامبەر بەهێرشی حکومەت و سەرمایەداران، هێشتا خاوەنی ڕێکخراوەی سەربەخۆ و بەهێز نیە و بێبەشە لە ڕابەران وهەڵسوڕاوانێکی ناسراو و بەرجەستە ،بە تایبەت لە ئاستی سەراسەریدا. مەیلی سۆسیالیستی لە دەرونی ئەم بزوتنەوەیەدا لاوازە. ناڕەزایەتی و شێوەکانی خۆنواندنی ئەم بزوتنەوەیە لەچوارچێوەی ناڕەزایەتی کارگەیی و ڕشتەیی و مانگرتنی ماوەکورت و نۆبەتی قەتیس ماوەتەوە.
- خەبات و ناڕەزایەتی ڕۆژانەی ئەم چینە هەرچەندە پەرتوبڵاو و ناڕێکخراویش بێت، بەڵام یەکەمین سەنگەری ئەم چینەیە بەرامبەر بەهێرشی بەردەوامی بورژوازی. ئەم خەباتە لەم ساڵانەی دواییدا بزوتنەوەی کرێکاری بەرەو دۆخێکی تازە بردووە. مانگرتن و دەست

لەکارکێشانەوە، دانی یاداشتنامە بەحکومەت و گفتوگۆی نوێنەران لەگەڵ خاوەنکار و کۆمپانیاکان تا دەستبردن بۆ مانگرتن وبەستنی ڕیگاکان، لە ناوەندەکانی کار وبەڕێوەبەرایەتیەکاندا، شێوەکانی خۆنواندنی ئەم بزوتنەوەیە بووە لەچەند ساڵی ڕابردوودا.

- داخوازیەکانی کرێکاران لەم خەباتە ڕۆژانەیەدا بەزۆری بریتی بوون لە؛ خواستی دامەزراندن، دەرماڵە، هەمیشەیی کردنی گرێبەستی کار، مافی خانەنشینی، باشکردنی هەلومەرجی کار، دژی لێبڕین وپاشەکەوتی زۆرە ملێی موچە، دژ بە بڕینی دەرماڵە و نەدانی قازانجی ساڵانە، دژی لەسەرکار دەرکردن وسزادان لەلایەن خاوەنکار و خاوەن کۆمپانیاکانەوە، دژی سیاسەتی لێگرتنەوەی ئابوری و ئاوەڵاکردنی دەستی کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت و ژێرپێنانی سەرەتاییترین مافەکانی کرێکاران.
- گۆڕینی هێزهاوسەنگی ئێستا بە قازانجی چینی کرێکار لە گرەوی خەباتێکی یەکگرتوو و ڕێکخراو و سەراسەری ئەم چینەیە لە دەوری داخوازیە سەراسەری و هابەشەکانی خۆی. خەباتی ئابوریو ڕۆژانە بەردی بناغەی هوشیاری چینایەتیە. کرێکاران لە جەرگەی ئەم خەباتەدا دەستیان بە هوشیاری چینایەتی دەگات و پەی بە پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیان دەبەن. ئەم هوشیاریە چینایەتیە مەرجی سەرەکیە بۆ دەستڕاگەیشتن بە هوشیاری سۆسیالیستی و خەباتێکی ڕێکخراو و یەکگرتو لە پێناو ئازادی و یەکسانی و ڕیشەکێش کردنی چەوسانەوەدا.
- ناکۆکی و دووبەرەکی هۆکارێکی پەرتوبڵاوی ڕیزی چینی کرێکارە. دابەشکردنی کرێکاران بە کرێکاری ژن و پیاو، کرێکاری حکومی و

ئەهلی، کرێکاری ناوخۆو هاتوو، دیاریکردنی مافەکانیان لەسەر بنەمای ئەو جیاکاریانە، مایەی دوبەرەکین لە ڕیزەکانی ئەم چینەدا. بە تایبەت لەم ساڵانەی دواییدا کە دەیان هەزار کرێکاری هاتوو لە کوردستاندا، کە لە هەلومەرجێکی زۆر سەخت و دژواردا بە کرێیەکی کەم کار دەکەن، بەڵام بەهۆی برەوی ناسیۆنالیزم و قورسایی نەریت و ئاسۆ بورژوازیەکان لەسەر کرێکاران، وەکو هۆکاری دابەزاندنی کرێ و پەرەسەندنی بێکاری تەماشا دەکرێن. ئەمەش بوتە مایەی دژایەتی کردنی کرێکاری هاتوو لەلایەن کرێکاری ناوخۆوە.

- بارودۆخی گشتی ئێستای کۆمەڵگەی کوردستان بە تایبەتی بارودۆخی سیاسی، لە گێژاوی سیاسی بەرامبەرکێی نیوان حکومەتی هەریم و دەسەلاتی ناوەندیەوە تا کێشمەکێشی دەسەڵاتی میلیشیایی و ناوچەیی یەکێتی و پارتی، تا گرێدانەوەی دامەزرانی کریکاران بە تەزکیەی حزبی، نەبوونی هیچ یاسا کارێک کە مافەکانی کرێکارانی دیاری کردبێت... قورساییەکی زۆری کردوە لەسەر هەلومەرجی کار و بزوتنەوە و خەباتی ڕۆژانەی چینی کرێکار.
- حزبە بۆرژوا ناسیۆنالیست و ئیسلامیەکان بە دەسەڵاتدار و ئۆپۆزیسیۆنەوە، هەوڵدەدەن لەرێگای پەرەدان بە گیانی ناسیۆنالیستی و نەریت و ئاسۆ بورژواییەکان لە ناو کرێکاراندا، چینی کرێکار و بزوتنەوەی کرێکاری چەواشەو دەستەمۆی سیاسەتەکانی ئەم حزبانە و مەیلە بۆرژواییەکان بکەن. بەتایبەتی حزبە دەسەلاتدارەکان لەرێگای رێکخراوەو سەندیکاکانی سەربەخۆیانەوە دەیانەوێ ئەم سیاسەتە دژی کرێکاریانە بەرەوپێش بەرن.

**وەک ئەنجامگیریەک لەو خاڵانەی سەرەوە:**

بەڕێکەوتنی خەباتێکی سەرکەوتوانەی ڕۆژانە و فروانی چینی کرێکار لە دەوری داخوازیە دەمودەستە ئابوری و سیاسیەکانی خۆی، هەروەها پێکهاتنی ڕێکخراوە جەماوەریەکانی کرێکاران و یەکگرتوکردنی ڕیزی چینایەتی کرێکاران، گرنگترین مەرج و هەنگاوەکانی پێشرەوی ئەم بزوتنەوەیەن. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لەم پێناوەدا پێداگری لەسەر ئەم ئەرکانەی خوارەوە دەکات:

١/هەوڵدان بۆ ڕێکخستن و بەسەرکەوتن گەیاندنی خەباتی ڕۆژانەی چینی کرێکار و پشتیوانی لە داخوازیەکانی ئەم خەباتە لە پێناوی باشکردنی هەلومەرجی کار و ژیان. یەکگرتووکردنی ئەم خەباتە لەدەوری داخوازیە دەستبەجێ و سەراسەریەکان.

٢/ هەوڵدان بۆ پێکهاتنی ڕێکخراوەی جەماری کرێکاریەکان، لە شورا و یەکێتی و سەندیکاوهەرجۆرە ڕێکخراوەیەکیتردا، هەروەها پشتیوانی لەهەر ڕێکخراوەیەکی سەربەخۆ کە لەلایەن کرێکاران خۆیانەوە پێکدیت.

٣/ بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە کۆبوونەوەی گشتی وهەڵبژاردنی نوێنەران، کارسازترین و لە هەمان کاتدا جێکەوتەترین شێوازی خۆنواندن ویەکگرتووی کرێکاران بووە لەناڕەزایەتیەکانی ئێستادا، کۆمەک بە بەڕێخستنی بزوتنەوەی کۆبونەوەی گشتی لەجەرگەی خەباتی ڕۆژانە و پێکهاتنی ڕێکخراوەی پشتبەستو بە کۆبونەوەی گشتی بەردەوام، وەکو شێوازێکی بەهێزی خەبات و دەخاڵەتی بەردەوامی جەماوەری کرێکاران و ئامرازێکی کارا لە ڕێکخستنی ناڕەزایەتی کرێکاریدا.

٤/ خەبات بۆ یەکگرتوکردنی ڕیزی چینایەتی کرێکاران وبەرجەستەکردنی گیانی هاوچارەنوسی نێوان کرێکارانی ناوخۆ و کرێکارانی هاتوو، هەروەها

بەهێزکردنی هاوخەباتی و هاوپشتی لەگەڵ کرێکارانی عێراق وناوچەکەو جیهان، هەوڵدان بۆ ڕاکێشانی پشتیوانی جیهانی و ڕێکخراوە کرێکاری و ئازادیخوازەکان، بۆ کرێکارانی کوردستان.

٤/ یەکگرتوکردنی خەباتی ڕۆژانەی چینی کرێکار لە دەوری پالاتفۆرێکی سەراسەری کە گرنگترین خواستە گشتیەکانی ئێستای ئەم چینە بگرێتەبەر وەکو: زیادکردنی کرێ بەپێی گرانی، بەهەمیشەیی کردنی گرێبەستی کار، مافی خانەنشینی، باشکردنی هەلومەرجی کار، دانی موچە لە کاتی خۆیدا و گێڕانەوەی موچە کەڵەکە بوو نەدراوەکان، دانی دەرماڵەی ساڵانە لەکاتی خۆیدا، دابینکردنی پێداویستیەکانی سەلامتی هەلومەرجی کار، قەدەغەی لەسەرکار دەکردنی کرێکاران بەهەر بیانویەک بێت. کۆتایی هێنان بە سیاسەتی لێگرتنەوەی ئابوری و باجوخەراج، بیمەی بێکاری بۆ هەموو بیکارانی بانتر لە ١٦ ساڵ.

٥/ بەرگری لە گیان و کاری ڕابەران و هەڵسوڕاوانی کرێکاریی و نوێنەرانیان. وەستانەوە دژی هەر پیلان و دەستدرێژیەکی دەزگاکانی حکومەت و خاوەنکار و کۆمپانیاکان بۆسەر هەڵسوراوان و قسەکەران و نوێنەرانی کرێکاری، بەرگری لە کارو حورمەتی ئینسانی وکەسایەتیان.

٦/ خەبات بۆ سەپاندنی یاسای کارێکی پێشڕەوانە کە مافەکانی کرێکاران بە ستانداردێکی مودێرن دیاری بکات و باشبژێوی کرێکاران دەستەبەر بکات. بە تایبەت؛ مافی دەربرینی نارەزایەتی و مانگرتن، مافی ڕێکخراوبون، لانی کەمی کرێ، سەعاتی کاری هەفتانە، نوێنەرایەتی کرێکاران بۆ گفتوگۆ لەگەڵ خاوەن کار و دەوڵەت، بیمەی بێکاری، سەلامەتی شوێنی کار و پشو و مۆلەت و.....

٧/ بەهێزکردن و مونسەجیم کردن و یەکگرتوکردنی مەیلی سۆسالیستی

دەرونی چینی کرێکار، لە دەوری ئاسۆیەکی ڕۆشن و ئاڵایەکی سیاسی کۆمۆنیستی، وەکو پێشمەرجی کاریگەری ئەم مەیلەیە لەسەر یەکگرتوکردنی ڕیزەکانی چینی کرێکار و پێشرەوی خەباتەکەی. هەوڵدان بۆ پێکهێنان و بەرفراوان کردنی ئەڵقە و کۆڕ و کۆمەڵی کۆمۆنیستی و پێکهێنانی کۆمیتە کۆمۆنیستیەکان لەئاستی ناوەندەکانی کار و بەهێزکردنی تەحەزوبی کۆمۆنیستی.

٨/ ڕەخنەگرتن و پەردەهەڵماڵین لەنەریت و مەیلە بورژوازیەکان و ڕێکخراوەکانی سەر بە حزبە دەسەڵاتدارەکان لە ناو کریکاراندا، بردنەسەری هوشیاری سەربەخۆی چینایەتی کرێکاران بۆ سنوربەندی لەگەڵ ئەو مەیل و ئاراستانەدا.

٩/ هەوڵدان بۆ بەهێزکردنی پێگەی چینی کرێکار لە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و وگێرانی رۆڵی پێشرەوانە بۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێرانە و دەستەبەرکردنی هەژمونی سیاسی ئەم چینە و ئاسۆی سۆسیالیستی بەسەر ڕەوتی خەباتی جەماوەری بۆ وەلانانی دەسەڵاتی ئیستا.

کۆنگرەی پێنجەمی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان لەگەڵ پێداگری لەسەر ئەم ئەرکانە، ڕابەری حزب ڕادەسپێرێ لەسەر ئەم مەیدانە وەکو مەیدانی سەرەکی هەڵسوڕانی حزب تەرکیز بکات و لەسەر بنەمای ئەم بڕیارنامەیە ئەولەیەتەکانی کاری خۆی دیاری بکات.

**کۆنگرەی پێنجەمی**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

**ناوەڕاستی دیسەمبەری ٢٠٢١**

# پەیامەکان

# پەیامی کۆنگرەی پێنجەمی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بۆ چینی کرێکار!

**هاوڕێیانی کرێکار!**

سڵاوی خەبات و تێکۆشانتان لە کۆنگرەی پینجەمەوە ئاڕاستە دەکەین.

**هاوڕێیان!**

کۆمەڵگەی کوردستان لە سەروبەندی ئاڵوگۆڕێکی گەورەدایە. جەماوەری بێبەشی کوردستان، هاتونەتە مەیدان. کارگە و کارخانە و ناوەندەکانی کار تا دەگاتە شەقامی شارەکان و هەموو گۆشە و کەنارێکی ئەم کۆمەڵگەیە سەرڕێژە لە تورەیی و نارەزایەتی فراوانی جەماوەری لەپێناو خواستە رەوا و رۆژانەیی و سنفی و دەستبەجێکانیان و هاوکات بۆ کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی تالانچی بزووتنەوەی کوردایەتی لە پێناو "نان و ئازادی و ئایندەیەکی سیاسی رۆشن" دا.

لە هەلومەرجێکی ئاوادا، چینی کرێکار و بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری پێویستە زامنی ئەوە بکات کە خەبات بۆ کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی

بۆرژوازی کورد، لە ڕێگای سەراسەری کردنەوەی ناڕەزایەتیەکان و ڕێکخراوبوون و بەدەستەوەگرتنی ئاسۆیەکی شۆڕشگێڕانەوە، بەخێرایی و بە کەمترین دەردەسەری و قوربانیدان، بچیتە پێشەوە. بۆ ئەم مەبەستەش چینی کرێکار و کۆمۆنیستەکان دەبێت ببنە ڕابەری ڕامالێنی ئەم دەسەلاتە نەگریسەی سەرمایە و سەرمایەداری.

**هاوڕێیانی کرێکار!**

بزووتنەوەی کرێکاری و جەماوەری لەگەڵ ئەوەدا بۆ ڕامالێنی دەسەلات لە مەیداندایە، هاوکات ئەرکێکی هەرە گرنگ و چارەنووسسازی بۆ جێخستنی ئەلگۆ و جۆرێکی تری دەسەلاتداریێتی لە ئەستۆیە، کە زامنی خۆشگوزەرانی و ئازادی و گێڕانەوەی شکۆ بۆ تاکەکانی مسۆگەر بکات، ئەوەش لە گرەوی ئەوەدایە کە خەبات و تێکۆشانی ئێستا، لەژێر ئالا و ئاسۆیەکی سیاسی شۆڕشگێڕانەدا بچێتە پێشەوە.
ئایندەی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و خۆشگوزەران و ئینسانی و بەرابەر، لە ئێستاوە بینا دەکرێت. ئەوە لە تواناداکە کۆمەڵگەی خاڵی لە ستەم و چەوساندنەوە، خاڵی لە هەژاری و گرانی و بێکاری، خاڵی لە سەرکوت و بێمافی، خاڵی لە چینی بالادەست و ژێردەست، خاڵی لە خورافە و هەلاواردن و نەریتی کۆنەپەرستانە و دواکەوتوو، بە کورتی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی بینا بکرێت. کۆنگرەی پێنجەمی حزب لەسەر ڕۆڵ و نەخشی چینی کرێکار و کۆمۆنیزمی کرێکاری بۆ ڕابەری بزووتنەوەی کۆتاییهێنان بە دەسەلاتی ئێستا و بیناکردنی ئاییندەیەکی ئازاد و بەرابەر و خۆشگوزەران لە کوردستاندا پێداگری کردەوە.

## پەیامی کۆنگرەی پێنجەم بۆ چینی کرێکار

**هاوڕێیان!**

دەسەڵاتی بۆژوازی کورد، لەگەڵ ئەزمەیەکی قوڵی دەسەڵاتداریتی و بێ ئاسۆیی سیاسی بەرەو ڕووە، بن بەستە لە وەڵامدانەوە بە خواست و داواکارییەکانی کرێکاران و جەماوەری ملیۆنی خەڵکی کوردستان. ئەم دەسەڵاتە لە هەموو مەیدان و زەمینەیەکی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و تەنانەت فەرهەنگیدا، شکستی خۆی نیشانداوە. جەماوەری کوردستان هیچ متمانەیەکیان بەو دەسەڵاتە نەماوە و ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازیش زۆر لەوە شکستخواردووتر و بودەڵەترە ئەو دەسەڵاتە لە داڕوخان رزگار بکات، یان بتوانێت ڕێگایەک بۆ چاکسازی بخاتە ڕوو. هەر ئەو واقعیەتە بوار دەدات بە چینی کرێکار و کۆمۆنیزم کە ڕۆڵی شایستەی خۆی بۆ سازدان و ڕێکخستن و ڕابەریکردنی شۆڕش بۆ هەڵپێچانی دەسەڵاتی ئێستا بگێڕێت و کۆمەڵگەیەکی تر بینابکات، کە ئیرادە بۆ ئینسان بگێڕێتەوە و دنیایەکی باشتر دابمەزرێنێ.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان ئاڵاهەڵگری دامەزراندنی ئەو دنیا باشترەیە، بۆیە بە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان و بە حزبی بەرپاکەری شۆڕشی کرێکارییەوە، پەیوەست بن .

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاریی!**

**کۆنگرەی پێنجەمی**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

**١٧ و ١٨ ی دیسێمبەری ٢٠٢١**

# پەیامی کۆنگرەی پینجەمی حزب بۆ گیراوەکانی بادینان و کەسوکاریان!

**هاوڕێیانی زیندانی!**

کۆنگرەی پینجەمی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری سڵاوی گەرمی خەبات و بەرگریتان ئاراستە دەکات...

ئێوە کە زیاتر لە ساڵێکە بە تۆمەتی پوچ و بێبناغە و بێ دادگایی لە زینداندا ڕاگیراوان، یان ئەوانەتان کە دوای زیاتر لە ساڵێک و لە دادگایەکی سیاسی ناسەربەخۆدا بە بڕیاری دەستڕۆیشتوانی حزب هێڵرانەوە و لە ژێر گوشاری ناوخۆیی دەرەکیدا ئازادکراون، نیشانەی بەهێزی دەسەڵات نییە، بەڵکو ترسە لە ڕاپەڕین و شۆڕشی بێبەشان لە پێناو دنیایەکی باشتردا.

دەسەڵاتی سیاسی بۆرژوازی کورد، کە زیاتر لە ٣٠ ساڵە لە ڕێگای دەستبەسەراگرتنی داهاتی خەڵکی کوردستان و بە پشت بەستن بە هێزی چەکدار و خۆبەستنەوە بە وڵاتانی ناوچەکەوە درێژە بە دەسەڵاتی خۆیان دەدەن، کەوتونەتە بەردەم نەفرەت و توڕەیی جەماوەریەوە و ڕۆژ بە ڕۆژیش ئەو نارەزایەتیە بەرینتر دەبێتەوە، خواستەکانی زیاتر دەبێت و لە

ئێستادا خواستی ڕامالێنی ئەو دەسەڵاتە، بۆتە ویستێکی کۆمەلایەتی فراوان. سەرکوتی خۆپیشاندانەکان، لە ڕێگای تۆمەت بەخشینەوە و سیناریۆ بۆسازکردن، نانبڕین و ڕاوەدوونان و زیندانی کردن، تا دەگاتە کوشتاری خۆپیشاندەران... بەڵگەی دیکتاتۆر بوون و دژە ئازادی بوونی ئەو دەسەڵاتەن و هاوکاتیش بەڵگەی مەرگی ئەو دەسەڵاتە نیشان دەدەن.

ئێوە کە بۆ بەرگری لە ژیان و گوزەرانی خۆتان و جەماوەری بێبەشی کوردستان، وە لەپێناو خواستە ڕەواکانیاندا بەشداریتان لە ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەکاندا کرد، نەک تاوانێکتان نەکردووە، بەڵکو بە ئەرکی خەباتکارانەی خۆتان بۆ خواستی زۆر ڕەوا و سادە هاتونەتە مەیدان.

ڕۆڵی خەباتکارانەی ئێوە جێگای ستایش و پشتیوانی هەموو ئینسانێکی ئازادیخواز و تێکۆشەرە... زیندانی کردنی ئێوە، تۆمەت بۆ داتاشینتان، ڕاگرتنتان بۆ ماوەی زیاتر لەساڵێک بێ دادگایی، تا دەگاتە بە سیاسیکردنی دۆسیەکەتان و پرۆسەی دادگاییکردن، ترسە لە ئیرادەی ئێوە و جەماوەری فراوانی خەڵکی کوردستان.

ئێوە لە دڵی تورەیی و نەفرەتی ملیۆنی جەماوەریدا بە دژی دەسەڵات، لەناو قەڵا و قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی پارتیدا، تەلیسمی ترس و تۆقاندنتان بەچۆکدا هێنا، و بوونە سمبولی ئازادی و ئازادیخوازی.

ئێمە لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، لەم کۆنگرەیەدا لەگەڵ ئەوەدا پێداگری لەسەر ئازادی سیاسی بێ قەید و شەرتی سیاسی، ئازادی خۆپیشاندان و مانگرتن و کۆبوونەوە، ئازادی بەیان و ڕادەربڕین دەکەینەوە، هاوکات جارێکی تر دوپاتی دەکەینەوە کە بە هەموو توانامانەوە لە ئاستی ناوخۆ و دەرەوە بۆ ئازادکردن و قەرەبووکردنەوەی مادی و مەعنەوی خۆتان و کەس و کارتان، تێبکۆشین و بەردەوام بین. وە هاوکات

## پەیامی کۆنگرەی پێنجەم بۆ گیراوەکانی بادینان..

سڵاوی خەباتکارانە ئاڕاستەی کەس و کارە تیکۆشەرەکەتان و تەواوی بەرەی ئازادیخواز و تێکۆشەری کوردستان دەکەین، کە سەربەرزانە بە ڕووی دەسەڵات و تۆمەت و دادگا و سیناریۆکانیاندا، ڕاوەستاون.

**کۆنگرەی پێنجەمی**
**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**١٧ و ١٨ ی دیسێمبەری ٢٠٢١**

# پەیامی کۆنگرەی پێنجەمی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بۆ فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی

هاوڕێیان هەڵسوڕاوان و سکرتێری فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی!

کۆنگرەی پێنجەمی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان پەیامی پشتیوانی و پشگیری تەواوی خۆی بۆ هەوڵ و تەقەلایەک کە ئێوە لە ڕاستای بەهاناوەچوونی خەڵکی ئاوارە و کۆچبەری کوردستان لە ئەستۆتان گرتوە، دەنێرێ و لە کەنارتاندا ڕادەوەستێت. خەباتێک کە ئێوە بۆ ڕزگارکردنی کۆچبەرانی کوردستان لە میحنەتێک کە تێی کەوتون هاوکات هەوڵەکانی ئێوە بۆ بەدەستهێنانی مافی پەنابەری و دەستڕاگەیشتنی پەنابەرانی کوردستان بە ژیانێکی ئاسودە و هەوڵەکانتان بۆ گێرانەوەی تەرمی قوربانیەکان بۆ لای کەسوکاریان و کۆمەکتان بە دیپۆرتکراوەکان تا ژیانیکی ئاسایی دەستپێبکەنەوە...، لەپاڵ کارە مرۆڤدۆستانەکانی ترتاندا، بۆ ئێمە و خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان جێگای تەقدیر و ستایشە.

## پەیامی کۆنگرەی پێنجەم بۆ فیدراسیۆنی سەراسەری ..

**هاوڕێیان!**

ئێمە و خەڵکی کوردستان ئەو ڕاستیەمان لەبەرچاوە کە دیاردەی ئاوارەیی و کۆچ و ڕووکردنە هەندەران، کردەیەکی ئیجباریە و خەڵکی کوردستان بەهۆی دەسەڵات و سیستمێکەوە کە چینی دەسەڵاتدار بەسەر خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشدا دایسەپاندووە و ئەوانی ڕووبەڕوی بێکاری و گرانی و سەرکوت و دەیان دەردەسەری تر کردۆتەوە، هاوکات خودی ئەوەی کە دەوڵەتانی ئەوروپا و سیاسەتەکانیان ئەم ناوچەیەیان کردۆتە مەیدانی جەنگ و کاولکاری و نائارامی، دیاردەی کۆچ و پەنابەرییان کردۆتە بژاردەیەکی ناچاری لەبەردەم خەڵکی کوردستاندا. لە دۆخێکی ئاواشدا، هەوڵ و تێکۆشانی ئێوە بۆ دەربازکردنی گەنجان و خەڵکی ئاوارە و کۆچبەر لەو میحنەت و کارەساتەی کە تێیکەوتوون، بەهەق کارێکی ئینسانی و مەسئولانەیە. هەر بۆیە خەباتێک کە ئێوە لەسەری ڕاوەستاون، بەشێکە لە خەبات و تێکۆشانی مەحرومانی کۆمەڵگا بۆ ڕزگاربوون لە دۆخی کارەساتباری ژێرسایەی دەسەڵاتداریێتی بۆرژوازی کورد و گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی ئارام و ئاسودە و خۆشگوزەران. لەم ڕوانگەیەشەوە ئێمە و خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان وەک چرایەکی پڕ ئومێد و سەنگەرێکی بەرگری، لە فیدراسیۆن و تەقەلایەک کە گرتویەتیەبەر دەڕوانین. پایەدار و برەوداربێت هەوڵ وتێکۆشانتان ..

**کۆنگرەی پێنجەمی**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

**١٧ و ١٨ ی دیسێمبەری ٢٠٢١**

# پەیامی كۆنگرەی پێنجەمی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی كوردستان بۆ خوێندكارانی ناڕازی

**خوێندكارانی ناڕازی!**

خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیەكانی ئەم دواییانەی ئێوە بۆ داخوازیە ڕەواكانتان لە چەشنی دەرماڵە و باشبژێوی و چاككردنی بەشە ناوخۆییەكان مایەی پشتیوانی ئێمە و تەواوی خەڵكی كرێكار و بێبەش و ئازادیخوازان بوو.

ناڕەزایەتیەكانی ئێوە كە هەم بە شێوەیەكی فراوان و تا ڕادەیەك سەراسەری هاتە مەیدان و هەم بەو جۆرەش بە بەرفراوانی لەلایەن خەڵكی هەژار و بێبەشەوە پشتیوانی لێكرا، بەشێكە لەو ناڕەزایەتیە گشتیە جەماوەریەی كە ساڵانێكە لە دژی ئەم دەسەڵاتە مشەخۆرەی كە نوێنەرایەتی سەرمایەداران و چینی باڵا ئەكات، بەڕێكەوتووە بۆ دابینبوونی موچە و كار و ژیانێكی باش و ئاسودە و هەبوونی خزمەتگوزاری تەندروستی و خوێندن و ئاو و كارەبا و.... هتد.

لە ڕوانگەی ئێمە هەمووانەوە كە هاوبەرژەوەندین، ئەم دەسەڵاتە وەك هۆكاری سەرەكی موسیبەتەكانمان، تەنها قابیلی ئەوەیە كە بەڵاكەی لەسەر

## پەیامی کۆنگرەی پێنجەم بۆ خوێندکارانی ناڕازی

سەری ئەم کۆمەڵگەیە لاببەین. بەڵام پێویستە خەبات بۆ وەلانانی ئەم دەسەڵاتە هاوشان و هاوتەریبی ئەو خەباتە جەماوەریە ببینین کە سەرئەنجام چارەنووسی ئەم کۆمەڵگەیە لە دەستی ئەوان دەردێنێ و ئەیخاتە دەستی خەڵکێکی بێبەشەوە کە ئەتوانن دەسەڵات و ژیانی کۆمەڵگە بەشێوەیەکی یەکسان بەڕێوەبەرن.

جولانەوەی ئێمە بۆ سەپاندنی داخوازیەکان بۆ دەرماڵە و باشبوونی هەلومەرجی بەشە ناوخۆییەکان و دابینبوونی سیستمێکی خوێندنی مۆدێرن و پێداویستیەکانی بە خێرایی، پێویستی ئەوە ئەخاتە بەردەممان کە ڕیزەکانمان لە ئاستی گشت شار و شارۆچکەکاندا یەکگرتوو و ڕێکخراو بکەین. ئەمە زامنی سەرکەوتنی نارەزایەتیەکان و بەدیهاتنی خواستەکانمانە. هاوکاتیش هەنگاوێک لەگەڵ نارەزایەتی گشتیدا بۆ وەلانانی ئەم دەسەڵاتە ئەمانباتە پێشەوە.

کۆنگرەی پێنجی حزب جارێکی تر پشتیوانی خۆی بۆ نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی خوێندکاران ڕائەگەیەنێ و بە تەواوی توانایەوە بۆ بە سەرکەوتن گەیاندنی تێئەکۆشێ.

بۆ پێشەوە لە پێناو دابینبوونی پێداویستیەکانی خوێندن و ژیانێکی شایستە بۆ خوێندکاران

**کۆنگرەی پێنجەمی**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

**١٧ و ١٨ ی دیسێمبەری ٢٠٢١**

# بەدەستهێنانی کاری گونجاو بە موچەی شایستەوە خواستی هەموومانە!

## پەیامی کۆنگرەی پێنجەمی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، بۆدەرچوانی زانکۆ و پەیمانگاکان و لاوانی ئامادەبەکار!

**دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگاکان، لاوانی ئامادەبەکار!**

کۆنگرەی پێنجەمی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لە ڕۆژانی ١٧و ١٨ی دیسێمبەری ٢٠٢١، بەڕێوەچوو. لەو سۆنگەیەوە کە بارودۆخی ناهەموار و پڕ لە زوڵم و ستەمگەریەک، کە٣٠ سالە لەلایەن چینی دەسەڵاتدارەوە کراوەتە نسیبی خەڵکی بەشمینەتی کوردستان و خەباتێکی لێبڕاوانە کە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بۆ ڕزگاربوون لەم دۆخە گرتویەتیەبەر، کۆنگرەی پێنجەمی حزب بەئەرکی خۆی زانی کە لەسەر هەوڵ و خەباتێک کە ئێوە بۆ بەدەستهێنانی نان و هەلی کار لە یەکسالی ڕابدرووودا دەستتان بۆ بردووە، پەیامی هاوپشتی و پشتیوانی بۆ خەبات و داخوازیە بەرهەقەکانتان بنێرێ و لە کەنارتاندا ڕاوەستێت.

کچان و کوڕانی ئامادەبەکار، ئەی ئەوانەی کە دوای ساڵانیکی زۆر لە هەوڵ

و ماندووبون و تەواوکردنی خوێندن، هێشتا چاوەروانی بەدەستهێنانی کارن، خواستی نان و کار، خواستی هەموومانە و هەر بەمپێیەش هەوڵ و تێکۆشانی ئێوە بەشێکی گرێدراوی جوڵانەوەیەکە کە بۆ نان و کار و مەعیشەت و باشکردنی دۆخی ژیان، هەر رۆژە و لە هەر گۆشەیەکی ئەم کۆمەڵگایەوە، بۆ داخوازیەکی راوە و سەرەتایی یەخەی دەسەڵاتداران دەگرێ. بێگومان ئەوە حکومەت و چینی دەسەڵاتدارە کە لەئاست دابینکردنی نان و قوتی خەڵکی هەژار و برسیدا خۆی بە بەرپرس نازانێ و لەبەرامبەر دابینکردنی هەلی کار بۆ گەنجان و دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگاکان خۆی دەزێتەوە و ئامادە نییە وەڵام بە سەرەتاییترین مافی هاوڵاتیانی ژێردەستی بداتەوە. ئەم حکومەتە وەک ئەوەی نوێنەری چینی سەرمایەدار و خاوەن کۆمپانیاکانە، سیستمێکی بەسەر کۆمەڵگەدا داسەپاندووە، کە تەنهاوتەنها بەرژەوەندی و قازانجی سەرمایەدران و خاوەن کۆمپانیاکان لەبەرچاوبگرێ و ژیان و کار و گوزەرانی خەڵکی بێبەشی کوردستانیش لەبەردەم بازاڕی بێڕەحمی قازانجپەرستی و گەندەڵخۆری مشتێک لە سەرمایەدار و خاوەن کۆمپانیا و کاربەدەستانێکی گەندەڵ و مشەخۆردا، هەڕاج بکات.

بەڵام ئەم دەسەڵات و سیستمە کە سەراپا نوقمی ستەم و ناعەدالەتیە و پێچەوانەیە بە ژیان و بژێوی خەڵکی کوردستان، لە ئێستادا پایەکانی لەرزیوە و گیرۆدەیە بە قەیرانێکی قوڵ وهەمەلایەنە و رۆژ لەدوای رۆژ توانای بەرێوەبردنی کۆمەڵگا لەدەستدەدات. ئەمەش ئەو فرسەتەی خستۆتەبەردەم ئێمە جەماوەری بێبەش و ناڕازی کوردستان، تا چارەنوسی خۆمان لەدەست بگرین و رێگای دەربازبوون لەم دۆخە بگرینەبەر. کۆنگرەی پێنجەمی حزبی کۆمۆنیستی کرێکارانی کوردستان لەگەڵ ئەوەدا

## پەیامی کۆنگرەی پێنجەم بۆ دەرچوانی زانکۆ و..

بەتەواوی تواناوە پشتگیری لە داخوازیەکانتان دەکات، هاوکات بەچاوی ئومێدەوە لە هەوڵ وتێکۆشانتان دەڕوانێ و پێیوایە بەدرێژەدان بەو خەباتەی کە ئێوە دەستتان داوەتێ و بە لێکگرێدانی لەگەڵ خەبات و نارەزایەتیەکانی سەرجەم کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێشدا، دەتوانرێ پێکەوە دۆخی ئیستا بەرەو ئاڵوگۆرێکی شۆڕشگێڕانە و بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و یەکسان و خۆشگوزەران بەرین.
سەرکەوێت هەوڵ وتێکۆشانی جەماوەری ناڕازی بۆ بەدەستهێنانی نان و کار و باشبژێوی

**کۆنگرەی پێنجەمی**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

**١٧ و ١٨ ی دیسێمبەری ٢٠٢١**

## کەناڵەکانی پەیوەندگرتن بەئێمەوە :

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی:

**عوسمانی حاجی مارف**

Mob: 0096499(0)7701570050
Emal: osman_maruf@yaoo.com

سەرۆکی مەکتەبی سیاسی:

**خەسرەو سایە**

Mob: 0096499(0)7701511043
Emal: saya.xasraw@yaoo.co.uk

سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی:

**جەمال موحسن**

Mob: 0047(0) 47276028
Emal: skrtariati.ms@gmail.com

ڕێکخراوی دەرەوەی وڵات:

**دەشتی جەمال**

Mob: 0044(0) 7856032991
Emal: skrtariati.ms@gmail.com

بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر:

**موحسن کەریم**

Mob: 00964(0) 7700475533
Emal: muhsin_km@yahoo.com

www.hkkurdistan.org

**لەبڵاوکراوەکانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

Worker-communist Party of Kurdistan

# Fifth Congress

## Messages and the adopted documents

December 2021